کەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5648) پێنج شەممە 6ی کانوونی یەکەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار

پارەی پترۆ دۆلار گەیشتە پارێزگای دهۆک

167 کۆمپانیا شایستە داراییەکانیان پێ وەردەگرن

جێگری پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، دوێنێ پارەی پترۆ دۆلار گەیشتە پارێزگای دهۆک و بەو بڕە پارەیەش ژمارەیەک پرۆژەی پێ ئەنجام دەدرێت. ئوسمان یونس هێتوتی، جێگری پارێزگاری دهۆک، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ چوارشەممە 2018/12/5 بڕی 7 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار لە پارەی پترۆ دۆلار گەیشتە پارێزگای دهۆک و بەو بڕە پارەیەش 167کۆمپانیا شایستە داراییەکانیان پێ وەردەگرن. گوتیشی: ئەمە دادپەروەرییەکی باشە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە پارێزگای دهۆک دەیکات و خزمەتێکی گەورەیە. جێگری پارێزگاری دهۆک ئاشکراشی کرد، ژمارەیەکی زۆر پرۆژە لە دهۆک ڕاگیرابوون، بەو بڕە پارەیە جارێکی تر هەموو پرۆژەکان دەست پێ دەکرێنەوە.




4

فۆکەسێک لەبارەی کابینەی هەشتەمەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە عەبدولڕەحمان ئاپۆ کرد

سەرۆک بارزانی: بە هۆی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێوان لایەنەکان ئێستا بارودۆخێکی ئاڵۆز بۆ گەلی کورد لە سووریا هاتووەتە ئاراوە



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەسایەتیی سیاسیی کوردی سووریا و ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا عەبدولڕەحمان ئاپۆ کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی خۆشحاڵیی خۆی بە ئازادبوونی عەبدولڕەحمان ئاپۆ لە زیندان نیشاندا و ڕاشیگەیاند کە جێگەی داخێکی زۆرە تێکۆشەرێکی وەک ئەو بەدەستی لایەنێکی کوردی بخرێتە زیندان.

سەرۆک بارزانی هیوای ئەوەی خواست کۆتایی بە ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سووریا بێت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی سووریا و ڕەوشی کورد لەو وڵاتە ئاڵۆگۆڕ کرا و سەرۆک بارزانی وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لەبارەی ئایندەی کورد لە سووریا، جەختی لەوە کردەوە کە خواستی ئێمە بۆ باشتربوونی کێشەی کورد لە سووریا شتێکی تر بوو، بەڵام بە هۆی ڕەفتار و بڕیاری تاکلایەنە و پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێوان لایەنەکان ئێستا بارودۆخێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و پڕ لە گرفت بۆ گەلی کورد لە سووریا هاتووەتە ئاراوە کە ئەمە جێگەی داخێکی گەورەیە بۆ هەموومان.

قایمقامی شنگال: ژمارەی چەکدارەکان لە ژمارەی دانیشتوانی ئێستای ناو شارەکە زیاترن

2

مەسرور بارزانی و ئەحمەد جەربا کۆبوونەوە

بارودۆخی سیاسیی سووریا و ناوچەکە و شەڕی داعش و مەینەتییە مرۆییەکان تاوتوێکران



دوێنێ چوارشەممە 2018/12/5 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شێخ ئەحمەد جەربا، سەرۆکی ڕەوتی ئەلغەدی سووری کرد.

لە دیدارێکدا بارودۆخ و پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوچەکە و شەڕوپێکدادانەکانی نێوان گرووپە جیاجیاکانی سووریا و ڕژێمی سووریا لە لایەک و تیرۆریستانی داعش و مەینەتییەکانی مرۆیی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ دۆخەکە، کە هەموو لایەک هەست بە بوون و ڕۆڵی خۆی لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیارە سیاسییەکاندا بکات.

کرد بۆ کاندیدکردنی وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی لەو ئەرکەیدا بۆ خواست و دووپاتی لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان کردەوە.

لەو دیدارەدا ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەکە بەتایبەتی سووریای دراوسێ خستەڕوو و هانی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی دا تواناکانی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ دۆخەکە، کە هەموو لایەک هەست بە بوون و ڕۆڵی خۆی لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیارە سیاسییەکاندا بکات.

ڕۆحانی: لە سایەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا دوو ساڵ هەناسەمان هەڵکێشا

سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی پشتیوانی خۆی بۆ ڕێککەوتنی ناوەکی لەگەڵ ئەمەریکا دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە لە سایەی ئەم ڕێککەوتنە وڵاتەکەی دوو ساڵە هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشا.

ڕۆحانی کە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی سمنان قسەی دەکرد، باسی ڕێککەوتنی وڵاتەکەی لە ساڵی 2015 لەگەڵ ئەمەریکا کرد. سەرکۆماری ئێران ڕاشیگەیاند کە دانیشتن لەگەڵ ئەمەریکا، بە مانای متمانەپێکردن بە ئەمەریکییەکان نەبووە و هۆشدارییەکانی ڕێبەری ئایینی ئێران عەلی خامنەیی لەو بارەیەوە وەبیر هێنایەوە. حەسەن ڕۆحانی ڕاشیگەیاند کە هیچ کاتێک سەدا سەد متمانەیان بە ئەمەریکا نەکردووە و ڕایگەیاند: ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا باش بوو. هەموو بەرپرسانی ئێرانیش دانیان بەو دانا کە باش بووە، سوودەکانی ئەو ڕێککەوتنەمان لە ساڵانی 2016 و 2017 بینی. بەری بەرهەمهێنان و پێشکەوتن لە بواردکانی بانک، گومرگ، نەوت، پێترۆکیمیا، ئاسمان بینی، لە سایەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا دوو ساڵ هەناسەمان هەڵکێشا.

لە کەرکووک جووتیارانی کورد دژی تەعریب خۆپێشاندانیان کرد

دوێنێ چوارشەممە لە دژی بڕیارەکانی پارێزگارە سەپێنداوەکەی کەرکووک جووتیارانی کورد لەبەردەم پارێزگای کەرکووک خۆپێشاندانیان ئەنجامدا و ڕێکخەری خۆپێشاندانەکەش دەستگیرکرا.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی کەرکووک ڕایگەیاند، لە دژی پڕۆسەی تەعریب کە لە لایەن پارێزگاری سەپێنداوی کەرکووکەوە دەکرێت، خۆپێشاندان کرا و دوای خۆپێشاندانەکەش ڕێکخەری خۆپێشاندانەکە کە جووتیارێکی کورد دەستگیرکرا.

نەقیب گۆران عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە دژی ئەو هەڵمەتە تەعریبەی لە لایەن پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووکەوە بۆ تەعریبکردنی سنووری کەرکووک، بەتایبەت هەردوو قەزای داقووق و دوبز دەکرێت، ڕۆژی چوارشەممە جووتیارانی کوردی ناوچەکە لەبەردەم پارێزگای کەرکووک خۆپێشاندانێکیان بەڕێوەبرد دژی ئەو تەعریبەی دەکرێت و ڕێگری لەوە دەکرێت زەویپەکانیان بەکار بێنن.

نەقیب گۆران عەبدوڵڵا، گوتیشی: جگە لەوەی هیچ وەڵامێکی جووتیارەکان نەدرایەوە، کە بەشێکیشیان جووتیاری تورکمان بوون، هێزەکانی عێراق ڕێکخەری خۆپێشاندانەکەیان دەستگیرکرد. عەبدوڵڵا باسی لەوەشکردووە: ژمارەیەکی یەکجار زۆر زەوی لەو ناوچەیە هەیە کە هەمووی هی کوردە و ئەو عەرەبانەی کاتی خۆی هاوردە کرابوون، سەرجەمیان قەرەبووی ماددەی 140یان وەرگرتووە، بەڵام پارێزگاری کەرکووک دەیەوێت دووبارە ناوچەکە تەعریب بکاتەوە و کوردەکانیش ڕەتیدەکەنەوە.

لۆکا مۆدریچ کۆتایی بەسەردەمی زێڕینی مێسی و ڕۆنالدۆ هێنا

14

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆدەبێتەوە

2

شارەزایان: نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی ئامازەی کوردستانێکی بەهێزن

3

لەسەر ئەساسی رابردوو گفتوگۆ ناکەین

پارتی دەیەوێت بە پێی شایستەی هەڵبژاردن حکوومەت پێکبهێنێت





خەبات/عەلی بانیشاری- هەولێر

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی رایدەگەیەنێت کە پارتی قیتۆی لەسەر هیچ لایەنێک نییە بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێی حکومەتدا. بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەی نوێمی پارتی لە رێگەی لیژنەیەکی حەوت کەسییەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دەکات کە کورسیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە. بەپێی زانیارییەکانی (خەبات) گفتوگۆکان لە دوو هەفتەی داهاتوودا دەست پێدەکەن و چاوەڕوانیش دەکرێت یەکەم لایەن کە پارتی سەردانی بکات یەکێتی بێت، بەو پێیەی ئەو حزبە براوەی دووەمی هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی ئەمسالە. ئەندامێکی لیژنەی دانوستانکاری پارتیش دەڵێ: پارتی لەسەر ئەساسی رابردوو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکاندا ناکات، ئەو بارودۆخەی کە پێشتر هەموو نەخوازراو بووە.

پارتی قیتۆی لەسەر هیچ لایەنێک نییە

کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە(خەبات)ی راگەیاند: پارتی تەنها شاندی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکان دەستنیشانکردووە و هەر لایەنێک ئامادەی گفتوگۆ بێت دەفدی پارتی سەردانی دەکات. گوتیشی: کاتی سەردانیکردنی لایەنەکان دیارینەکراوە. نەجار ئەوەشی گوت: پارتی تەنها لەگەڵ ئەو لایەنانە دانوستاندن دەکات کە کورسیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە. زیاتر لە 65 رۆژ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، بەپێی زانیارییەکان پێکهێنانی کابینەی نوێیش دەکەوێتە پاش سەری ساڵی نوێ.

لە کۆبوونەوەی 3ی ئەم مانگەدا پارتی دێموکراتی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم دەستنیشانکرد، هەرێەک لە(ئازاد بەرواری، هۆشیار زێباری، مەحمود محەمەد، جەعفەر ئیمینکی، هێمن هەورامی، دڵشاد شەهاب، فەرسەت سۆفی) وەکو لیژنەی دانوستاندکار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دیاریکرد. کاکەمین نەجارِ دەڵێت: پارتی قیتۆی لەسەر هیچ لایەنێک نییە بۆ بەشداری لە کابینەی نوێدا. ئەو دەشڵێت: هەر لایەنێک کە پێی خۆشە بەشداری کابینەکە بکات ئێمە ئامادەین، بەڵام هەر لایەنە و بەپێی شایستەی هەڵبژاردن پۆستی لە کابینەی نوێمدا پێ دەدرێت.

حکوومەتی زۆرینە پێکدەهێنرێت

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بەوەشدا پارتی سەردانی ئەو لایەنە سیاسیانە ناکات کە بڕیارياندا بەبنە ئۆپۆزسیۆن. هەرێەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و نەوەی نوێ و شیوعی چەند رۆژێک دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی 30ی9 بڕیارياندا بەشداری کابینەی نوێتەمی حکوومەتی هەرێم نەکەن. کاکەمین نەجارِ دەڵێت: حکوومەتی ئەمجارە زۆرینەی دەبێت و وەکو کابینەی هەشتەم بنکە فراوان نابێت. سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستەکانیش؟ ناوبراو گوتی: هێشتا هیچ پۆستێکی کابینەی نوێ بۆ هیچ لایەنێک یەکلانەبوونەوە.

پارتی لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولدا دروشمی کوردستانێکی بەهێزی هەڵگرتوو و ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەڵێ: لە سەر یەک بە یەکی ئەو بەڵێنانە سوورین کە بە دەنگدەرانی خۆماندا و. هەروەها گوتیشی: پارتی لەم کابینەیەدا کار لەسەر دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز و گرنگیدان بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و باشترکردنی سێکتەری تەندروستی و زیاتر بەرەو پێشبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات. لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ بەغدا؟ کاکەمین نەجارِ گوتی: پاش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی پەیوەندیەکانمان بەغدا چووەتە قۆناغێکی تر.

گوتیشی: سەفەرەکەی سەرۆک کاریگەری زۆر باشی بووە و دەشبێت بۆ داهاتوو پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی باشتر بێت.

پارتی لەسەر ئەساسی رابردوو گفتوگۆ ناکات

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و ئەندامی لیژنەی دانوستانکار دەڵێ: لەسەر ئەسایی بەردەوپێشچوونی گفتوگۆکان بڕیار دەدرێت کە چ لایەنێک بەشدار بێت لە حکومەت و چ لایەنێک ببێتە ئۆپۆزسیۆن. دەشڵێت: ئێمە پێمان وایە دەبێت ئەو هەنگاوانەی لە ئایندەدا پەیوەستن بە حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان رێککەوتنی هەمە لایەنیان لەسەر بکرێت و بەچاورووننی تەواوی تێدابێت. ناوبراو بە (خەبات)ی گوت: ئەو لایەنانەی کە بەشدار دەبن لە حکومەت دەبێت دڵنیایی بدەنە یەکدی کە شەراکەتی راستەقینە لە نێوانیاندا هەبێت. ئەو دەشڵێت: حکومەتی نوێ دەبێت یەکەمجار حکومەتی هاوڵاتی بێت، دواتر لایەنەکان وەکو حکومەتی خۆیان سەیری بکەن و حزبێک تەنها سەیری ئەوە نەکات کە بەرپرسە لە وەزارەتە کە پێیدراوە، یاخود بەرپرسیاریەتیەکە کە بۆ ئەو لایەنە کە سەرۆکایەتی حکومەتی لایە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی ئاماژەی بەوەشدا پارتی لە گفتوگۆکاندا لەسەر سەرجەم وردەکارییەکان رێکدەکەوێت و هەموو پرسێک کە جێگای پرسیار بێت گفتوگۆی لەبارەوە دەکات و هیچ پرسێک بە هەڵپەسێدراوی ناهێڵێتەوە. دڵشاد شەهاب ئەوەشی گوت: پارتی لەسەر ئەسایی رابردوو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنانەکاندا ناکات، ئەو بارودۆخەی کە پێشتر هەموو نەخوازراو بوو، هەندێک لایەن حکومەتیان بەجێهێشت. ئەو هیوای خواست ئەوەی لە رابردوو رووبداوە دووبارە نەبێتەوە، چونکە ئەنجامەکان نە لەسەر حکومڕانی باش بوون نە لەسەر خودی لایەنەکات. ئەندامەکەی لیژنەی دانوستاندکاری پارتی دەشڵێت: بڕوامان وایە کە بڕیار دەدەین لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان لەسەر پڕۆگرامێکی هاوبەش رێکدەکەوین و بەگەشبینیەوە سەیری داهاتوویش دەکەین و نابێت ڕەشبین بین.

د. مەحموود عوسمان: ئەو لایەنەی بەشداریی حکوومەت دەکات پێویستە پابەندی بەرنامەی حکوومەت بێت

دکتۆر مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد دەڵێت، ئەوەی گرنگە کاندیدانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت لە ژێر رێنماییی سەرۆک بارزانی دەبن و سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدای کردووە و دەیەوێت لە ناوخۆش کێشەکان چارە بکات.

سیاسەتمەداری کورد، د.مەحموود عوسمان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پارتی دێموکراتی کوردستان کاندیدانی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و حکوومەت دیاری کردووە و پێویستە دانوستان لە نێوان لایەنەکاندا دەستپێبکات بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتن، هەم لەسەر پۆستەکان و هەمیش لەسەر بەرنامەی حکوومەت و بە شێوەیەک بتوانن حکوومەتی نوێ دروستبکەن و پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمیش لە پەرلەمان بڕیاری لێ بدرێت، کە لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، یان لە ناو خەڵک.

د.مەحموود عوسمان گوتیشی: ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە کە ئەگەر مەسرور بارزانی بێت، یان نێچیرڤان بارزانی بە رێنمایی سەرۆک بارزانی کار دەکەن و سیاسەتی ئەویش ڕوونە و سەردانی بەغدای کردووە و دەیەوێت لە ناوخۆش کێشەکان چارەسەر بکات و خۆیشیان وەکو کەسایەتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن. د. مەحموود باسی لەوەشکرد: من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ حکوومەتی بنکەفراوان نیم و پێویستە حکوومەتی زۆرینە دروست بکرێت، لە ڕابردوو حکوومەتی بنکەفراوان هەڵە بوو، چونکە ناکرێ هەموو خەڵک لە ناو حکوومەت بێت و پێویستە خەڵکانێک ئۆپۆزیسیۆن بن بۆ ئەوەی چاودێریی حکوومەت بکەن، چونکە سیستەمی پەرلەمانی پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی هەبێت، بۆیە ئەو هەنگاوەی پارتی لەوبارەیەوە دەینێت دروستە و زۆر باشە کە باس لە پێکهێنانی حکوومەتی زۆرینە دەکات.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد ئەوەیشی خستەڕوو: حکوومەتی داهاتوو یەکێتی تێیدا بەشدار دەبێت و جارێ دیار نییە کە گۆڕانیش بەشدار دەبێت، یان نا، بەڵام ئەوەی بەشداری پێویستە پابەندی بەرنامەی حکوومەت بێت و نابێ لە ناو حکوومەتیشدا بن و دژایەتیشی بکەن، بۆیە پێویستە پشتگیری لە سیاسەتی حکوومەت بکەن، ئەگەرنا بابینە ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە پێویستە پارتی ئەمە بکاتە مەرج کە ئەمجارە ئەوەی بەشدار بێت پێویستە بەرپرسیارەتی هەڵگرێت.

ناتۆ: ڕووسیا مەترسیی بۆ سەر ناوچەی یۆرۆ دروستکردووە

دوای کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ناتۆ لە بڕۆکسل، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش لەبارەی رێککەوتنی هێزە ئەتۆمییە مەودا ناوەندەکان (INF)ەوە بڵاوکرایەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا جەختکراوەتەوە، کە رێککەوتنەکە ماوەی 30 ساڵە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ناتۆ و هاوپەیمانێتییەکە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی، ڕووسیا بەو سیستەمە مووشەکییە نوێیەی دروستیکردووە، رێککەوتنەکەی پێشێلکردووە و مەترسیی بۆ سەر ناوچەی یۆرۆ-ئەتلانتیک دروستکردووە. لە دەقی ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکەی ناتۆدا هاتووە، ڕووسیا بانگهێشت دەکەین بە تەواوی پابەندی رێککەوتنی هێزە ئەتۆمییە مەودا ناوەندەکان (INF) بێت. ئیدی پارێزگاری کردن لەم رێککەوتنە، دەکەوێتە ئەستۆی ڕووسیا.

ئەمرۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆدەبێتەوە

ناکۆکیی هاوپەیمانی سائیروون و فەتح بۆ دیاریکردنی وەزیری ناوخۆ و بەرگری بەردەوامە



خەبات/عەلی بانیشاری:

بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبێتەوە. ئەندامێکی ئەنجوومەنەکەش دەڵێ: دیارنییە دەنگ لەسەر هەشت وەزیرەکەی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دەدرێت یان نا. دانا شەهید جەزا بە خەباتی ڕاگەیاند: کێشەی هاوپەیمانی سائیروون و فەتح بۆ دیاریکردنی وەزیری ناوخۆ و بەرگری بەردەوامە.

لە کۆبوونەوەی 4ی ئەم مانگەدا هەردوو هاوپەیمانی سائیروون بەسەرۆکایەتی موقەدا سەدر و هاوپەیمانی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری لەسەر دانانی فالح فەیاز بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ نەگەیشتەنە رێککەوتن، هەر ئەوەیش گرژی لەنێو هۆڵی پەرلەمان دروستکرد و کۆبوونەوەکە بۆ ئەمڕۆ دواخرا.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پشکی پارتی گوتیشی: سەرۆک وەزیران ڕاگەیاندووە ئەگەر لایەنە عێراقییەکانیش نەگەنە رێککەوتن ئەو ئامادەییە هیچکام لە هەشت وەزیرەکە بگۆڕێت. سەبارەت کاندیدکردنی دارا نوردین وەکو کوردێکی سەربەخۆ بۆ پۆستی وەزیری داد و هەڵویستی فراکسیۆنی پارتی؟ دانا جەزا گوتی: کێشەمان لەگەڵ هیچکام لە بەربژێرەکان بۆ پۆستی وەزارەتەکان نییە و ئێمە نابینە لایەنگری هیچ لایەنێک.

گوتیشی: ڕۆژی سێشەممە کۆبوونەوەکەمان بایکۆت نەکردووە، ئەگەر دەنگدان بکرایە فراکسیۆنی پارتی دەنگی بە سەرجەم وەزیرەکان دەدا. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا ئەو گرفتەی لەسەر چەند وەزیرێک دروست بووە سیاسییە نەک یاسایی. بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و نەگەیشتنە رێکەوتن تائێستا پۆستی وەزارەتەکانی (ناوخۆ، بەرگری، داد، خوێندنی باڵا، پەروەردە، کۆچ و کۆچبەران، پلاندانان، ڕۆشنبیری) لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی یەکلانەبوونەتەوە.

فەلاح حەسەن بەشداریی لە کۆنگرەی پارتەکەی ئەنجێلا مێرکڵ کرد



فەلاح حەسەن کە گەنجێکی کورد و هاوکات جێگری سەرۆکی لاوانی دێموکراتی جیهانە، بە نوێنەرایەتی لاوانی سیاسیی جیهان بەشداری لە کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی کریستیان دێموکراتی ئەڵمانیا ناسراو بە پارتی CDU کرد.

فەلاح حەسەن بۆ خەبات دەڵێت: وەکو لاوێکی سیاسیی کورد بەختەوەرم کە فەرمی و بە نوێنەرایەتی لاوانی سیاسی و دێموکراتەکانی جیهان لەم کۆنگرە میژووییی و مەزنەدا بەشدارم کە بڕیارە بۆ یەکەمینجار تیایدا ئەنجێلا مێرکڵی راوێژکاری ئەڵمانیا خۆی بۆ سەرۆکی پارتەکە کاندید نەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە فەلاح حەسەن دەشڵێت: ئەمجۆرە کۆنگرانە بۆ ئێمەی کورد گرنگە تا بتوانین پەیامی گەلی کوردستانیش بگەیەنینە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەوروپا، هەوڵی تەواوی خۆشمان دەدەین تا دۆستایەتی زیاتر بۆ کوردستان دەستەبەر بکەین. شایەنی باسە کۆنگرەکە لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت و لە 6 تاوەکو 8ی دیسەمبەر بەردەوام دەبێت.

فەرەنسا: ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی موشەکی بالیستی لە لایەن ئێرانەوە کارێکی تێکدەرانەیە




وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ڕایگەیاند: ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی موشەکی بالیستی مەودا ناوەند لە لایەن ئێرانەوە کە لە توانایدا هەیە کلاوەی ناوکیی هەڵبگرێت، کارێکی تێکدەرانە و ئیستیفزازکردنە. بە گوێرەی دەنگی ئەمەریکا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ئانیس قۆن دەیبێ مۆڵ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: فەرەنسا نیگەرانە سەبارەت بە تاقیکردنەوە موشەکییە بالیستیکییە مەودا ناوەندەکەی ئێران، هەروەها سەرکۆنەی ئەم کارە تێکدەرانەیەش دەکەین، گوتیشیەتی تاقیکردنەوەکە یاسای ژمارە 2231ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێشێلکردووە و داواشی لە ئێران کردووە بەزووترین کات بوەستێت لە هەموو ئەو چالاکییانەی کە پەیوەستن بەو موشەکە بالیستیکییانەوە کە وا دروستکراوان بتوانن کلاوەی ناوکیی هەڵبگرن.

ئەم ژمارەیە بە پشتگیریی دارایی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان چاپکراوە

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/12/6 ژمارە (5648)

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە هەڵسوڕێنەری کاروباری نووسینگەی باڵیۆزخانەی نەرویژ لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: دەرفەتێک بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە ئارادایە و بەغدا و هەولێر پێویستیان بە یەکدی هەیە



دوێنێ چوارشەممە 2018/12/5 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (ڕوار هۆگسدال) هەڵسوڕێنەری کاروباری نووسینگەی باڵیۆزخانەی نەرویژ لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا ژمارەیەک بابەتی پەیوەست بە بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەرێمی کوردستان و نەرویژ لە گشت بوارەکان تاوتوێکرا.

لەو دیدارەدا پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراق گفتوگۆکرا، لەوبارەوە مەسرور بارزانی ئاماژەی بە سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و ئاستوێ پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کرد و ڕایگەیاند، دەرفەتێک بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە ئارادایە و جەختی لەو کردەوە، کە لەو بابەتە بەغدا و هەولێر پێویستیان بە یەکدی هەیە.

هەروەها ئاماژەی بە فەرامۆشکردنی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور و کەموکوڕییەکانی پرۆژەی بودجەی عێراق بەرامبەر مافەکانی هەرێمی کوردستان دا.

لە لای خۆیەوە هەڵسوڕێنەری کاروباری نووسینگەی باڵیۆزخانەی نەرویژ لە عێراق سوپاسی مەسرور بارزانی کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە و پیرۆزبایی بەربژێرکردنی بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێکرد و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ هەرێمی کوردستان خواست، ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان و فرەوانکردنی هاوکاریی و پاڵپشتی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیشاندا.

هۆگسدال وتیڕای بەرزنرخاندنی هاوکاری و ئاسانکارییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ تیمی ولاتەکەی، پوختەیەکی لە کاروچالاکییە مرۆییەکانیان و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بەتایبەتی لە ناوچە خستەڕوو، هەروەها ڕۆڵی ولاتەکەی لە هاوپەیمانی جیهانی دژ بە داعش دووپات کردەوە، کە ئەوان لەو شەڕەدا بەردەوام دەبن.

داقووق.. جووتیارێکی کورد دەستگیر کرا

ئەو جووتیارە کوردە دژی ئەوەبووە عەرەبە هاوردەکان زەویی کوردان داگیر بکەن



جووتیارێکی کوردی خەڵکی سنووری شارۆچکەی داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک، بە هۆی ئەوەی ڕێگر بووە لە داگیرکردنی زەویی کشتوکاڵییەکانی کورد دەستگیرکرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سنووری داقووق، بە خەباتی ڕاگەیاند: جووتیارێکی کوردی خەڵکی گوندی یەنگیجەی تاڵەبانی سەر بە شارۆچکەی داقووق بە ناوی عادل ستار لەلایەن پۆلیسی فیدراڵی عێراقەوە لەسەر بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە بە تۆمەتی ئەوەی خەڵکی هاندراوە دژی عەرەبە هاوردەکان کە دەیانەوێت زەوی جوتیارانی کورد داگیر بکەن.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستەڕوو، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دووجار لە لایەن عەرەبە هاوردەکانەوە هەوڵدراوە کە زەوی جوتیارانی کوردی گوندی یەنگیجەی تاڵەبان داگیر بکەن بەڵام لە لایەن دانیشتوانی گوندەکەوە ڕێگریان لێ کراوە و هەروەها دەستگیرکراوەکەش زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی هەیە و ڕێگر بووە لەپێش عەرەبە هاوردەکان بۆ داگیرکردنی زەوییەکانی.

پێشتر هیوا ڕەشید، بەرپرسی ناوچەی داقووقی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاندبوو، داوەرێکی شۆڤێنی کە کۆنە بەعسیشە لە داقووق هاوکاری عەرەبە هاوردەکانە بۆ داگیرکردنی زەوی جوتیارانی کورد لە سنووری قەزای داقووق.

لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیرکرد و لەوکاتەوە جگە لەوەی دۆخی ئەمنی سنووریکە نالەبارە، عەرەبە هاوردەکان کار بۆ داگیرکردنی زەوی جوتیارانی کورد لە سنووری دەکەن.

شارەزایان: نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی ئاماژەی کوردستانێکی بەهێزن

شارەزایان دەڵێن، چوار ساڵی دابێ، پارتی لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانەوە بە کوردستانێکی بەهێز لە ڕووی خۆشگوزەرانی و بەهێزیی پێگەی لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیقلیمی، چاکسازیی ڕیشەیی، پاداشتی دەنگەکانی هاووڵاتییانی کوردستان دەداتەوە. دڵشاد نامیق، شارەزای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەمبارەیەوە بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: پێکهێنانی کابینەی نوێ، چاوی لەسەرە لە ناوخۆی کوردستان و لە دەرەوە، بێگومان خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییەکەیان لەم کابینەیە بە پلەی یەکەم لە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەوپێیەی پارتی زۆرترین کورسیی پەرلەمانی هەیە و خاوەنی دروشمی کوردستانێکی بەهێز بووە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین پارتی تاکە هێزە کە ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هەموو لایەک دواوە، دانی ناوە بە قەیران و گرفتەکاندا و لە سەختترین ساتەکاندا ئومێدبڕاو نەبووە، هەر بۆیە دوای هەڵبژاردنیش ڕووی ئومێدەکان بە پلەی یەکەم لە پارتییە بۆ گەیاندنی کوردستان بە پلەی بەهێزی، ئێستا بە دیاریکردنی کاندیدانی پۆستی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارتی هەنگاوی یەکەمی بەرەو کوردستانی بەهێز ناوە، ئەمانە پێمان دەڵێن بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی بەهێز، پارتی لە ڕووی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەوە حیسابی خۆی کردووە، بۆیە هەریەکە لە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کاندید کردوون بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت.

شارەزایانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان باوەڕیانوایە، ئەو پێگە بەهێزە دیپلۆماسییەی نێچیرڤان بارزانی هەیەتی، وا دەکات پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە بەهێزی بمێننەوە، نامیق دەڵێت، سەرۆکایەتیی هەرێم کە ڕووی دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیکردنی کوردستانە، دەبێتە دەرگای بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا و کاراکتەری کاندیدی ئەم پۆستەیش کە نێچیرڤان بارزانییە، دەوڵەمەندە بە ئەزموونێکی زۆر لەو ڕووەوە، سەرەڕای سەنگ و کەسایەتیی بەهێزی خۆی.

هەروەها بەرزان عوسمان، مامۆستای زانکۆ، ڕایگەیاندووە: لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پارتی لە بەرنامە و کارنامەی خۆیدا، دروشمی کوردستانێکی بەهێزی هەڵگرتبوو، لە ڕووی ئابووری و ئەمنی و دیپلۆماسی و لە ئێستایشدا کاتێک نێچیرڤان بارزانی بەربژێر دەکرێت بۆ سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی بەربژێر دەکات بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم دوو کەسایەتییە عینوانی کوردستانێکی بەهێزن، کوردستانییان چاویان لەوەیە لە چوار ساڵی ئایندەدا پێگەی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و نێودەوڵەتییەوە بەهێزتر بکرێت، خزمەتگوزاریی پێویستیان پێشکەشبکرێت، گۆڕانکارییش لە هەرەمی دەسەڵاتدا، تایتڵی قۆناخی کوردستانێکی بەهێزە.

هاوکات ئابووریناسان داوا دەکەن لە کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی دەستپێبکات، لەوبارەیەوە، نەوزاد کامیل، سەرۆکی لقی سلێمانی ئابووریناسانی کوردستان، گوتی: پێویستە هەر وەزارەتێک پلانی کورتخایەن و ناوەند و درێژخایەن ئامادە بکات و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە زوویی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بکرێتە بەرنامەی کاری ساڵی 2019دوو داوایش لە پەرلەمان بکرێت، کە یەکەم کاریان تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی بێت کە بە هۆی هەندێک ناکۆکیی حزبی لە خولی چوارەم دواکەوت، هەروەها حکوومەت لەگەڵ دامەزراوە یاسایی و چاودێرییەکانی هەرێم هەماهەنگیی هەبێت و داوایان لێ بکات چاودێریی کارەکانیان بکەن تاوەکو بتواندرێت ڕێگری لە گەندەڵی و ڕۆتینات بکرێت.

قایمقامی شنگال: ژمارەی چەکدارەکان لە ژمارەی دانیشتوانی ئێستای ناو شارەکە زیاترن



قایمقامی شاری شنگال ڕایدەگەیەنێت، ژمارەی چەکدارەکانی شنگال لە ژمارەی دانیشتوانی ئێستای ناو شارەکە زیاترن، کەچی ناتوانن دۆخی ئەمنیی شارەکە بپارێزن و سەلمێنراوە کە ئەوەی بتوانێ دۆخی شنگال بپارێزی، هێزەکانی پێشمەرگەیە، بۆیە گەڕانەوەی ئەوان بۆ سنوورەکە و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال گرنگە.

گوتیشی ئەو هێزانەی کە ئێستا لە هێزەکانی پەکەکە1600 پۆلیسی عێراقی و چەندین هێزی دیکە هەیە، بەڵام ئەوان لە توانایاندا نییە دۆخی ئەمنیی شنگال و دەوروبەری بپارێزن و سەلمێنراوە کە ئەوەی بتوانێ دۆخی شنگال بپارێزی، هێزەکانی پێشمەرگەیە، بۆیە گەڕانەوەی ئەوان بۆ سنوورەکە و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال گرنگە.

گوتیشی ئەو هێزانەی کە ئێستا لە شنگالن ، ناتوانن سەر و مالی هاووڵاتییان و تەنانەت دامودەزگا حکوومییەکان بپارێزن و ئەو هێزانە بازرگانی بە خەڵکەوە دەکەن. مەحما خەلیل، ئاشکراشی کرد، دوو لیوای سوپای عێراق و لیوایەکی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پەکەکەش لە سنووری شنگالدان، جگە لە پۆلیس و ژمارەی سەربازەکانی ئێستای ناو شنگال، کە یەکەم کاریان تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی بێت کە بە هۆی هەندێک ناکۆکیی حزبی لە خولی چوارەم دواکەوت، هەروەها حکوومەت لەگەڵ دامەزراوە یاسایی و چاودێرییەکانی هەرێم هەماهەنگیی هەبێت و داوایان لێ بکات چاودێریی کارەکانیان بکەن تاوەکو بتواندرێت ڕێگری لە گەندەڵی و ڕۆتینات بکرێت.

ئەمەریکا ئێران و چین تۆمەتبار دەکات

مایک پۆمپیۆ: ترەمپ ڕۆڵی سەرکردایەتی نەریتی بۆ ئەمەریکا دەگەڕێنێتەوە



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند، ئێمە نا، بەڵکو ئەوە ئێران و چین کە شیرازەی نێودەوڵەتیی بنکۆڵ دەکەن. لە میانی گوتارێکیدا لە دامەزراوەی هزریی جێرمن مارشڵ فەند، مایک پۆمپیۆ ڕوونکردنەوەی دا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا باسی لەوەکرد، جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بانگەوازێکی بەخەبەرهاتنەوەی سیاسییە و پێویستە یەکێتییەکە لەو چوارچێوەیەدا لەوە بکۆڵێتەوە کە پێداویستییەکانی هاووڵاتییانی بەجێگەیاندووە یان نا.

مایک پۆمپیۆ جەختی لەوەش کردەوە کە دۆستە ئەورووپییەکانیان جار جار ئەمەریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە ئاراستەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان هەنگاو نانێت و تیشکی خستەسەر ئەوەی، ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵدەدات دووبارە جڵەوی شیرازەی نێودەوڵەتیی بگرێتەوە دەست و دۆستەکانی پشتگوێ نەخستووە و بەپێویستیشی زانی سەرجەم هاوپەیمانان بەو ئاراستەیە هەنگاوبنێن.

مایک پۆمپیۆ گوتیشی: سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ ڕۆڵی سەرکردایەتی نەریتی بۆ ئەمەریکا دەگەڕێنێتەوە. هیچ هێزێک لە سەرووی دەوڵەتی نەتەوە نییە. دەوڵەتانی نەتەوەیی دڵنیایییدەری ئازادییە دیموکراتییەکان و بەرژەوەندی نیشتیمانین.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ داکۆکی لەوە کرد کە بە هاوکاری لەگەڵ دیموکراسییەکانی دیکە، سیستەمی لیبڕاڵی نۆژەن دەکەنەوە و گوتی: ترەمپ سیستەمێکی نوێی لیبڕاڵی بوونیات دەنێت. ئەم سیستەمە ڕێگە لە جەنگ دەگرێت و خۆشگوزەرانی زیاد دەکات. مایک پۆمپیۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بنکۆڵ دەکەن ئەوان نین، بەڵکو ئێران و چین. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە وڵاتەکەی پشتگیری ڕێککەوتننامە و ڕێکخستنە نێودەوڵەتییەکان دەکات کاتێک کردەیی بن و گوتی: "کە ڕێککەوتننامەکان تێک دەدرێن پێویستە ڕووبەڕووی ئەوان ببنەوە کە پێشێلیان دەکەن و لەو ڕەوشەدا یان ڕێککەوتننامەکان ڕێک بخرێنەوە یان هەڵبوەشێندرێنەوە.



کاروان محەمەد

ئەوانەی هەڵەیان کردووە، با هەڵەکانیان راست بکەنەوە !

لەم ماوەی دواییدا، لێرە و لەوێ، لە سۆشیال میدیا و لاپەڕەی (هەندێک) ڕۆژنامەدا، هەندێک کۆڵکە نووسەری هەرزە سیاسی، جارجار گوتاری بێ سەروبەر و نابەلەد لە بواری سیاسەت و کاروباری سیاسی و دانوستان و پەیوەندییەکانی ئەم دواییەی هەولێر و بەغدا دەنووسن. ئەم گوتارانەش هەڵبەت ڕەنگدانەوەی باری دەروونی سیاسی داڕماوی خودی نووسەر و ئەو تاقم و باڵە سیاسییەیە کە نووسەران پاداشتی نووسینەکەییان لێی وەردەگرن. سەرلەبەری نووسینەکان بێجگە لە قەوانە سواوەکەی جارانیان لە دژایەتیکردنی ریفراندۆم و پایە و سەروەریەکانی پارتی، هیچی دیکەیان لە خۆنەگرتووە، ئەوجۆرە نووسەرانە لە نووسینەکانیاندا ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەو ریفراندۆمەی کە لە93%ی خەڵکی کوردستان دەنگی (بەڵێ)یان پێ بەخشی و سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان بە (بەند و بالووڕە) لە قەڵەم دەدەن و تۆوی نائومێدی و پاشکۆگەری و ژێردەستەیی لەنێو نووسینەکانیاندا دەچێنن و نارەزایی خۆیان دەردەبڕن دەربارەی تەخوینکردنیان بەرامبەر ڕووداوەکانی داوای ریفراندۆم (وەک بڵێی تازە هەستیان بە شەرمەزارییەکە کردبێ)!، ئەوەش لە بیری خۆیان و خەڵکی کوردستان دەبەنەوە کە ئەوان ئەگەری سەرەکی بەرپابوونی دۆخی نەخوازراوی پاش ریفراندۆم بوون، ئەوان بوون کە (خۆیان چەماند) و خەمی خاک و خەمی خەڵک و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانیان خستە بەر هەڕاج و مەزاد و بەبێ بەرامبەر فرۆشتیان.

نووسینی نووسەرەکان و ئاغاکەیان پەیوەندیی و دانوستانەکەی ئەم دواییەی هەولێر و بەغدا لە گۆشەنیگای بەرتەسکی خیانەتکارییەکەی خۆیان دەڕوانن و هەڵدەسەنگێنن و لە خۆیان ناپرسن ئایا بۆچی ئێستا (واتا دوای نەمانی حکوومەتی عەبادی) ئینجا هەولێر دەرگای دانوستان و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا کردەوە؟ یاخود چۆن (عەبادی) نەیتوانی جارێکی دیکە بگاتەوە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق؟!. یاخود سەرەڕای ئەنجامدانی ریفراندۆم و خستنەڕووی ئیرادە و ماف و خواستە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کە پارتی سەرکردایەتی دەکات، چۆن؟! بەغدا فەرشی سوور و هەموو دەرگایەکی بۆ هەولێر کردەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پارتی بێتەوە نێو پرۆسە و هاوکێشەی سیاسیی عێراق.

ئێستاش هەموو خەڵکی کوردستان و خودی نووسەری گوتارەکان و ئاغاکەیان دەزانن، ئەگەر ریفراندۆم نەبوایە، هەرگیز کێشە هەڵنەواسراوەکانی نێوان کوردستان و بەغدا و ماددەی 140ی دەستووری عێراق (کە بە ماددە مردووەکە ناویان دەبرد) نەدەهاتنەوە نێو بواری گفتوگۆ و دانوستان و چارەسەرسازی، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە ستراتیجییەکانی ریفراندۆم.

ئێستاش بەغدا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە پارتی و هەولێرە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێی دیموکراسی فیدرالی (ئەگەر نیازیان بێت) و بەغدا چاک دەزانێت چەقی قورسایی و هێزی کوردستان تەنها لە پارتیدا کۆبۆتەوە و بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان مومکین نییە حکوومەتی عێراق سەرکەوتوو بێت. هەروەها بەغدا دەزانێ کە پارتی تاکە حزبی کوردستانە کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدای بە دەستەوەیە و پارتی خاوەن سەنگێکی نەگۆڕە هەر لەسەرتای دامەزرانییەوە تاکو ئێستا، بەغدا دەزانێ کە تەنها سەرۆک مەسعود بارزانی توانای ئەوەی هەیە خاڵ لەسەر پێتەکانی سیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان دابنێ و کێشە ئەزەلییەکەی عێراق لە ناوچە داپراوەکان و کەرکووک چارەسەر بکات، بۆیە بەغدا لە هەموو کاتێکدا دەرگای بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی والاّیە، سەرەڕای هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی لە رابردوو و ئێستا و داهاتووشدا.

ئینجا پاش ئەوەی ئەو نووسەرە (کاڵفامانەی سیاسەت) و ئاغاکەیان لەنێو خودی حزب و جەماوەرەکەی خۆیان شەرمەزار بوون و لە نێو خەڵکی کوردستانیش شکستێکی گەورەیان خواردووە (هەڵبژاردنەکان شاهیدن)، ئێستاکە ئەوان هەستیان بە هەڵەی خۆیان کردووە و تازە ناتوانن پاشگەزیش ببنەوە!. بۆیە دەڵێن: لە هەرێمدا بە کردەوە هەنگاوی دڵخۆشکەر نابینین و خۆمان کارێکی وامان کردووە مللمانێ نێوخۆییەکانمان تێنەپەڕێنین و لە هاوکێشە سیاسییەکانیشدا ئیعتیبارێکی ئەوتۆمان نەبێت.

لێردا دەمەوێ ئەم گوتەی ئەوان بۆیان ڕاست بکەمەوە و ئەو ڕاستییەیان پێ بڵێم کە ئەوان گەرەکیانە خۆیان لێ بدزنەوە و لە بیری خەڵکی کوردستانیش ببەنەوە ، بۆیە پێیان دەڵێم: لە هەرێمدا بەکردەوە هەنگاوی جدی هەیە بۆ یەکڕیزی و ڕێکخستنی ناوماڵی کورد، بەڵام ئێوەی (شەرمەزار) لە ڕووتان نایەت ببینێن، ئێوە کارێکی واتان کردووە کە ڕووی ئەوەتان نەبێت مللمانێ نێوخۆییەکان تێپەڕێنن، لە هاوکێشەی سیاسسەکانیشدا (لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی) ئیعتیبارێکی ئەوتۆ بە ئێوە ناکرێ؟!، ئەگینا سەرکردایەتیی کوردستان و پارتی لە هەموو ئاستێکدا جێگای سەنگ و ئیعتیبار و بەردی بناغەن لە سیاسەتی دەڤەرەکەدا. جا ئەگەر ئێوە دەخوازن بگەڕێنەوە نێو یەکڕیزی ماڵی کورد، واچاکە ئێوە هەڵەکانی خۆتان ڕاست بکەنەوە و لە پاشکۆیی و ئەجێندای دەرەکی، خۆتان داشۆڕێنن و دان بە هەڵەی خۆتاندا بنێن.



مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەم

فۆکەسێک لەبارەی کابینەی هەشتەمەوە



شاهەوان برایم عەبدوڵڵا

هەر خۆی قسەکردن لەسەر کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسان نییە ، بەوەی کاتێک لە 2014 کابینەکە دروست دەبێت، هاوکات چەندان قەیرانی جۆراوجۆری سەخت بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرن، هەموو ئەو قەیرانانەش کەم و زۆر کاریگەریان لەسەر ئەدای سیاسی و ئاستیی خزمەتگوزاری و پڕۆژەکانی کابینەیە هەبووە، بەجۆرێک هەندێجار هێزەکان داوای هەڵوەشاندنەوەیان کردووە، هەم بەهۆی قەیرانەکان و هەمیش مللمانێی سیاسی و دەیان هۆکاری دیکەش کە دواجار هەموویان گوشاری بەهێزبوون بۆسەر حکوومەت، واتە حکوومەتیان ماندوو کرد، بەڵام سەرئەنجام حکوومەت مایەوە و هێدی هێدی کەوتەوە سەرپێی خۆی، بەشێوەیەک ئێستا ئەو حزبانەی لە سەرەتای ڕێگە و لە نیوەی ڕێگەوە کابینەکەیان جێهێشت، ئێستا داوای پۆست لە کابینەی نۆیەم دەکەن، بە هۆی ئەوەی قەیرانەکان نەماون، یان کەم بوونەتەوە. ئێمە لەو وتاردا هەوڵ دەدەین بەشێک لەو بەربەستانەی بەردەم کابینەکە بخەینەڕوو، هەڵبەت ئەو پرسانەش خوێندنەوەی جیاواز و زۆرتریش هەڵدەگرن، بەوەی خودی کابینەکە لە کاتێکدا دروست دەبێت کە ناوچەکە و دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق و کوردستانیش لە ناو تەنگەژەدا بووە، بێشک ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەدای ئەو کابینەیە دروستکرد، بەڵام دواجار توانی خۆی ڕابگرێت و ئیدارەی قەیرانەکان بدات.

بڕیاری بوودجەی هەرێم وەک کارتی گوشار:

حکوومەتی عێراق لە قۆناغی سەرەتای کابینەی هەشتەمدا، ئاستی ناکۆکییەکانی گەیاندە ئەو ڕادەیەی بوودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، وەک کارتی گوشار تا هەولێر ڕازی بکات دەستبەرداری ئابووری سەربەخۆ و هەناردەی نەوت ببێت تا هەولێر چاوی لە دەستی بەغدا بێت بۆ ئەوەی پارەی بۆ بنێردرێت و لە پرسە سیاسییەکانیشدا ملکەچی بەغدا بێت، بەتایبەتی لەسەر پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەڵام سەرباری ئەوەی خەڵکی کوردستان ژیانیان بە هۆی قەیران و نەبوونی مووچەوە دووچاری ئاستەنگ بووەوە، کەچی حکوومەت پێداگری کرد لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی، لە پرسی نەوت و ئابووری سەربەخۆ و بەرگری لە خاک.

ڕاستە ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان ماندوو بن، بەڵام دواجار کورد ئاستی هەنارەدەی نەوتی زیاد کرد و ئەگەر لەناو قەیرانیشدا بووبێت توانی خۆی لە هەمبەر گوشارەکانی بەغدا ڕابگرێت و دواجاریش هەولێر بە هۆی سیاسەتی خراپی بەغداوە بیر لە ریفراندۆم دەکاتەوە، وەک نیشاندانی نارەزایی و داواکردنی مافی چارەنووسی خۆی کە منەت نییە بەسەر کوردەوە وەک نەتەوەیەک، دەی ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی بەغدا دان بە هەڵەکانی دابنێت، کەچی دوای ریفراندۆمی ئەیلوولی2017 دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی دیکەی دژایەتیکردنی کوردستان بە هێرشی سەربازی بۆ سەر پێشمەرگە.

بڕیارەکە دەکرێ لە دوو ئاستدا شیبکرێتەوە، یەکەم: ئاستی ناوخۆ، کە بڕیارەکە بۆ ئەوە دەچێ کە هەوڵێکی بێ سوود بێت بۆ ئەوەی هەولێر بگەڕێنرێتەوە سەر سفرە و بەشداری بڕیارەکانی بەغدا بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەولێر بڕیارەکە بە سووک وەرناگرێت و بە ئاسانی ملکەچی ناکات، ئەوا بڕیارەکە بۆ ئەوە دەچێ کە هەوڵێکی بێ سوود بێت بۆ ئەوەی هەولێر بگەڕێنرێتەوە سەر سفرە و بەشداری بڕیارەکانی بەغدا بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەولێر بڕیارەکە بە سووک وەرناگرێت و بە ئاسانی ملکەچی ناکات، ئەوا بڕیارەکە بۆ ئەوە دەچێ کە هەوڵێکی بێ سوود بێت بۆ ئەوەی هەولێر بگەڕێنرێتەوە سەر سفرە و بەشداری بڕیارەکانی بەغدا بکات، دووەم: ئاستی دەرەکی، کە بڕیارەکە بۆ ئەوە دەچێ کە هەوڵێکی بێ سوود بێت بۆ ئەوەی هەولێر بگەڕێنرێتەوە سەر سفرە و بەشداری بڕیارەکانی بەغدا بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەولێر بڕیارەکە بە سووک وەرناگرێت و بە ئاسانی ملکەچی ناکات، ئەوا



فاتیح عەبدولسەلام

تڕەمپ و پوتین لە عێراقدا؟

ئاماژەیەکی بچووک لە بارەی نیازی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالدۆ تڕەمپ، بۆ سەردانیکردنی هێزەکانی لە عێراق و ئەفغانستان دەڕجوو، کە هیوا بەخشبوو، بۆ ئەوەی تڕەمپ جارێکی دیکە باسی عێراق بکات، ئەگەر لە تویتێک، یان وتارێک، یان لێدوانێکیشدا بێت، کە هێما بێت بۆ ئەو سیاسەتەی لە عێراق پیادەی دەکات، ئەوەی چەندین جار قسە و دروشمی زۆری لەبارەوە کراوە، دوای چەند مانگێک لە بێدەنگی. لەلایەکی دیکەوە، نێردەی ڕووسیا بۆ بەغدا، بە ئاراستەی ڕێگە خۆشکردن بۆ سەردانی پوتین بۆ عێراق بوو، کە ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتدا یەکلایی ببێتەوە، نەخاسمە ڕووسییەکان، ئەوانەی لەنێو سووریای هاوتەخوبی عێراق، زۆر بە ئازادی هەڵسوکەوت دەکەن، ناتوانن چاو لە دەسەلات لە بەغدا بپۆشن، کە دەزانن چەند لە ئێرانەوە نزیکە، کە لە هەمان یاریگەی ڕووسیا لە سووریا، هێزی خۆی نمایش دەکات.

چی وای کردووە، وێنەی ئەمەریکا لە عێراق کاڵ بێتەوە، نەخاسمە دوای ڕزگاربوونی وڵات لە بن دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، دەستی ئەمەریکا وەکو دەستی ئێران، لە چێشتخانەکانی سیاسیەت لەدوای هەڵبژاردنەکان، یان ئەوەی پێشووش دیار نییە؟ چی ڕوو دەدات، ئەگەر ڕووسیا بەهێزەوە بێتە سەر هێڵی عێراق، بەهاندانی ئێران، کە هەست بە فشاری سزاکانی ئەمەریکا دەکات، بەتایبەتی لە بواری وزەدا.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو عێراقە هەیە، کە دەبێت قسەی خۆی هەبێت، دوور لە دڕووستکراوەکانی بەکاربەری سیاسیی، بەوەی نابێتە بەشێک لە تەورەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەو شتەش لە ڕووی ژینوار و کردارییەوە، لە ڕاستییەوە نزیکە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە، مەسەلەکە بە تاقیکردنەوەیەکی ئاسوودە بۆ عێراق دانانرێت، کە هێشتا بە شێوەیەکی ڕێک دەوڵەتی خۆی دیاری نەکردووە، بۆیە پێویستی بە هەمووان هەیە، ئەوانی هەرێمایەتی و ئەوانی نێودەوڵەتیش، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر، لەبەرچاوی جیهان و دراوسێیەکان، لە زۆنگاوی سیاسەتی ناوخۆیی نغرۆ ببوو، کە هەندێکیان خۆیناویش بوون. عێراق هیچی بۆ خۆی دروست نەکرد، تاکو لەو ڕۆژە بیپارێزێت، کە وەکو لاوازترین لایەن دێتە پێش چاو، ئەوەی ناتوانێت دوور لە کاریگەرییەکانی دەرەکی هەڵسوکەوت بکات.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www. azzaman. com



ئەگەر باژێری من دناڤ کوردستانێ دا نەبایە

من خۆ ب کورد نە دزانی

دیارکازم

من نەڤیایە چ جاران ب دیدەکا ناوچەگریانە سەردەریێ دگەل هزر و بیرێن خو دا بکەم. لێ د هەمان دەمدا زۆر جاران وردەکاری دبنە هۆکار بۆ ڕوخانا ئەوی هاتیە چنین، زۆریا حوکمرانێن ڕۆژهەلاتا ناڤین تەنانەت ئەفریقیا ژی هەمو پلان ستراتیژا وان بۆ ڕوتوشکرنا پایتەختی و سەنتەرێن باژێریە، و زۆر دەگمن ئەوێن هزر د باژارێن دی دا دکەن وە هەست دکەن تنێ سەنتەر یا گرنگە، ڕاستە هەمی جھ گرنگن، لێ من دڤیت بیرا دستهەلاتدارین مە بینمەڤە ئەرێ کی بوون ناو ئازوڤە و لوجستیا وە دابین دکر ئەرێ کی بوون زانیار و هاریکار بۆ وە ڕوندکر کی بوون چاڤساخێن وە کی بووە داو دەرمان ئامێرین ئەلکترونی دابین دکر.. هتد. ئەز باوەر ناکەم سەرمایەدارەکی ل سەنتەرێ باژێری ژیانا خۆ تێکدابیت و بدیدا و تێورا مارکسیزمێ ل سەرمایەداری ترسنوکتر و بەرژەوەندیخازتر نینە، نها ژی ئەو سەرمایەدار مفدارترین توێژە ل دەستکەفتێن ڤی ولاتی.

لدویڤ خوێندنا من هەر چەند زۆرا سادەو ساکارە لێ ئەو بۆ من ڕونبیەڤە چ جاران شورش بەرهەلستکاری ل سەنتەرێ باژێڕی سەرهلنەدایە زۆریا وان ل جهێن ناسەقامگیر و پەراوێزکری دهێنە کرن، بۆنمونە شورشێن بارزان هەر دەستپێکا هزر و بیرێن ناسیونالستی وان هەست ب تێکشکان و نەبوونا خو کریە و نەرازیبوون و بەرهەلستکاری و شورش ئەنجامدانە، ل مسرێ کومەلەیا ئیخوان ئەلموسلمین تنێ ل دەڤەرێن پەراوێزکری هانا خەلکی د دا د ژی حکومەتێ، ل سوریا ل دور و بەران خۆنیشاندان سەرهلدان لێ پایتخت ما وی دڤان سالاندا سوریا ل ڕوبێ ژێرخانا ئابوری و سەرمایەیا مەعرفی دارما هەرچەند نمونە زۆرن لێ من ڤیا وەها دەستپێ بکەم.

ئەڤا ئەز دبێژم ڕەنگە ل زۆر جهان ئەڤ کێشەیە هەیە لێ ئەز دی بەحسی باژێرێ خو کەم ئاکرێ.

هژمارا ئاکنجێن وی نزیکی 180 هەزار مروڤانە تنێ ل سەنتەرێ شاری 80 هەزار مروڤ هەنە و کارێ وان فەرمانبەرن یان کشتوکالە ل دەمێ ڤان پێنج سالێن بوریدا قەیرانێدا تا رادیەکی خەلکی ب باشی و خراب دەربازکرن، لێ نها وەختی وی چەندیە حکومەت پێداچوونی ب خودابکەت و دەلیڤەیێن کاری بۆ جهکێ وەکی ئاکرێ دابین بکەت ومن چەند پێشنیار هەنە.

1- ب زوترین دەم وان پروژێن گەشتوگوزاری یێن ب ئافێ وەبەرهێنانێ ڕاوستیاین بکەڤنە کارێ و چارەسەریەکی لێ بکەت.

2- ب دیدا من ئاکرێ و بەردەرەش و شیخان و شارەزۆر ببنە سەلیفکا خارنێ بۆ کوردستان و چەندێن ڕێکارێن یاسایی بگرنە دەست، وەک هەموارکرنا پێناسێن گومرکی لسەر کەلوپەلێن خارنێ تایبەت برنج و سەوزەوات و میوە.

3- زوترین دەم چارەسەریا وان گرێبەستێن کشتوکالی دگەل خودانێن گرێبستا و بۆ خودانێ گرێبەستێ نیە جارەکادی عەردێ حکومەتێ بکرێ بدەتە ڤە یان دێ بخۆ کەت یان دێ دەستبەردار بیت.

4- ب پیشەسازی کرنا خارنێ و دانانا کارگەهێن قوتوبەند و سپیاتێ هەروەها هەموارکرنا یاسایا بازرگانی و پیشەسازی و پێناسەیێن گومرگی لسەر ڤان کەل و پەلان.

5- هەموارکرنا یاسایا باج و دەرامەتی و خانویەران زیدەکرنا وان ل پایتخت و سەنتەرێ باژێری و کێمکرنا وان ل قەزا و ناحیا.

6- ڤەکرنا زانکویەکا تایبەت ب کشتوکالی ل ئاکرێ بۆنمونە و ل زانکویێن دی ئەڤ بەشە بهێنە دایەخستن.

لدوماهیکی دبێژمە وە ئەڤ چەند زانیاریە ب زەحمەت ماندیبون مە کوم کرینە و بێ بەرامبەر مە پێشکەشی وە کریە هیڤدارم هوین ژی خەمەکێ لێ بخون.



فرانکفۆرت...

کۆنفرانسی ئەنجوومەنی ناوەندی کۆمەڵێن کوردان لە ئەڵمانیا ئەنجام درا

ساسان دەرویش- ئەڵمانیا

لە پێناوی یەکبوون و یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی و گەیاندنی پەیامی کوردستانیان لە تاراوگە بۆ نێوەندەکانی دەسەلات لە ئەڵمانیا و پشتگیرکردن لە کوردستان کە لەم کات و ساتەدا ناوچەکە لە بەردەم گۆڕانکاری دایە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بە بۆچوونی چەند دڵسۆزێکی کورد ئەوە ڕادەگەیەنن کە لەم قۆناغەدا وا پێویست دەکات کورد پێکەوە یەکگرتووبین لە تاراوگە لە ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییمان بۆ ڕوو نەدانەوەی ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەشێوەی کتوپڕ و دەرگاکان لەسەرمان دانەخرێت و دۆستەکانمان پشتمان لێ بکەن لە بێدەنگی بەرانبەر پرسەکانمان، بە هۆی پەرتەوازەیی خۆمان و دژایەتیکردنی یەکتر و لەبیرکردنی ئامانجە پیرۆزەکەی هەمومان کە سەربەخۆیی کوردستانە، بەم هۆکارەش بە هاوکاری و شەونخونی چەند کوردێکی دڵسۆز تواندرا زەمینەخۆش بکەن بۆ سازکردنی کۆنفرانسێک و کۆکردنەوەی چەند کۆمەڵەیەکی کوردی لە ئەڵمانیا، تێیدا وەک ئەنجوومەنی ناوەندی کۆمەڵێن کوردان لە ئەڵمانیا بناسرێت و بنکە و بارەگاکەی لە کۆڵن بێت وەک سەنتەری هەموان، بۆ ئەو مەبەستەش لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا نوێنەرانی کۆمەڵەکان بەشداربوون لەم کۆنفرانسەدا کە بریتی بوون لە 27 کۆمەڵەی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان کە 17 کۆمەڵەیان ئامادەبوون و 10 کۆمەڵەکەی تریش بەهۆی دووری ڕێگاوبان فریانەکەوتن و بە نامەی فەرمی پشتگیری خۆیان و ئەندامبوونیان ڕاگەیەند بوو، کۆنفرانسەکەش لەژێر چەتری ئاڵای کوردستان و ڕەنگەکانی هەموویانی لەئامێزگرت.

دواتر گوتەی ئەنجوومەنی باڵا لە لایەن نادر دۆغاتی جێگری بەرپرسی پێشکەشکرا کە باسی لە یەکڕیزی و هەماهەنگی ماڵ و کۆمەڵە کوردییەکان کرد بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان کە زۆر گرنگە و گوتی: هێز لە یەکڕیزی و یەکگوتاری کوردستانیاندایە و لە پاڵیدا پاراستنی زمان و کولتوور و کەلەپوری کوردەوڕای و پێشخستنیان و پەرەپێدانیان لە نیو ڕەوەندی کورددا و هەموومان پشتیوانێکی بەهێزی کوردستان و گەیاندنی پرسەکانی بین بەنێوەندەکانی دەسەلاتی ئەڵمانیا، هەروەها نوێنەری پارتی ئیس پی دی فرانکفۆرتیش پەیڤێکی کورتی خوێندووە و وێڕای پیرۆزبایی خۆی دڵخۆشی خۆی بۆ ئەم یەکگرتنە دەربڕی و پشتیوانی خۆیانی دەربڕی بۆ هاریکاریان و دەستگیرۆدەیان، هەروەها نیشاندانی فیلیمێک لەسەر چۆنیەتی ئازایەتی و چاونەترسی پێشمەرگە نمایشکرا دژی جەنگی تیرۆریستانی داعش لە لایەن هێمن عومەر شرۆڤەیەکی چڕوپڕی بۆ کرد لە دوایشدا بەرنامە و پڕۆگرامی ناوەندی ئەنجوومەن خرایە بەر باسکردن، لەگەڵ دروستکردنی چەند کۆمیتەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و دەستبەکاربوونیان، لە نیۆەندی کۆنفرانسەکەش کە ساندێکی لیژنەی ناوچەی فرانکفۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە سەرپەرشتی سەرهەد غەفوری بەرپرسی ناوچە بەشداربوون و لەمبارەیەوە بۆ خەبات گوتی: خۆشحاڵبووین بەم بەشداری کردنەمان کە ئێمەش پێشنیاری خۆمان هەبوو بۆ بەهێزکردن و یەکگرتنی کۆمەڵەکان و پشتگیریکردنمان بۆیان و بە هیواین لە هەموو ولاتانی ئەوروپا ئەم کارە بکەن کە بۆ ئایندەی کورد و کوردستان جێگای ئومێد دەبێت. هەروەها نادر دۆغاتی جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی ناوەندی کۆمەڵێن کوردان لە ئەڵمانیا بۆ خەبات گوتی: سەرەتا سوپاسی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و ئامادەبووان دەکەم بە گەرمی بۆ ئەو هەستە جوان و کوردانەیان کە بە جۆش و خرۆشەوە خۆیان گەیاندە ئێرە بۆ یەکگرتنی مالی کورد لە تاراوگە، لە دوای گەڕانێکی زۆر و شەونخونی چەندین مانگ و کۆبونەوە گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵەکان و ڕاوێژکردن پێیان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لەم دۆخەی ئەمڕۆی کوردستان پێدا تێدەپەڕێت، دەبێ کورد لە ئاستی خۆئامادەکردنێکی بەهێزدا بێت ئەویش بە یەکگرتن و یەک هێزی بۆ ئەو مەبەستە لە چەندین شاری جیاواز کۆبوونەوەمان کرد و دواتر گەیشتینە ئەوەی کە هەموویان لە کۆنفرانسێکدا کۆبکەینەوە کە سەرەتا 15 کۆمەڵەی فەرمی بوو پێویستیمان بە چەندی تر هەبوو تا گەیشتە 27 کۆمەڵەی فەرمی هەر چوارپارچەکەی کوردستان و ئەنجامێکی باشی هەبوو لە ژێر ئالای کوردستان هەموویانمان کۆکردەوە بۆ مەسەلەی دەستەی ڕێڤەبەریش پێشتر لە کۆنفرانسێکدا7 کەس هەڵبژێردرابووین و لەم کۆنفرانسەش پێشنیارمان کرد هەڵبژاردن بکەین، بەڵام زۆرینە پێیان باش بوو ئێمە لە سەرکاری خۆمان بەردەوام بین و هەندێک ئەندامی تر زیاد بکرێن لەگەڵمان و بووینە9 کەس و 2ی یەدەگ و 2ی ڕاوێژکار کە ئەوان سەربەخۆن، بەسەرپەرشتی عەبدوڵا جوندی و سەرۆکی ناوەندەکەش قەهرەمان ئەفسانەیە و دوو جێگری هەن یەک سالار کەرکووکی و دووهەم بەندە، هەروەها لە دەرێژەی قسەکانیدا گوتی ئێمە پشتئەستوورین بە سەرمایەی بیری جوانی کوردایەتیی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی کارەکەمان کە پارەی ناوێت بۆ پارستنی زمان و کولتوور و تێکەڵبوونمان بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی و بوونمان بە پردێک لە نێوان کوردستان و ئەڵمانیا و چەندین پڕۆژەمان ئامادەیە بۆ پشتگیری کوردستان و هاریکاریکردنی خەڵکی خۆمان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورە، بەمشێوەیەش زیاتر لە حزباتی دەتوانین خزمەتی خەڵک و نیشتمانی خۆمان بکەین، هیواداربن لە ئاستی خواستی ڕەوەندی کورد و کوردستاندا بین.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بە زۆرینەی دەنگ دەستەی سەرۆکایەتیی فیدراسیۆن لە9 کەس هەڵبژێردرا، لەوانەش سەرۆک و جێگرەکەی و2 ئەندامی تریش وەک یەدەک، لە ئەنجامی دانوستاندنا3 کۆمیتەش دروستکران بەمشێوەیە: شێوەرمەندان، ئافرەتان، لاوان و قوتابیان.

کاروان کەریخان گوندەژێری

سنووری ژیاری و کولتووری بە ڕۆژئەمێری ماد

لە خۆرهەڵاتی ناوین هەر نەتەوەیەک کۆمەڵە کولتووریکی سەربەخۆی هەیە کە سنوورەکانی کولتووری لەگەڵ نەتەوەکانی تر دیاری دەکات. لەگەڵ هاتنی ئایینەکان و تێکەڵ بوونی دین لەگەڵ ناسنامە نەتەویەکان هێشتاش سنووری نەتەوەکان بە گەشی دیارن و زۆربەی نەتەوکان ئەو سنوورانە دەپارێزن و پایەکانی ناسیۆنالیسمی خۆیان لە سەر ئەم سنوورانە پتەوتر دەکەن. کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی دینی لەگەڵ هەندێک ناسنامەی تر تێکەڵاوی پەیدا کردووە بەڵام بە بێ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ بە پەرش و بڵاویش بێت توانیویەتی سنوورەکانی نەتەوەیی خۆی و ناسنامەی خۆی بە باشی بپارێزێ و ناسیۆنالیسمی کوردی بەو سنوور و ناسنامەیە ڕابگرێت و واتاداری بکات. لە ڕاستیدا سنوورە کولتووریەکانی کوردستان توانیویانە سنووری جوگرافی کوردستانیش بپارێزن و دوای ئەوەی سنووری دەستکردی یاسای سەپاو لە سەر کوردستان دانرا و کوردستان پارچەپارچە کرا بەڵام زمان، بەرگ، ئاڵا، ئەدەبیات، مۆسیقا، پێشمەرگە و... کوردی سنوورە دەستگردەکانیان بێ مانا کردوە و نیشانی جیهانیان داوە کە ئەم سنوورە دەستکردانە ئەزەلی نین و ئەبەدیش نابن.


دوای ئەوەی حکوومەتی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرا و بووە ناوەندی کوردستانی گەورە بۆ دووبارە خۆ ڕێکخستنەوەی کولتووری بووە جێی هیوای خەڵکی کورد و توانی لە زۆر واردا کاری فەرهەنگی باش بکات؛ بۆ نموونە توانیویەتی زیاتر لە جاران کار بە ڕۆژئەمێری کوردی بکات یان توانیویەتی ناوی پێشمەرگە بکاتە سونبولی کوردستان لە جیهان. لێرەدا پرسیارێک خۆی نیشان دەدات ئەویش ئەوەیە ئایا دوای ئەوەی کورد توانی ببێتە خاوەن حکوومەتێکی دامەزراوەیی و داوای سەربەخۆیی بکات تا چەند توانیویەتی لە ڕووی کولتووری ئەم پرسە بەرێتە پێش و بیکاتە قایش و ئەنگوستیلە بۆ هزر و مێشکی منداڵان و لاوانی کورد؟

هەر وەک لە سەرەوە گوترا حکوومەتی کوردستان لەم بارەوە کاری بەرچاوی کردووە؛ یەکێک لەو کارانە کارپێکردنی ڕۆژئەمێری ماد یان ڕۆژئەمێری کوردیە. وەک دەزانین دیاری کردنی سنووری نەتەوی تەنها لە ڕێگەی یاسا و هێڵی جوگرافی نین؛ کورد وەک نەتەوەیەکی کۆنی خاوەن هەموو توخمەکانی نەتەوەبوون بە تەواوی لەگەڵ عێراقی دەستکرد و تەزویر جیاوازە و هیچ کات نابێتە بەشێکی پەیکەرەی ئەم وڵاتە مزەوەرە. زۆر جیاوازی ئاشکرا هەن کە پێویستە بە زیرژنی کولتووری زەقتر بکرێنەوە؛ یەکێک لەو شتە ڕەسەنانەی کە کورد دەبێ شانازی پێوە بکات هەبوونی ڕۆژئەمێری کوردیە کە نیشانەی ژیاری کەونارای کوردە لە کۆندا و نیشانەی کولتووری جیای ئێستایەتی لەگەڵ عێراقی قولابی. ئەم ڕۆژئەمێرە جگە لە ماکی کورد بوون ئەوە نیشان دەدات کە کورد خاوەنی ئەم جوگرافیایە و زەوی ئێستایەتی چونکە هەمو مانگەکانی کوردی بە پێی وەرز و ئاو و هەوا و خاک و خۆڵی کوردستانی گەورە دانراون. بە واتایەکی تر تەقوێمی کوردی خۆی بەڵگەی بەهێزی کوردستانی بوونی ئەم ناوچانەی زاگرۆسە و خەڵکی داگیرکەر، بە تایبەتی دوای هێرشی ئەعراب، لە سەری بێگانەن. هەروەها ڕەسانەیەتی مێژویی هەیە و خاڵی دەسپێکی دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی سیلسیلەی پادشایی ماد لە سەر دەستی دیاکۆی مەزن و هەرچەندە هەندێک پێیان وایە بۆ گرتنی نەینەوا پایتەختی ئاشوریەکانی بە دەستی هوخشتەری ماد دەگەڕێتەوە.

ئەوەی ئێستا پێویستە حکوومەتی کوردستان بیکاتە بڕیار و یاسای بۆ لە قالب بدات و سیاسەتی بۆ دەربکرێت و بکرێتە کولتووری گشتی پێویستە زیاتر کار بە ڕۆژئەمێری کوردی بکرێت و ببێتە شتێکی ئاسایی بۆ هەموکەس بۆ ئەوەی جگە لە کاری کولتووری متمانەی سیاسی خۆمان بۆ جیهانیان زیاتر نیشان بدەین. بەداخەوە لە باشووری کوردستان لەگەڵ ئەو ئازادییەی کە هەشە هێشتا بەشێکی زۆری قوتابیانی بەشی کوردی و تەنانەت مامۆستایانیش ناوی ڕۆژ و مانگی کوردییان لەبەر نییە و نازانن ئەمرۆ چەندی چەندیە کوردیە و نازانن خاڵی سەرەتا و میژوی ئەم ڕۆژئەمێرە بۆ کەی دەگەڕێتەوە.

بەم گۆشە نیگایەوە پێویستە بیر لەو بابەتە بە ڕوالەت ورد و بە واتا زۆرانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کولتووری سەربەخۆخوازی زیاتر بچێتە ناو بیر و زەینی لاوان و منداڵانی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەمو فەرمانگەکانی کوردستان جگە لە تەقوێمی زایینی بە تەقوێمی کوردیش کار بکەن. پێویستە لە قوتابخانەکانی سەرەتایی گرینگی بدرێتە ئەم پرسە و ناوی مانگەکان بە مورادیفە هەورامی، کرمانجی سەرو، سۆرانی و کەلهوڕی لە قالبی سروود و وانەدا لە بەر بکرێت و بناسرێت. هەروەها بە پێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێویستە گەنجان هان بدرێن بۆ ئەوەی بەرنامە و ئەپلیکەیشنی تایبەت بە تەقوێمی کوردی دروست بکەن و بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم نەرمە ئامراز و ئامێرانە زیاتر خزمەت بە کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی بکرێت. هەروەها پێویستە ڕاگەیاندنەکان زۆرتر و بەرچاوتر کار بە ڕۆژئەمێری کوردی بکەن. لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە لە هەرێمی کوردستان جگە لە بەکارهێنانی ڕۆژئەمێری کوردی کات و کاتژمێری کوردی ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و یاساییش نەبێ بە شێوەی ڕوالەتی و مەجازی کاری پێکرابا و کاتەکانمان لەگەڵ بەغدا جیاواز بان هەر وەک چۆن کات و خولەک و چرکەی عەرەبی جیایە لە کاتی ئینگلیزی.

عادل عەبدولمەهدی چەند سەرکردەیەکی سەربازی لە وەزارەتی بەرگری دوورخستەوە



شوان سەرابی

عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عیراق هەڵمەتێکی چاکسازی فراوانی دەستپێکردووە لە پۆستە ئەمنییە باڵاکان لە عیراق دا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو دەرفەتەی قۆستۆتەوە، کە ئەرکی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی لە ئەستۆدایە بە وەکالەت، واتە لەو کاتەدا، کە چاوەڕوانی ئەوەیە دەنگیان لەسەر بدرێت.

سەرچاوەیەکی باڵای سیاسیی لە بەغدا رایانگەیاند، کە "عادل عەبدولمەهدی نزیکەی 110 گەورە ئەفسەری لە هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و دەزگەی نەهێشتنی تیرۆر دوورخستۆتەوە، کە ئەمەی دوایین هێرشێکی وەشاندنی گورزە". هەروەها گوتی:" هەندێک لەو ئەفسەرانە پۆستی سەرکردایەتییان هەیە لەناو هەردوو وەزارەتەکەو دەزگەی ناوبراودا". سەرچاوەکە دەڵێ:" هۆکاری نائاسایی لە پشت ئەو ڕێوشوێنانەوە نییە"، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەموو ئەو ئەفسەرانەی گرتۆتەوە، کە پەیوەندییان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێرانەوە هەیە، کە پێگەی هەستیاریان هەیە لەناو دامودەزگەی سەربازییەوە. سیاسەتمەدارانی نزیک عەبدولمەهدی ڕەتیانکردەوە قسە لەبارەی ئەو کارڕاپیانە بکەن، کە پاڵنەری سیاسیی هەبێت لە پشت کارڕاپیەکانەوە".

تا ئێستا ئاماژەیەکی ئەوتۆ نییە ڕێکەوتنێک هەبێت لەبارەی هەردوو پالێوراو بۆ وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیدا، بەڵام هەموو هەژمارەدکرێن و لەناو داوودەزگەی سەربازین". ئەو ئەفسەرە دەڵێ: "ڕێوشوێنەکان ئەو ئەگەرێک لە ئارادا هەیە. کەشوهەوای بەغدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لایەنە سیاسییە عیراقییەکانی نزیک ئێران، ڕەنگە ناچار بێت شەڕێکی تا سەر ئێسقان بکات لەگەڵ ئیئتیلافی سیاسیی موقتەدا سەدر، کە تا بڵێی لاملە و نایەوێت فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی ببێت بە وەزیری ناوخۆی عێراق. هاوپەیمانانی ئێران لە عیراق دەڵێن، سەدر دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر حکومەتی عادل عەبدولمەهدی بسەپێنێت، کە ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە پالێشتی لە کەسانی سەربەخۆی کرد بێنە ناو کابینەی حکومەت، لەوانە حەسرێ وەزارەتی کاروبا و تەندروستی. نێوهندە سیاسییەکان پێیان وایە فەیاز پالێوراوی ئێرانە بۆ وەزارەتی بەرگری، بۆیە ڕووبەڕوی بەرهەڵستییەکی تووند دەبێتەوە لەلایەن سەدرەوە.

پەرلەمانتارگەلێکی پەرلەمانی عیراقی دەڵێن هاوپەیمانانی ئێران لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق دەستیان بە هەڵمەتی قەناعەتپێهێنانی عیراقییەکان کردووە بۆ دەنگدان بە فەیاز بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە حاڵەتێکدا بپالێورێت بۆ ئەم پۆستە. سەدر لە هەوڵی ئەوەدایە بزانێت چەند پەرلەمانتار لەگەڵ ئەون کە دژی فەیاز هەڵوێست وەرگرن. لەلایەکی تر سوننەکان لە توانایاندا نییە بۆشاییەی قۆستۆتەوە، کە لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری هەیەو کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر. چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کارڕاپیاکانی عەبدولمەهدی ئەو لایەنانە تووڕە دەکات، کە پەیوەستن بەم دوو وەزارەتەوە، هەندێکی تر پێیان وایە سەرۆکی حکوومەت پۆستی خۆی قۆستۆتەوە، کە بە وەکالەت ئەو دوو وەزارەتە بەڕێوە دەبات و هەندێک لە لایەنگرانی خۆی لەو دوو شوێنە دادەمەزرێنێت. بەڵام موقتەدا سەدر، کە کلیلی پێکهێنانی حکوومەتی بەدەستەوەیە، عەبدولمەهدیی خستۆتە ژێر فشارێکی تووندەوە. لەم ڕووەو پێرێ موقتەدا سەدر پەیامێکی کراوەی بۆ ڕەوانە کردووە، کە لە زۆر شوێن بڵاوکراوەتەوە و مانگێکی مۆڵەت بە عەبدولمەهدی داوە کە سەرکەوتنی خۆی لە پێکهێنانی حکوومەتی نەکەنەوە. یەک لە پەرلەمانتارانی سوننە دەڵێت: "نوێنەرانی شیعە ڕێگە نادەن کە پالێوراوی سوننە تەنها پالێوراوبێت بۆ پۆشتی وەزارەتی ناوخو". بۆیە چانسی پالێوراوی لیستی ئەلوەتەنی ئەیاد عەلاوی باشتربێت بۆ بەدەستهێنانی پۆستی وەزارەتی بەرگری، پاش ئەوەی دادگەی فیدراڵی بێتاوانی ئەم پالێوراوەی دەرخست لە تاوانی بەشداریکردن لە سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکەی ساڵی 1991ی شیعە دژی سەدام حوسێن. پێدەچێت سەرۆک وەزرانی عیراق دوور بێت لەو مونافەشەیە، هەرچەندە پەیوەستە بە دوو گرنگترین وەزارەت، سەرچاوەکان دەڵێن عادل عەبدولمەهدی ئەو جیاوازی دینییان لەگەڵ کورد هەیە، یان کێشەی کوردبوون و جیاوازی زمان و خاک و فەرهەنگ و میژوو؟ ڕووی ئەو پرسیارەم لە تورک و فارس و عەرەب نییە، ڕووی ئەو پرسیارەم لەو دەستە و گرووپە کوردیانەیە کە ڕوویان لە کوردبوون وەرگێڕاوە و بەناوی برایەتی و هاوچارەنووسی ئایدۆلۆژیا کورد دەبەنەوە ژێر تیخی داگیرکاری تورک و فارس و عەرەب.

لە کۆتایی ئەو باسەدا بەو دەستە و گرووپە کوردیانە دەڵێم: فەرموون بگەڕێنەوە بۆ میژوو، ئەوە میژووە پێمان دەڵێ: کوردبوون و ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی و داوا کردنی مافە نەتەوەییەکان، زۆرترین جار تورکێکی عەلمانی و فارسێکی مەزهەبخواز و عەرەبێکی شۆڤێنی لەسەر میزی پیلانگێڕی دژ بە کورد کۆکردوونەوە، جا ئەگەر کوردبوون لای ئەوان تاوان بێ، ئەی بۆچی ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ سەنگەری کوردایەتی؟! خۆ هەرچی بکەن دوژمن وەک کورد سەیرتان دەکا و تا ئەو کاتە ئێوەی دەوێ کە شەڕی شۆڕشگێڕ و وڵات پەروەرانتان پێبکات، میژووی خەباتی گەلانی بندەستیش سەلماندوویەتی کە خائین و خۆفرۆشان لە هەموو حاڵەتێکدا دۆڕاون، ئەگەر گەلانی بندەست سەرکەون ئەوا ئەوان بە ریسوایی دێنەوە بەر لیقای گەل، خۆ ئەگەر داگیرکاران سەرکەون ئیشیان بە وڵاتفرۆشان نامێنێ و بەرەڵا دەکرێن، هەر وەکو مامۆستا هەژار دەڵێ:

جەحشی وەحشی بووی
لە تاوی پارە بیزناکەیتەوە
جەنگی کوردستان نەمێنێ
جاش بەلاش دەخولێتەوە





ئەردەلان هەڵەبجەیی

کابینەی شەشەم و ئەرکی مەسرور بارزانی

پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی زۆرینەی چاودێرانی ڕەوشی سیاسی هەرێم، هێزە گەورەکە لە بڕی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئێستای حکومەت، مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی دادێ بەربژێر کرد، ڕوونە نێچیرڤان بارزانی لە ساتی گرتنە دەستی دەسەڵات بە هەنگاوەکانی پێگەی هەرێمی بەهێزکردو هەوڵێریشی کردە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکە، بەڵام خواست و ویستی نێچیرڤان بارزانی گەورەترو زێدەتر بوون، لێ گرفتی ناوخۆیی و ئابووری و سیاسی و جەنگی داعش و قەیرانی دارایی ڕێگریان لەو ویستەی نێچیرڤان بارزانی کرد و تەنانەت داتر بوونە مەترسی لەسەر مانەوەی هەرێم وەک یەکەیەکی سیاسی و کارگێڕی. ڕوونیشە نێچیرڤان بارزانی کاراکتەرێکی دیار بوو لە پاراستنی ئەزمونی هەرێم ئەوەش بەو بەرنامە دریژمەودا و ئامانجدارانەی کە نێچیرڤان بارزانی ئەنجامیدا و قەیرانەکەی هەرێمی کوردستانی تێپەڕاند، ئەمەش لەدواجار بووە مایەی ئەوەی کە دەستخۆشی لێکرا، بەتایبەت لە پرسی وزە و پەیوەندی ئابووری هاوبەش.

ئەوەی لەپاش نێچیرڤان بارزانی دێت جگە لە کەسایەتیەکی دیاری بواری ئەمنی، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادارن دیارە کە خاوەن ئەزمونێکی زۆرە لە بوارەکانی وەک ئابووری، سیاسی، دیبلۆماسی و تەنانەت لە بواری ڕۆشنبیریشدا زیاتر لە هەندێک لە ڕۆشنبیرەکانی وڵات بە دنیای مەولانا و خانی و مەلای جزیری ئاگاداراە.

لێ ئەو قۆناغە نوێیەو ئەرکی دووەم لە ئەرکی یەکەمی گرانترە، چونکە ئیدارەدانی حکوومەتی کوردستان لەم قۆناغەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەزموونی مەسروور بارزانی لە سیاسەست و پێشمەرگایەتی و ئەمنی و ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری مەسوور بارزانی زامنی ئەوەن کە مەسروور بارزانی کەسێکی سەرکەوتوو دەبێت و لە توانیدا دەبێت بەسەر قەیران و گرفتەکاندا زاڵبێت و پلانی پارتی پەیڕەوبکات بۆ بونیادنانی کوردستان و پەرەپێدانی بژێوی ژیانی خەڵک گەشەپێدانی ئابووری و دیپلۆماسی. هەروەها ئەزموون شارەزایی نێچیرڤان بارزانی لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و ئەزموونی حکومڕانی و ئیدارەدانی کوردستان لە چەندین ساڵی ڕابردوودا دەبنە ئەگەری ئەوەی کە نێچیرڤان بارزانی بتوانێ پێگەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چالاک و کارابکات و ئەزموونی خۆی لەم پۆستەدا بەکاربهێنێت کە ببێتە مایەی بەهێزبوونی کوردستان و دابینکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە هەردوو سەرکردە کە کادیری پێشکەوتووی پارتین و قوتابی چالاکی ڕێبازی بارزانی نەمەرن، بۆیە بێشک هەردووکیان سەرکەوتوو دەبن لە کار و ئەرکەکانیان و جێگای متمانەو پالێشتی خەڵکی کوردستان دەبن، هەروەها ئەندام و کادیرانی پارتیش بەهەموو شێوەیەک و لە هەموو بوارەکاندا هاوکار و هاوئاراستەی خەبات و تێکۆشانی ئەم دوو سەرکردە دەبن لە ئیدارەدانی حکومڕانی هەرێمی کوردستان.

خوێندنەوەیەکی میژوویی بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی



سوورە مەرگەیی

ئەگەر خوێندنەوەیەکی میژوویی بۆ پرسی کورد و ڕێگاکانی چارەسەر کردنی بکەین، هیچ گومانێک لەسەر ئەو ڕاستییە نامێنێ کە لەو ڕۆژەوەی کوردستان وەک نیشتیمانی کورد داگیر و بەش بەش کراوە، داگیرکاران هەوڵیانداوە ناسنامەی نەتەوەیی بوون لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بستێنن و بەرگی ساختەی ئایدۆلۆژی بەبەردا بکەن، بەوەش هەرکاتێ مەبەستیان بووبێ توانیویانە لە ڕێگای کەسانی بەڕژەوەندی پەرست پرسی کورد لە ڕێڕەی خۆی لابدەن و خیانەتکار و وڵاتفرۆشان بکەنە بەشێک لە هێزی سیاسی و سەربازی خۆیان.

میژووی دوورو نزیکی ئێمەی کوردی چەوساوەو خاک داگیرکراو و تورک و فارس و عەرەبی چەوسێنەرو داگیرکار، دەری دەخەن کە کورد لە هەر بەشێکی کوردستان و لە هەر کاتێکدا باسی لە ماف و ئازادیە نەتەوەییەکانی خۆی کردبێ، ئەوا بەشێک لە کورد تووندڕەوە مارکسیەکانی ئەو وڵاتە داگیرکارە بوونە دەهۆڵ کوتی داگیرکاران و تۆمەتی کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمیان داوەتە پاڵ سەربەخۆخوازانی کورد، ئیسلامیەکانیش تۆمەتی گومڕا بوون و دەرچوون لە دینیان داونە پاڵ و بە ئیسرائیلی دووم ناویان بردوون، ئیسلامیە سیاسیەکان بەوەشەوە نەوەستاون و بە (اللە اکبر)ی سیاسی کەوتوونە چاوبەستنی خەڵکی ساویلکە و کوشتنی سەربەخۆخوازانیان بە ڕەوا زانیوە و بەناوی برای دینی داگیرکارانیان کردوونە فریادڕەس و بە کەنیزە کردنی ژن و کچی کوردیشیان بۆ حەڵاڵ کردوون.

بە درێژایی میژوو کورد لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر کوردبوون کوژراوە و هەوڵی لەناوبردنی دەراوە، کوردی ئەوەندە دەبەنگ و نەزانیشمان هەن، یان ڕاستتر بڵێم کوردی ئەوەندە خیانەتکار و وڵاتفرۆشمان هەن بە ناوی سۆشیالیزم دەبنە بەشێک لە دوژمن و داوا کردنی مافی نەتەوەیی بوون بە نەتەوەپەرست و سەربەخۆیی کوردستان بە ئێکسپایەر و ماوە بەسەچوو ناو دەبەن، لەوەش خراپتر گرووپگەلی وامان هەن دەبنە پارێزەری یەکپارچەیی وڵاتانی داگیرکار و وەک ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا، بە خیانەت و وڵاتفرۆشی وەڵامی خواستی سەربەخۆیی دەدەنەوە و ڕێگای دەرچوون لە نەهامەتی و کارەساتە نەتەوەییەکانی سەر گەلەکەی خۆیان دەگرن.

ئەرێ بەڕاست تورک و فارس و عەرەب کێشەی چینایەتی

وێستگەکانی گەشەسەندنی شیعەگەرایی سیاسی لە عێراقدا





بارزان محەمەد عەلی*

فراوانبوونی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان پشت ئەستوور بە کۆماری ئێران، هاوشان بوو لەگەڵ کردارى ئازایانەو تووندوتیژانەی دژ بە رژێمی سەدام، لە ناوەڕاستی **1979**دا (موجاهیدەکان) لە ناوەڕاستی خودی بەغدادا هێرشیان دەبرد، دامەزراوەی ئایینیی کە لەلایەن (کۆمەڵەی زانایانی ئایینیی) لە نەجەف سەرکردایەتیی دەکرا، پشتیوانی خۆی پیشاندا بۆ خەباتی چەکداری، لە ئۆکتۆبەردا فەتوایەکی دەرکرد هانی شەڕیدا لە دژی بەعس، لە کۆتایی **1979**دا حیزبی دەعوە لیوای چەکداری خۆی دامەزراند کە ناوی (هێزی شەهید سەدر) بوو.

ڕاپەڕینی 1991ی باشوور

ئۆپۆزسیۆنی شیعە لە دژی سەدام وەکو هی کوردەکان لەگەڵ داگیرکردنی ناوادەی کوێت لە 1990دا بوژایەوە. هەرچەندە بزوتنەوەی شیعە بێ هێزکرابوو، پردی نێوان حەوزە کە هێشتا لە نەجەف و کەربەلا بوو بە پێشەوایەتی ئایەتوڵلا ئەلخۆنی و جڤاک بەر لەسیدارەدانی ئایەتوڵلا سەدر شکا، بەبێ کەسایەتییەکی کاریزمایی کە بتوانێت ئامادەیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری شیعە بقۆزێتەوە و جڵەوی بکات لەگەڵ راکێشانی حەزە بەرەو بواری سیاسیی، بۆ سەدام تا رادەیەک ئاسان بوو کە بزوتنەوەی شیعە لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکات.

ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی کە لە ساڵی 1991دا لە باشوور بەرپابوو لە دژی سەدام، رووداوێکی خۆکرد بوو بە بێ هاندانی حیزبە سیاسییەکان بە پێچەوانەی ڕاپەرینەکەی دوایی کوردان، پارتە ئیسلامییە سەرەکییەکان نەیانتوانی تێکەڵ بەو ڕاپەرینە بن کە سەریهەڵدا. لە کۆتاییدا یاخیبووە شیعەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی دەزگا شیعییە کۆنەکانی دامەزراوەی ئاینییەوە. کە لە ئایەتوڵلا عوزما ئەلخۆنیدا خۆی دەنواند، کۆمەڵگەی مەدەنی پارچەپارچە بووی شیعە بۆ هەمووان ئاشکرابوو لەگەڵ شکستهێنانی ڕاپەرینەکە، ئەو بە سیاسییکردنە زۆرەی حیزبە چەکدارە شیعەکان کە بەرەنجامی جەنگی ئێران و عێراق بوو بۆچوونێکی هەڵەی لەلا دروست کردبوون لەسەر بەهێزی بانگەشەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان، ڕێکخراوەکانی وەکو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق و تارادەیەک کەمتر دەعوە لەبەرچاوی زۆربەی عێراقییەکان بە دەستێکەڵکردن لەگەڵ ئێراندا ناشیرین ببوون.

لەدوای هەشت ساڵی درێژ و دڕاندانەی شەڕ کە تیایدا زۆربەی زۆری عەرەبە عێراقییەکان بەبێ گوێدانە ناسنامە تائیفی پێکەوە بەرەنگاری هێرشی ئێرانی بوونەوە، حەماسەتێکی کەم لەنێو خەڵکی سادەی شیعە هەبوو بر ڕاپەڕینێک لە دژی ڕژێمی سەدام کە ئێران سەرپەرشتی بکات. گروپە سیاسییە شیعەکان نەیاری سەدام هەڵەیەکی کوێرانەیان کردبوو بە هاوکارییکردنی تاران، بەڵام چارەیەکی تریان نەبوو، لەمەوە شەرعیەتی خۆیان لە ناوخۆدا لە دەستدابوو، ئەمە بەتایبەتی ئەو حاڵەتە بوو کە ئەنجوومەنی باڵا و محەمەد باقر حەکیمی دەگرتەوە کە وتارەکانی دژ بە ڕژێم لە تارانەوە لە کاتی جەنگی ئێران و عێراقدا هیچی نەکرد جگە لە بەهێزکردنی چەپۆکی سەدام بەسەر کۆمەڵگای شیعەوە، بەچواندنی ئەنجوومەنی باڵا وەکو بووکە شووشەی دەستی ئێران. بانگەشەی سەدام لەسەر کۆنترین خووی مرۆڤایەتی دامەزرابوو ژ حەزی پاراستنی خاک و ناوچە، بانگەوازەکە پشتی دەبەست بە پەیامێکی سادە، بەڵام بەهێز: پێویستە سنوورەکانی عێراق لە دژی دوژمنکاری ئێرانی بێگانە بپارێزن.

لەم سەروبەندەدا، شیعەگەرایی رادیکاڵی دەکرا وەک تابووری پێنجەمی خائین و ترسناک وێنە بکرێت، کە هەرەشە لە ئاسایشی خاکی عێراق دەکات، سەدام عەرەبەکانی عێراقی وەها وێنە دەکرد کە بەرگریی لە جیهانی عەرەبی دەکەن لە دژی ئوردووی ئێرانییەکان و باسی پاڵەوانەکانی رابردووی دەکرد، وەک نەبوخوز نەسر کە فەلەستینی داگیرکرد و سەلاحەددینی ئەیوبی کە شەڕی خاچپەرستەکانی دەکرد. هەوڵەکانی ئەنجوومەنی باڵا بۆ سەرکردایەتیی کردنی راپەرینی باشوور راستەوخۆ لە خزمەتی رژێمدا بوو، وای لەسەدام کرد ڕاپەرینەکە وەها وێنا بکات کە هەرەشەیەکە بە فیتی ئێران لە دژی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتێکی عەرەبیی، ئەمە یارمەتی ئەوەی دا کە مەڵبەندی سوننەنشینی لە دەوری رژێم خۆی تۆکمە بکات و هێز و وزەی لە ڕاپەرینەکە بڕی، لەمەش زۆر گرنگتر بە فیعلی زەمانەتی ئەوەی کرد کە ئەمریکا نەیەتە هانای یاخیبووەکانەوە، ڕاپەرینەکە بە زووبی بە ئەوپەڕی دڕندەیی سەرکوتکرا، ڕەنگە هەرگیز ژمارەی ئەو شیعانەی کە کوژران نەزانرێت، بەڵام بەگوێرەی سەرهەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە دوای شەڕی 2003 ژمارەکە دەبێ لە دەیان هەزار دا بێت.

لە لووتکەی ڕاپەرینەکانی 1991دا، رژێم تەنها کۆنترۆڵی 3 پارێزگای دەکرد لە کۆی 18 پارێزگا، رژێمی سەدام ئەو کاتە لە هەرکاتێک نزیکتر بوو بۆ سەرکردایەتیی کردنی سەروەختێک رووبەڕێکیان دادەپۆشی کە نزیکەی 20 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبوو، لە دەوروبەری بەیەکگەیشتنی هەردوو رووباری دیجلەو فورات لە باشووری عێراقدا، زۆنگاوەکان (مەعدانەکان)ی لەخۆ دەگرت، کە ژمارەیان بەسەدان هەزار دەبوو بۆچوونی شیعەیان هەبوو، زۆنگاوەکان هەروەها دەوڵەمەندترین یەدەگی نەوتی وڵاتیان داپۆشیبوو لە کێڵگەکانی مەجنوون و قورنە ی خۆرئاوا کە بە بەڵگەوە بە هەردووکیان 40 تا 50 بیلیۆن بەرمیل نەوتیلن تێدایە، شێوە ژیانی عادەتی مەعدانییە ڕەسەنەکان پەیوەست بوو بە هەڵومەرجی شوێنی دەمێنێت، ئاوهاش دواتر هەمان تاکتیکی بۆ باشوور بەکارهێنا.

لەدوای شکستی ڕاپەڕینەکەی باشوور، هێزەکانی سەدام گەڕانەوە بۆ زۆنگاوە وێرانەکان، مەعدانییە ڕەسەنەکان بە تاوانی دەستتێکەڵکردن باجی تاکتیکە پێشووەکانی داگیرکردنە سەربازییەکەیاندا، بەدوای ئەوەشدا سەرتاپای ژینگە زۆنگاوییەکان وشککرا، هەموو چەکێک بەکار هات بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆنگاوەکان، تۆپبارانکردن و هێرشی ئاسمانیی و ناپاڵم و تەقە لێکردن بە مەبەستی کوشتنی ئەمانە هەموو کوشتاری کوردەکانی وەبیر دەهێنایەوە لە هەڵمەتی ئەنفالەکاندا. هەروەها بە هەمان حەماسەت و زەبری سادییانەوە ئەنجام دەدران، بە هەزاران لە مەعدانییەکان ڕایانکرد بۆ ئێران، لەوانەی مانەوە گەلێکیان لەنێوبردران یان بێسەروشوێن کران، هاش و هوشی ستراتیژیی ئابووریی چاککردنی زۆنگاوەکان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ بەدرۆ دەرچوو، ناوچە وشککراوەکان کەمترین بەڵگەی سەرکەوتوویی زەوی چاککردن بوون، ڕاپۆرتی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە تووندی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوە "بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری کاولکردنێکی بەرفراوان و مەینەتی مرۆییە".

* **ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ.**









کوردستان لە میدیای جیهاندا

بارزانی لاپەرەیەکی تازە لە بەغدا دەکاتەوە

Al-Arabiya

ئەگەر سەرۆکوەزیرانی هەنووکەیی عێراق کەسێک جگە لە عادل عەبدولمەهدی بوایە ئەوا ئەستەم دەبوو بیر لەوە بکرێتەوە مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەم کاتەدا، سەردانی بەغدا بکات، ئەویش دوای قەیرانێکی هەرە مەترسیدار و تووندی پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا پایتەختی عێراقی فیدراڵ و هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق... سەردانی بارزانی بۆ بەغدا لەکاتێکدا دروست ئەنجام درا چونکە هەردووڵا هەر لەو کاتەی بەغدا دەستی بە قەیرانی پێکهێنانی کابینەی تازە کردووە کاتێکی زۆر دەیویست.کراوەیی بەغداو هەولێر بە ڕووی یەکتر پێشبینی دەکرێت دەستەبەری هاندانی لەبار بێت بۆ تەواوکردنی پێکهێنانی کابینەی عێراق.هەروەها بەرژەوەندی گشتی عێراق لەوەدایە کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەولێر ئاسایی بکرێتەوە بەو پێیەی کە پێویستیەک هەیە بۆ دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆری هەرێمی کوردستان کە ئەم پرۆژەی دەست پێکراوە.

ئامانجی سەردانی بارزانی بۆ بەغدا

Al-Monitor

دوای گەڕانەوەی لە بەغدا ،مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دووپاتی لەسەر ئەوە کردەوە کە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق زیاتر لە حەیدەر عەبادی لە پرسەکانی کورد و چارەسەرکردنیان تێدەگات و هاوکارە. دوای بەغدا، بارزانی لە نەجەف لەگەڵ موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر کۆبوونەوە. ئەمەش سیاسەتێکی تازە لێدەکەوێتەوە کە لە سایەی گۆڕانکاریە نوێیەکان هێزە عێراقیەکان کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی جێی ناکۆکیان کۆنترۆڵ کردووە و کوتوبەند بەسەر خاڵە ستوورییەکان سەپاندووە، هەروەها پەسەندکردنی بودجەی دوو هەزار و نۆزدەی عێراق و پێداگیری بەغدا بۆ کەمکردنەوەی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمتر لە سەدا حەڤدە جێی پرسیار بووە. لەمبارەیەوە، موحسین سەعدوون سەرکردە لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە ئەڵۆنیتۆری ڕاگەیاندووە کە بارزانی لەگەڵ عەبدولمەهدی و سەرکردەکانی دیکەی عێراق باسی لە کۆتلەکانی پەرلەمان ، کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کرد، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ سەردانەکەی بۆ بەغدا خواستی بارزانی بووە بۆ کارکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسیەکەی لە دانووستانەکانی نێوان کۆتلەکان. کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەدر بۆ میانگیری و کۆتایی هێنان بە بنبەستی دانووستانەکان لەسەر پێکهێنانی حکوومەتی عێراق.

چۆن تورکیا دەتوانێت پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەسەد بگۆڕێت

The Daily Star

ئەگەر سەرکردایەتی کورد لە سووریا هەست بەوە بکات کە وەکو پێویست لەلایەن ئەمەریکاوە پشتگیریان لێناکرێت و بەرژەوەندیان لە جەنگی دژ بە داعش نەپارێزرێن، ئەوا ڕووی خۆیان بۆ وەستاندنی گرژیەکانیان لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد دەگۆڕن و لەبری ڕوو لە بازنەی پێشووی خۆیان دەکەن. ڕەنگە ئەوان تەنانەت ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەسەد بکەن کە بە تەواوی لە بەرژەوەندی ئەسەد بێت بە جۆرێک کە پەیەدە هاوشێوەی ئەوەی لە ڕابردوو لە نزیک منبج کردی بۆ ئەوەی ڕێگری لە هێرشی تورکیا بکات و هاوشێوەی پارسڵ لە کاتی هێرشی تورکیا ، عەفرینی ڕادەستی هێزەکانی بەشار ئەسەد کرد. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر بنەمای چالاکی ئەمەریکا لە هاوینەوە، ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە کە ئیدارەی تەرمپ دریژ بە بوونی سەربازی خۆی تا دوو هەزار و نۆزدە بدات کە خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێران و تێکشکانی داعش و کارئاسانی بۆ قۆناغی گواستنەوەی سیاسی لە سووریا دەبینێتەوە.

پارتی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستانی دەکات



بۆ پیرۆزبایی و پەیوەندی نێوان هەردوولاو هەماهەنگی زیاتری نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستانی لە هەولێر کردو لەلایەن شێخ عەبدوللا و دکتۆر سەعید نزار دەستەی سەرۆکایەتی حزب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەو دەستەی نوێ سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئاراستە کردن و تەمەنای سەرکەوتن و بەردەوامی لەخەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بەپرسە دیموکراتیەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکان لەگەل پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان، لەبەرامبەردا دەستەی سەرۆکایەتی پارتی بونیاد سوپاسی هەماهەنگییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد بۆ هاوکاری کردنی حزب لەسەرکەوتنی گۆنگرەی پارتەکەیان، هەرلەو دیدارەدا باروودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆرانکاریەکان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق و کوردستان و گفتوگۆکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان لەم بارەیەوە تیشکی خرایەسەر، هاوکات بایەخی گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی حکومەتی کوردستان و سەرۆک بارزانی لەگەل ناوەندە نێودەولەتیەکان و حکومەتی عێراق پربایەخ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بەگرنگ وەسف کرا، هەر لەو دیدارەدا تەئکید لەیەکریزی تەواوی حزب و لایەنە سیاسیەکان و هۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پالپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

ساسان عەونی: پارتی لەگەڵ ئەو لایەنانە حکوومەت پێکدەهێنێ کە خواستی سەقامگیرییان لە کوردستاندا هەیە



بەمەبەستی ئاشناکردنی کادیرانی پێشکەوتووی سەندیکاو رێکخراوو کۆمەڵەو یەکێتیەتییەکان بە دواین بڕیارو گۆڕانکاریە فعلییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەجیندا و بەرنامەی داهاتوویی، ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی رێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگەل دەستەی باڵای سەندیکاو رێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان، لە هۆڵی دەستە تیشکی خستە سەر دواین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی. هەڵگ ساسان عەونی لەسەرەتادا ئەوەی دووپاتکردەوە کە حزب بە شێوەیەکی گشتی لەژیانی دیموکراسیدا هەڵبژاردن رێک دەخات و بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بەهێنێت. پارتیش وەک حزبێکی جەماوەری لە ڕێی دیسپلینەکانی هەڵبژاردنەوە خۆی وەکو دیارترین حزبی گۆڕەپانی سیاسی هەرێم عێراقی فیدراڵ سەلماند، بۆیە بەڵای پارتییەوە گرنگە کە بۆ جەماوەرەکەی بنەماکانی ژیانی سیاسی ئایندەی کوردستان و عێراق روون بکاتەوەو وەک پارتێکی بەرپرسیار هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی و توانای وەرگرتنی بڕیاری سیاسی چارەنووسازو تەواوی هەبێت. بەرپرسی دەستەیی جەماوەری و پیشەییەکان جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەر حزبێک لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی و یاسایی لە ناو پەرلەماندا بەپێی دەستور حکومەت پێکدەهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کە بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی بەڕێوەچوو، بڕیار درا، بە دیاریکردنی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرێز مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکایەتی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بۆ بەجێگەیاندنی ئەو یاسایانەی کە پارتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە خەڵکی داوە، کە لە چوار ساڵی داهاتوودا کار بۆ سەقامگیربی سیاسی و چاککردنی بژێوی خەڵک و ئاوەدانی دەکات لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بە فیعلی خواستی سەقامگیرییان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر ئێمە یەکگرتوو نەبین ئەوا ئەوانی تر دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆمان دەکەن




خەبات- دهوک:

ب سەرپەرشتیا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ کومبونا نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCC دگەل تیمێ هەماهەنگیێ کو ژچەند فەرمانگەهێن میری پێک دهێت هاتەسازکرن.

دکومبونێدا جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ رونکرن دانە سەر کار وئەرکێن نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCوارلێ وێ باش سەنگاند و ژئەندامێن تیمێ هەماهەنگیێ خواست کو هەردەما رودانەک هاتە پێش هاریکاریەکا بەردەوام دگەل نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCبکەن بو وێ یەکێ هەردەم دئامادەباشیێ دابن بو بەرسڤدانا هەر رودانەکا سروشتی یان رودانەکا نەخوازیار وبەرهەڤیا کارگێریا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ کو کار وئەرکێن نڤسینگەهێ وتیمێ هەماهەنگیێ باشتر وبلەزتر بهێنە ئەنجامدان.

پاش رێڤەبەرا نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCال دهوکێ رونکرن دانە هوکارێن دامەزراندنا نڤیسینگەهێ و کار وئەرکێن وێ بەرچاڤکرن وگوت نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCC فەرمانگەهەکا فەرمی یە سەرب وەزارەتا نافخویا هەرێما کوردستانێ یە وئەرکێ وێ پاراستن وخزمەتکرنا وەلاتییانە دەمێ رودانێن نەسروشتی یان رودانێن بفرۆشرێت ئەوەی غاز گرانتر بدات ئەوا سزا دەدرێت بەتایبەتی ئەو بریکارانەی کەلەلایەن کارگەی غازەوە مۆڵەتیان وەر گرتبێت ئەوا ئەوانە سزادەدرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئەوانەی لەبازاڕی ئازاد کاری غاز قرۆشتن دەکەن ئەوا ئێمە لێی بەرپرسیار نین دواتر.

سۆران... چەند کەسێک بە دراوی ساختەوە دەستگیر کران



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران، هەواڵی دەستگیرکردنی چەند کەسێکی بە دۆلار و پارەی ساختە لە دەڤەری سۆران ڕاگەیاند.

ڕائید سەعدوون نەبی هاودیانی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران، دوێنێ چوارشەمە /5 12/2018بە باسنیوزی ڕاگەیاند، دوای وەرگرتنی زانیاریی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان لەسەر ئەوەی کەسێک ویستوویەتی لە کاتی شتکڕین پارەی ساختە ساخ بکاتەوە، بەختەوەرانە توانرا لە سەرەتاوە لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە کەسێک دەستگیر بکرێت، ئەویش ناوی چەند کەسێکی دیکەی داوە و لە ئەنجامدا 3 تۆمەتبار دەستگیر کران.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران، گوتیشی: ئەو کەسانەی کە دەستگیر کراون، بەتەمای ئەوە بوون بڕە پارەیەک و دۆلاری ساختەی ئەمریکی لە بازاڕەکانی کوردستان ساخ بکەنەوە، بەڵام لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران و ڕووبەڕووی یاسا کراونەتەوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانا کومبونەک دگەل تیمێ هەماهەنگیێ سازکر

خەبات- دهوک:

ب سەرپەرشتیا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ کومبونا نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCC دگەل تیمێ هەماهەنگیێ کو ژچەند فەرمانگەهێن میری پێک دهێت هاتەسازکرن.

دکومبونێدا جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ رونکرن دانە سەر کار وئەرکێن نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCوارلێ وێ باش سەنگاند و ژئەندامێن تیمێ هەماهەنگیێ خواست کو هەردەما رودانەک هاتە پێش هاریکاریەکا بەردەوام دگەل نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCبکەن بو وێ یەکێ هەردەم دئامادەباشیێ دابن بو بەرسڤدانا هەر رودانەکا سروشتی یان رودانەکا نەخوازیار وبەرهەڤیا کارگێریا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ کو کار وئەرکێن نڤسینگەهێ وتیمێ هەماهەنگیێ باشتر وبلەزتر بهێنە ئەنجامدان.

پاش رێڤەبەرا نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCال دهوکێ رونکرن دانە هوکارێن دامەزراندنا نڤیسینگەهێ و کار وئەرکێن وێ بەرچاڤکرن وگوت نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCC فەرمانگەهەکا فەرمی یە سەرب وەزارەتا نافخویا هەرێما کوردستانێ یە وئەرکێ وێ پاراستن وخزمەتکرنا وەلاتییانە دەمێ رودانێن نەسروشتی یان رودانێن بفرۆشرێت ئەوەی غاز گرانتر بدات ئەوا سزا دەدرێت بەتایبەتی ئەو بریکارانەی کەلەلایەن کارگەی غازەوە مۆڵەتیان وەر گرتبێت ئەوا ئەوانە سزادەدرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئەوانەی لەبازاڕی ئازاد کاری غاز قرۆشتن دەکەن ئەوا ئێمە لێی بەرپرسیار نین دواتر.

نەچاڤەرێکری چێدبن وژئەندامێن تیمێ هەماهەنگیێ خواست کو هەر ئێک ب گورەی تایبەتمەندیا خو هاریکاریێ دگەل نڤێسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCال پارێزگەهێ بکەت بو وێ یەکێ بلەز بەرسڤا هەر قەیرانەکێ بهێتە دان وزیانێن رودانێ ل سەر وەلاتییان بهێنە کێمکرن.

پاش چەندین پسیار وپێشنیار ژلایێ بەرهەڤبویان ڤە هاتنە کرن وبەرسڤ ل سەر هاتنە دان.

هەژی گوتنێ یە نڤێسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCال ساڵا 2014ێ هاتیە دامەزراندن پشتی ژمارەکا زور یا ئاوارەیان ژ قەزا شنگالێ ودەروبەرێن موسل وجهێن دی قەستا هەرێما کوردستانێ کرین .

نڤێسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانا GCCلقێن خو ل دهوک وهەولێر وسلێمانیێ هەنە.

بەهۆی گرانفرۆشتنی غازەوە چەند بریکارێکی غاز سزادراون



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەندازیار بەختیار پشدەری بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر سەبارەت بە گرانبوونی غازی ماڵان ڕوونیکردەوە: بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین نرخی غاز لەسەر هاوڵاتیان گرانتر بکرێت هەربەهۆی گران فرۆشتنەوەیەش چەند بریکارێکی غاز سزادراون و هەندیک لەوانەش مۆڵەتی بریکاریان لێ وەرگیراوەتەوە. شایانی باسە بەهۆی هاتنی وەرزی سەرماوە بەکارهێنانی غاز زیادی کردووە یەکێک لەوانەش لەلایەن بەڕێوەبەری کارگەی غاز ئامادەی بەوەشدا بەهۆی گرانفرۆشتنی غازەوە ژمارەیەک بریکاری غازیان سزاداوەو هەندێ لەوانەش بریکاری غازیان لێ وەرگیراوەتەوەو دەبێ نرخی غاز لەلایەن بریکارەوە بە حەوت هەزارو 500دینارە بگاتە دەست هاوڵاتیان.

گەرمیان... بەکارهێنەرێکی مادەهۆشبەرەکان بە چوار ساڵ زیندانیکردن حوکمدرا

خەبات- سەبریە یوسف:

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە بۆ خەبات نێر دراوەو تێیدا هاتووە: پاش ئەوەی لە بەروارى 23/5/2018 لە لایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان توانرا تاوانبارێک بە تۆمەتی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکانەوە بە ناوی (ئا. ا. ا.) لە دایک بووی1980بەرەگەز کورد و دانیشتووی ناحیەی کۆکس دەستگیربکرێت و پاشان دۆسیەکەی خرایە بەردەم بەرێز دادوەری لێکۆڵینەوەو پاش چەندین دانیشتنی دادگا و خستنە ڕووی بەڵگەکان و دانپێدانانی تاوانبارى ناوبراو بە تاوانەکەیدا.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتوە سەرەنجام ڕۆژی /5 12/2018لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان بڕیاری سزادانی تاوانبارى ناوبراو بە پێی مادەی14/2ماددە هۆشبەرەکان بە ماوەی4ساڵ زیندانی سزادرا.

لە دوا بەشی ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتوە سەرەنجام ڕۆژی /5 12/2018لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان بڕیاری سزادانی تاوانبارى ناوبراو تۆمەتبار دەستگیر کران.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سۆران، گوتیشی: ئەو کەسانەی کە دەستگیر کراون، بەتەمای ئەوە بوون بڕە پارەیەک و دۆلاری ساختەی ئەمریکی لە بازاڕەکانی کوردستان ساخ بکەنەوە، بەڵام لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران و ڕووبەڕووی یاسا کراونەتەوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

www.xebat.net
پێنجشەممە 2018/12/6 ژمارە (5648)
خەبات

وەزیری دارایی و ئابووری هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گومرگ و خانەنشینیی بەسەرکردەوە



رۆژی سێشەممە 4/12/2018 لە پارێزگای هەولێر ڕێباز حەمەلان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم سەردانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و خانەنیشنی هەرێمی کرد.

لە سەرەتای سەردانەکەی وەزیری دارایی و ئابووری بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ هەڵوێستی هەرێم بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لەسەر سنوورەکانی هەرێم و هەروەها ئاماژەی بە ئەرکەکانی گومرگ لە پاراستنی سنوورەکانی هەرێم و ئاسانکاری بازرگانی دەرەکی و ناوخۆ کرد.

کارگێڕی فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی کرا لە پێناو باشتر رایکردنی کاروباری هاوڵاتیان و بازرگانان، بەڕێوەبەری ئایتی گومرگ ئاماژەی بە هەنگاوەکانی بە ئەلیکترۆنیکردن کرد کە هەنگاوی باش نراوە.

هەروەها باس لە گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا تایبەت بە ڕێکخستنی پێناسەی گومرگی و ئەو کێشە و گرفتانەی لەبەردەم جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە و بۆ ئەمەش وەزیری دارایی و ئابووری رونیکردەوە کە داوامان لە بەغدا کردوە خاڵە گومرگیەکان لاببرێن کە داواکاری بازرگانان و کونسوڵخانە و نوێنەری وڵاتانە لە هەرێم.

پاشان ڕێباز حەمەلان، وەزیری دارایی و ئابووری سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کرد و سەرجەم بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەسەرکردەوە و گوێی لە فەرمانبەران و ئەو هاوڵاتیانە گرت کە سەرقاڵی رایکردنی کاروبارەکانیان بوون.

هەروەها کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و هەردوو هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە بردنی کارەکانیان بە ئاسانی بەڕێوە بچێت و لە هەردوو بەشی سەربازی و شارستانی.

بەرپرسێ لقێ ئێک دگەل هەردوو لقێن زانکۆ و پەیمانگەهێن دهۆکێ کۆمبوو



هەلگرتبوو د سەنگەراندا بون نەخاسمە د شورەشا گولانا پێشکەفتنخوازدا کو گەلەک ژ وان خو گوری ڤێ ئاخێ کرن و هندێن دی ژی ئەڤرو ب سەربلندی ڤە سەرکردێن ڤی گەلی نە ئەڤرو ژبو پاراستن و ئاڤەدانکرنا کوردستانەکا بهێز لێ تێهن و کەدا هەوە پێش هەمییان دهێت چونکە هین خودانێت علم و مەعریفەتێ، هین دبن رەشمالەکا نیشتمانی و نەتەوایەتی کار دکەن ئەو رەشمال ئەڤرو بویە قوتابخانەکا نشتمانپەروەرا کۆ ئەوژی ڕێچکە و ڕێبازا بارزانییێ نەمرە و بزانین و زانستێ هەوە ئەم چاڤەریی دەستکەفتێن مەزنین، هەروەسا ئامادەبونا خو بو هەرپێتڤیەکێ بو قوتابییان دیارکر، ئەڤە و ئامادەبویێن ڤێ کومبونێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر و سوز دا کۆ ئەم ژی هەڤ ڕێبازێن هەڤالێن خو ێن بەری نوکە بین ژ بو خزمەتکرنا تەخا قوتابییان و پارتا خو بین.

پارێزگەرێ دهۆکێ کارمەندێن تیمێ 122یێ هەوارهاتنا بلەز خەلاتکرن



خەبات- دهۆک: دوهی نیڤرو 2018-12-5بەرێز فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ هەڤدیتنەک دگەل کارمەندێن تیمێ نڤێسینگەها 122 هاوار هاتنێن بلەز سازکر.

دهەڤدیتنێ دابەحسێ ئەرک وخزمەتێن تیمێ 122پێشکێش دکەت ل بەروکێن شەری ول سەر ڕێکێن گشتی ل قەزا وناحیا وهەموو جهێن پێدڤی هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ بناڤێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وکارگێریا پارێزگەهێ سوپاسی ودەست خوشی ل هەموو کارمەندێن تیمێ 122یێ هاوار هاتنێ کروگوت ئەو کار وخزمەتێن هەوە ل بەروکێن شەرێ دژی تیرورستێن داعش وجهێن دی پێشکێشکرین جهێ ڕێزگرتنا سەرکردایەتیا هەرێما کوردستانێ نە وهەوە ئەرکەکێ راستەقینە یێ نیشتمانی ونەتەویی ئەنجامدایە وکارخەباتا هەوە ل هاڤین وزڤستانا وگەرم وسەرما ول مەترسیا جهێ ڕێزگرتن وسەربلندیێ یە وبەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ .

پاش بەرپرسێ تیمی چەند ڕونکرن دانە سەر کاروئەرکێن تیمی وپێدڤیێن گروپێن تیمی وخواست کو ئەو پێدڤی بهێنە دابینکرن بو وێ یەکێ گروپێن تیمی پتر خزمەتێ پێشکێش بکەن.

پاش پارێزگەرێ دهۆکێ خەلات ل سەر ئەندامێن تیمی بەلافکرن.

هەڤی گوتنێ یە تیمێ 122یێ هاوارهاتنا بلەز ل سالا2014ێ هاتیە دامەزراندن ، وبنگەهێن چارەسەریێن دەستپێکی وبلەز ل خالێن بەرەڤانیا پێشمەرگەی و ل هەموو قەزا وجهێن فەر وڕێکێن سەرەکی هەنە و55 ترومبێلێن ئەمبلانس ژی هەنە بو ڤە گوهاستنا پێشمەرگەی وتوشبویێن رودانا .

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەفین حاجی کانەبی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرباز حاجی کانەبیبرای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی براتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

لە کەلار کرێکارێک گیانی لەدەستدا

خەبات- سەربە یوسف:

بەهۆی تەقینی تایەی ئۆتۆمبێلێک، کرێکارێک گیان لە دەست دەدات و پۆلیس ئاشکرای دەکات خاوەن دووکانەکە بە برپاری دادوەر گیراوە.

لەو بارەوە، عەلی جەمال، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، بەخەباتی راگەیاند: ئەمڕۆ لە ناوچەی پیشەسازی شارۆکەی کەلار لەکاتی گۆڕینی تایەی ئۆتۆمبێلێک، دەتەقێت بەکرێکاریکدا بەناوی ئەیاد ئیبراهیم سلێمان لەدایکبووی 1992دانیشتووی کەلار گازینۆ. وتیشی: پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا، ئێستە بەمەبەستی تۆپکاری تەرمی کرێکارەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کەلار کراوە و خاوەنی دووکانەکە بەپرپاری دادوەر و بەپێی مادەی 411گیراوە.

سیمینارێک بۆ کاراکردنی یاسای مافی بەکاربەر بەڕێوەچوو



خەبات- رەسوڵ سالح:

سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە 5/12/2018لە هۆلی سیمینارەکانی ژووری بازرگانی هەولێر سیمینارێک سەبارەت بە یاسای مافی بەکاربەر ڕێکخرا.

لە سیمینارەکەدا سەرەتا د. زەکی فەتتاح باسی لەم یاسایە لە جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و دواتر بە وردی باسی لە خاڵەکانی ئەم یاسایە کرد و دواتر باس لە گرینگی ئەم یاسایە بۆ هەرێم کوردستان کرا.

موحسین محەممەد بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنان لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کە نوێنەری دیوان بەشداری سیمینارەکەی کردبوو، بۆ خەبات گوتی: ئێمە وەکو دیوانی چاودێری دارایی کە بەشێکین لە پرۆسەی ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی یاسا ئابووری و دارایییەکان و بە پێی یاسای خۆمان بۆمان هەیە بەشداری لە هەموارکردنی پرۆژە یاسای سەرجەم ڕێنماییەکانی تایبەت بە بواری ڕێکخستنەوە و دارایی و ئابوری، بۆیە وەکو دیوان بەشداریمان لەم کۆنفرانسە کرد کە بە سوپاسەوە لە لایەن ژووری بازرگانی و پێشەسازی هەولێر ڕێکخرابوو کە زانیاری زۆرمان لە لایەن پێشکەشکاری سمینارەکەوە وەرگرت لەبەر ئەوەی ناوبراو توانیمان ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە سوودی لێ وەربگرێت و، لەدەستمان دەربچێت، بۆیە زۆرجار کە ئێمە بێدەنگین، دەزانین بۆچی بێدەنگین.

ئەوەی ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە سوودی لێ وەربگرێت و، لەدەستمان دەربچێت، بۆیە زۆرجار کە ئێمە بێدەنگین، دەزانین بۆچی بێدەنگین.

توانیمان ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە، دەستگیربکەین. عەمید ئاسۆ تەها زانیاریی لەبارەی تەقەکەرەکە ئاشکراکرد و، ڕایگەیاند ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە لەدایکبووی ساڵی 1982لە، دانیشتووی دەرەوەی سلێمانییە، بەناوی (هـ. ع. ک) و پیشەی کاسبە. پێشتر دەمانچەیەکی جۆری میکارۆڤی کرپیوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانەی پێ ئەنجامبدات، هەر دوێنێش دەمانچەکەی فرۆشتووەتەوە. لەبارەی هۆکاری تەقەکردنەکە، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەڤانان، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند هۆکاری ئەو ڕووداوە ئێمە جێبەجێکردنی بۆ لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی دادگا بڕیاری لەبارەوە بدات، چونکە لەوانەیە قسەیەکی ئێمە ببێتە هۆی ڕووناکی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەنجامدەرەکەیان دەناسن و بتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دۆزینەوەی.

ئەو کەسەی لە سلێمانی تەقەی لە دکتۆر کەمال ئەحمەد کرد دەستگیرکرا



ئەو کەسەی لە نۆڕینگەکەی خۆی سێ گوللەی لە دکتۆر کەمال دا، لە سلێمانی دەستگیرکرا و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە 72کاژێر لە ڕووداوی تەقەکردن لە دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید، پزیشکی نەشتەرگەریی گشتی لە سلێمانی، هێزەکانی پۆلیس توانییان تەقەکەرەکە دەستگیربکەن. عەمید ئاسۆ تەها، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی دوێنێ چوارشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، بەهۆی گرنگیی ڕووداوەکە چەند ئەفسەرێکمان ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەرەداوێکمان دەستبکەوێت، سەرئەنجام کاژێر 12:00ی 5-12-2018

بەڕێوەبەری شارەدێی بەمۆ: مەرزی پشتە بەنێودەوڵەتی دەکرێت



بەڕێوەبەری شارەدێی بەمۆی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، ڕایدەگەیەنێ: لێژنەیەک لە دەستەی دەروازە سنووربییەکانی عێراق سەردانی مەرزی پشتەیان کردووە و سەبارەت بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزەکەش ڕاپۆرتی کۆتاییان نوسیووە و پێشکەشی حکومەتی عێراقی دەکەن.

حاکم عادل مەلاسالح، بەڕێوەبەری شارەدێی بەمۆ، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ڕۆژی چوارشەممە 2018.12.5لێژنەیەک لە دەستەی دەروازە سنووربییەکانی عێراق سەردانی مەرزی پشتەی سەر بە شارەدێی بەمۆ لە پارێزگای هەڵەبجەیان کرد و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیانیان لەسەر مەرزەکە نووسی و دەیدەن بە حکومەتی عێراق و بڕیار لەسەر بە نێودەوڵەتیکردنی دەدرێت.

ڕوونیشی کردەوە: هەموو ئەو مەرجانەی کە پێشتر حکوومەتی عێراق دابانبوو بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی، جێبەجێمان کردووە و ئەو فەرمانگانەی کە پێویستە لە مەرزی نێودەوڵەتیدا هەبێت و ئێستا لە مەرزی پشتە بوونیان هەیە، هەروەها هەموو ڕێکارەکان تێدا جێبەجێ دەکرێت و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەر پەرشتی مەرزەکە دەکرێت.

مەرزی پشتە، دەکەوێتە شارەدێی بەمۆی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، لە دوای ڕاپەڕینی1991وە خاڵێکی سنووری نافەرمی بووە لە نێوان وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان، بەڵام دواتر کراوەتە خاڵێکی نیمچە فەرمی، ئێستاش کار بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی ئەو مەرزە دەکرێت.

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی میکانیک بەناوی هەریم علی کاکەوێس وون بووە هەرکەسێك دەزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٢٢٧٦ بەروار: ٢٠١٧/٩/٢٠ بەری ١,٥١٥,٠٠٠ بەناوی هیمت قادر محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خليل حسين خليل

قدم السيد / حسين خليل يوسف طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / حسام الدين احمد علي

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

بۆ بەڕێز/ بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی

بەکرێدانی کافتریای دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

ئاگاداری گشت لایەن و بەڵێندرێك دەکەینەوە کەوا ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ جا هەرکەسێك ئارەزووی هەیە بۆ بەکرێگرتنی کافتریا بە سەردانمان بکات یاخود پەیوەندییان پێوە بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر ماوەی راگەیاندنەکە بۆ یەك مانگ دەبێت لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لەیەکێك لە رۆژنامە ناوخۆییەکان.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستەکان

انور عبدالله محمد

بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٥٥/ت/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٣

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٤٦٩٢/هەولێر –تایبەت) جۆری (مازدا صالون) مۆدێل (١٩٩١) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سعدی رسول مولود) لە رۆژی (٢٠١٨/١٢/١٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

فەرمانگەی دادنووسی شەمامك

هۆبەی تۆمارکردنی ئامێرەکان

ژمارە: ١٣٧

رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥

بەپێی داوای داواکار (ستی یاسین محمد) و سکالای لەرێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٢ دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بە خۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك و ئەندامانی لێژنە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتمەند چووین بۆ جێگای ئامێرەکان لە (شامك) پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.

دادنووس/ صالح صادق حمدامین

١- کۆمپریسەری هەوا ژمارە/ ٢٥١٠٢٢٤٧٨٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١١,٣.

٢- ئامێری کەتەر ژمارە/ ٨٠٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.

٣- ئامێری لەحیم ژمارە/ ٨٠٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٦.

٤- ئامێری شارعە ژمارە/ ٧٩١١٢٠١٠١٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ توانای A٢,٤.

٥- ئامێری شارعە ژمارە/ ٤٩١٦٢٠١٠١٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤,٣.

٦- ئامێری شارعە ژمارە/ ٨٠٩٠٤٣٤٦٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤,٥.

٧- پریس ژمارە/ ٨٠٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ هێزی دەست.

٨- مەقەس ژمارە/ ٨٠٠٠٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ هێزی دەست.

٩- مۆلیدە ژمارە/ ٨٠٠٠٤ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز.

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە/ ٣٠٤٦/ ب٥/ ٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سامان حاجی جمیل)

داواکار (محمود عباس وسو) داوای ژمارە ٣٠٤٦/ ب٥/ ٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەرانەوەی بری (٨٣٦) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ کۆمەڵگای لاوان) لە ٢٠١٨/١١/١٣ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٨/١٢/٢٦) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٤٤

رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢

ئاگاداری

لەسەر داوای پارێزەر (محمد زبير عيسى) بریکاری هاوواڵتی (محمل مجيد محمەر) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (محمل بن رسول بن احمد) بۆ (محمەر رسول احمد) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٥، ٥٤، ٥٦، ٦٩، ٧٥، ٩٩) کەرتی ٤٢/سوەکە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بەرهەڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٣٢٢/ج/٢٠١٧

بەروار: ٢٠١٨/١٠/٣٠

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (کویستان حەمەرشید محمدامین)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لەرۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەدەی ٧ لەیاسای تونددتیژی خێزانی وە بپێچەوانەوە ئەگەر نامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت, پاڵپشت بەئەحکامی مادەدەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر/ محمد شفيق حمه

***

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٣٦٢/ك/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١٠/٢٨

ئاگاداری

سکاڵاکار/ سەرباز عبدالله محمد

تۆمەتبار/ نیاز ناصح محمود

بۆ تۆمەتبار نیاز ناصح محمود کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی ٢٠١٨/١٢/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٣٦٢/ك/٢٠١٨ بەپێی مادەدەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بگوێرەی یاسا.

دادوەر/ بەختەوەر صابر سعيد

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسینەی سۆران

ژمارە : ٢٨٩/ش/ ٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٨

پێراگەیاندن بە بریاری پاشملە

بۆ/ داوالێکراو (ایدور اوسك ئودنس دوتر)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئەم دادگایە لە دادبینی داوای ژمارە (٢٨٩/ش/٢٠١٨) لە رێکەوتی (٢٠١٨/١١/٢٦) بە پاشملە بڕیاری دا بە پەسەندکردنی تەلاق لە نێوان داواکار (ریبوار احمد عبدالله) و داوالێکراو (ایدور اوسك ئودنس دوتر) و هەژمارکردنی بە تەلاقی (بائن بینونة صغری) و لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادار دەکرێیەوە بە ناوەرۆکی بڕیارەکە و مافی نارەزایی و تانە لێدانت هەیە لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ بلال غازی كاك امين

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤٦٢ /ش/٢٠١٨

رێکەوتی ٤/ ١٢ / ٢٠١٨

راگەهاندن

بو / داوالێکراو: (سلفانا هندریکا ایفرس) خودانا رەگەزناما هولەندی

قێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٦٢ /ش/٢٠١٨) ل روژا (٢٠١٨/١١/٢٧) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (فاخر رمضان حامد) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / يوسف الياس سدن

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/سەلاحەددین

ژمارەی دۆسیە/٥/انابە/٢٠١٨

رێکەوت/٢٠١٨/١١/٢٨

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاحەددین مولکی ژمارە ١٨/٨١٥٨ ك ٩ کە کەوتوەتە سەلاحەددین دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سفین سعید امین کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی خالد احمد علی بەبڕی/ ٣٦,٦٠٠,٠٠٠ سی و شەش ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرِیارە.

جێبەجێکاری داد / لاوژە محمد باقی

١ – شوێن و ژمارەی/ سەلاحەددین ژمارە ١٨/٨١٥٨ ك ٩ سەلاحەددین

٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە هەیکەلێکی دوونهۆمی

٥ – رووبەرەکەی/١٤٠ م٢ بەشی قەرزار ١- نهۆمی یەکەم ٢ ژوورو هۆل حەمام تەوالێت

٢- نهۆمی دووەم ٣ ژوور هۆل

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧-نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٣٦,٦٠٠,٠٠٠ سی و شەش ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار.

***

رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٥٤/٣٠٠/١/١

رێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٤

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ بو جارا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێکنا ٣ دوکانا ل کەرتێ سەرسنگێ بو ماوێ ٢ دوو سالان هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایی خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا سەرسنگێ بکەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا سەرسنگێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی دگەل رێزگرتنی.

هەڤپێچ/

* بریار و هەمی بەراهیك.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

رێڤەبەرێ گشتی

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٢٢٣/کەتن/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٨

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکەری (عبدالکریم ایوب الشیخ احمد) تو یێ هاتیە دادگەهکەرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ١ ئێك سال لدیڤ بەندێ ٢٠١٨/١/٤٥٦أ ژ یاسا سزایێ و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تو بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ نەرازیبونا خو دەبری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٤٠٩/کەتن/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١٠/٢٥

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکەری (قاسم بدیع فتاح) تو یێ هاتیە دادگەهکەرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٦ شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ١٧ ژیایا یا پاسپورتا یا ژمارە ٣٢ یا سالا ٢٠١٥ و بدەلاەتا بەندێ (١٥) ژ هەمان یاسا, و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تو بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خو دەبری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٥٢٥/جنح/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکەری (احمد نزیر یوسف) یێ نەنیاس جهێ ئاکنجیبوونا تو یێ هاتیە دادگەهکەرن بێی ئامادەبوون بکوژمێ پارەیی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەدو پێنجی هزار دیناری ئیراقی لدیڤ بەشێ ١/٢١ یاسایا هاتووچوونێ ژمارە ٨٦ سالا ٢٠٠٤ (المعدل بالقانون رقم ٢ لسنة ٢٠١٨ الصادرمن برلمان اقليم كوردستان) و ئەکەر نەدیت دی هیتە زیندانکرن بو ماوێ هەیڤەکێ (شهر واحد) و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تو بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خو دەبری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ مەها و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (FOSROC KRI) بۆ دروستکردن و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ دانا خطاب عمر

ناونیشان/ هەولێر- گوندی ئینگلیزی ٤٠٥

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٩١٤٨

ئیمیل: dana@nuriyabaLaw.com

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (گەلالە) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ ئالان جمال حسن

ناونیشان/ ایطالی/١

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٧٩٤٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (WIDE GATE TECH) بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبا و میکانیکی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر- ژووری پارێزەران)

پاکتاوکار/ محمود نوزاد عبدالجبار

ناونیشان/ ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٢٢٣٧٨

((ئاگاداری))

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای((روشەنگ ROSHANG یا بازرگانیا گشتی وئینانا وبرنا ئاژەلێن زیندی - سنوردار)) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانی داوە لە کومپانیای ((روشەنگ ROSHANG)) بۆ کۆمپانیایی ((ئاینا/INA)) یا بازرگانیا گشتی وئینانا وبرنا ئاژەلێن زیندی - سنوردار , بۆیە داواتان لێ دەکەین هەر کەسێ نارازیە یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی دا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ مەتری بەرامبەر سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆیەك لایکردنەوەی کێشەکان.

ئاراس رؤوف عارف

ب . گ. تومارکردنی / بە وەکالەت

((ئاگاداری))

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای((ئاینا / INA یا بازرگانیا گشتی وبرێکارێن بازرگانی وئینان وبرن - سنوردار)) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانی داوە لە کومپانیای ((ئاینا/INA)) بۆ کۆمپانیایی ((روشەنگ ROSHANG)) یا بازرگانیا گشتی وبرێکارێن بازرگانی وئینان وبرن - سنوردار), بۆیە داواتان لێ دەکەین هەر کەسێ نارازیە یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی دا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ مەتری بەرامبەر سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆیەك لایکردنەوەی کێشەکان .

ئاراس رؤوف عارف

ب . گ. تومارکردنی / بە وەکالەت

* * *

رئاسة محمكة استئناف منطقة اربيل
محكمة احوال شخصية اربيل
العدد/ ٢٧١٢/ش٢/٢٠١٨
تاريخ/ ٢٠١٨/١٢/٥
اعلان
الى المدعى عليه (زينب ناصر عبدالحسين) محل اقامتك مجهول
قررت هذه المحكمة فى الدعوى المرقمة ٢٧١٢/ش٢/٢٠١٨ بتاريخ ٢٠١٨/١١/٢٩ الحكم عليك (النشوز) و لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (الدور) تقرر تبليغك بواسطة جريدتين يوميتين محليتين ولك حق الاعتراض و التمييز خلال المدة القانونية البالغة عشرة ايام و بعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.
القاضي/ طارق حسين كريم

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٨٤/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١١/٢١
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێ پاشملە (زکری حسنی خواجة)
ئێ دادگەهێ بڕیار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ سالەك و شەش هەیف ل دویڤ مادەێ ٢٩٨/٢٨٩ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٤٨٤/ج/٢٠١٨ تەوا هاتیە تومارکرن ل نفیسینگەها سەختە ب ژمارە ٢٠١٥/٧٤ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخو و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.

دادەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە: ١٣٥٨/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١١/٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێ پاشملە (ولات عبدالغنی محمد)
ئێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٤٥٣/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣٥٨/ج/٢٠١٨) تەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن نوروز ژمارە ٢٠١٨/١٣٠ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژناميێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ناماەبوونێ گریت.
دادەر/ عصمت كوليك اسماعيل

* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە: ١٤٩٣/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٠/٢٩
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێ پاشملە (بێوار قادر حسن)
ئێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (ساەکێ) سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٤٩٣/ج/٢٠١٨) تەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن خبات ژمارە ٢٠١٨/٢٣٣ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژناميێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ناماەبوونێ گریت.
دادەر/ عصمت كوليك اسماعيل

* * *

دادگەها ڤەکولینا زاخو
ژمارە/ ٨٢٤
ڕێکەفت/ ٢٠١٨/١١/٢٩
ب/ئاگەهدارکرن
بە مەبەستێن لێکولینێ ل دوسەیا ژمارە (٢٠١٨/٩٨) تەوا تومارکری ل بنگەهی پولیسێن (درکار) ڤێ دادگەهی بریاردا کو ژلایی هەوە ڤە بیتە بەلاڤ کرین سەبارەت بەرزەبوونا تاوانلیکراو /المجنی علیه (رشو الیاس رشکو) ژ دایك بوویی (١٩٧٨) ئاکنجیێ زاخو ل کمبا ناحیا (درکار) هەر کەسکی بیزانیننەك لە سەر هەبیت ئاگەهداریا دادگەها مە بکەن
دادەر/ شرمين شوكت طاهر

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١١٥٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : توما يوسف فرنسيس
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فبرونیە جبو حنو) کە (٦٣٠٠٠٠٠٠) شیست وسی مەلیون دینار عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : وردیە یاقو مروکی
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (توما کورکیس حنا) کە (٨٩٠٠٠٠٠٠) هەشتی ونەە مەلیون دینار عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : فرنسيس يوسف فرنسيس
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فبرونیە جبو حنو) کە (٦٣٠٠٠٠٠٠) شیست وسی مەلیون دینار عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠١٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : بيى حنا توما
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (توما کورکیس حنا) کە (٧٠٠٠٠٠٠٠) حەفتی مەلیون دینار عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٥٤١/ب/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٣
جاردان
بۆ/ داوانێکراو (بەرێوەبەری ڕێ پێدراوی کۆمپانیای ئوزال سەرەڕای کارەکەی)
داواکار (هۆگر غالب رشید) داوای ژمارە ٥٤١/ب/٢٠١٧ لەم دادگایەی تۆمارکردووە لەسەر داوانێکراو (بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئوزال- سەرەڕای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ئوزال ستی بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە (دعوی حادثە منضمە) لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/١٣ بەپێچەوانەوە دادبین بەپاشملە ئەنجام دەدرێ دەرحەقت.
دادەر/ قباد شێرزاد نوری

* * *

دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ٢٦٢/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٠/٢٢
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێ پاشملە (شیرکو عابد محمد)
ئێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٣) سێ سالا سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (٢٦٢/ج/٢٠١٨/١) تەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن داسنیا ژمارە ٢٠١٧/٣٦٠ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤا ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ناماەبوونێ گریت.
دادەر/ عبدالرزاق مجيد عبو

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە:١٦٤٧٥/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٨/١٢/٤
ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٣٥ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ١/١٠٥٠٤ ك ٩٤ باداوە.. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆڕینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٦٦٥٤/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٨/١٢/٥
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ئەم شوێنانەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەشی ژمێریاری داهات بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی ٣٠ یەمین دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- شوێن و جۆری بەکارهێنان/ (١٠) دە دانە دوکان ناو تونێلی سەر شەقامی پێش کۆلێژی زانست و پەروەردە بۆ مەبەستی پەراوگە و فۆتۆکۆپی وێنەگرتن و کافیتیریا و پەرتوك فرۆشی و پێداویستیەکانی جوانکاری ئافرەتان ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٨٢
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حردان طه احمد) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٤
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەهامین) بۆ (بازرگانی گشتی و برینی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٨٢
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حردان طه احمد) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٤
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەهامین) بۆ (بازرگانی گشتی و برینی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٤٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شام) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٣٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/٨/٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (SKY CLASS) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/٨/٥
مافپەروەر / دلزار اسماعيل احمد
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Ankara City) بۆ (بازرگانی گشتی / سنووردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای هەولێر
پاکتاوکار / نشوان حجي عبدال
ناونیشان / دهوك - سێ گرکا
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٣٠٢٣٨٣٨

جوبران خەلیل جوبران دڵی شاعیر و ویژدانی هونەرمەند





بۆتان جەلال

شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی گەورە و دیاری لوبنان (جوبران خەلیل جوبران) تەنها 48ساڵ ژیا، بەڵام چرکە بە نرخەکانی ژیانی لە داهێنان و بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی شیعر و ئەدەب و وێنەکێشان تەرخان کرد و بەو چەند کتێب و تابلۆ و وێنە فۆتۆگرافیانەی دوای خۆی بەجێیهێشتن خۆی بە دنیا ناساند. شتێکی نامۆ نەبوو نۆبەرەی بەرهەمەکانی بە کتێبێکی بچکۆلانە دەربارەی (میوزیک) دەست پێ بکات، چونکی زۆربەی ئەندامەکانی خێزانەکەی میوزیکژەن و پسپۆڕی ئەو بابەتە بوون، وەلێ لە ناویاندا جەبران ببێتە هونەرمەندێکی بە توانای بواری هونەری فۆتۆگرف و پاشان دەست بکات بە نووسینی شیعر و لەویشدا دەستبالای خۆی بسەلمێنێ و لە نووسینی وتار و ڕەخنە و شانۆنامەشدا دەست ڕەنگین بێت و ئەفراندنی گەورە بەدی بهێنێ، ئەمەیان مایەی هەڵوەستە و تۆڕێنەوەیە.

ئەم نووسەر و شاعیرە لە ساڵی 1883لە گوندی بەشری لە لوبنان لە خێزانێکی باروگوزەران مام ناوەندیدا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە.

دەستپێکی قۆناغەکانی خوێندنی لە لای کاهینی گوندەکەیان بووە، وانە سەرەتاییەکان لەسەر دەستی ئەو دا فێربووە، پاشان چەند دەرسێکی بەرایی لە ئایین و زانستە سروشتییەکان و میژووی خوێندووە، بەناچاری بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دووچاری خێزانەکەی دەبێتەوە، وڵات جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە نیویۆرک و لە ساڵی 1895لەو شارە نیشتەجێ دەبن و پاشان دەچنە شاری بۆستن.

جوبران لە ئەمریکا خوێندنەکانی دەست پێ دەکاتەوە، یەکەمجاریش هونەری وێنەکێشان دەخوێنێ و لەسەر دەستی وێنەکێشی ناودار (هۆلاند دای) تەکنیکی ئەو هونەرە و چەندین وانەی دیکە فێر دەبێت، پاشان ستایلێکی تایبەت بە خۆی دەخوڵقێنێ و پێدەناسرێتەوە، چەند پێشانگایەک لە وڵاتانی جیهان دەکاتەوە و وەک هونەرمەندێکی پیشەگەر لە قەڵەم دەدرێت.

زۆر ناخایەنێت، جوبران بریاری گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی دەدات، پێیباش بوو چەند ساڵێک لە زمان و ئەدەبی عەرەبی بخوێنێ، ئەوە بوو چووە قوتابخانەی (الحکمە) و لەوێش براەدرایەتی لەگەڵ نووسەری ناسراو (یوسف حویەک) پەیدا کرد و پاشان پێکەوە گۆڤاری (مەنار)یان بڵاو دەکردەوە کە وێنەکانی ئەو گۆڤارە هەموو لە لایەن جوبرانەوە دروست دەکران.

بە هۆی توانست و سەلیقە ئەدەبییەکانییەوە، هەموو ئەو دەرسانەی جوبران لەسەر ئەدەب و زمانی عەرەبی لە (الحکمە) وەریدەگرتن، زوو شارەزایی لێ پەیدا دەکرد و بە جوانی سوودی لێ وەردەگرتن، دوای ئەوەی بڕوانامە وەردەگرێت، جارێکی دیکەش بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە و لەوێ خۆی سەرقاڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانێت لەوانەی بە عەرەبی دەیانووسێ بیانکاتە فەرەنسی و ئینگلیزی، یان بە پاشای ئێران ئەو دەسەڵاتەی دەدا، ئەوەی دەیەوێت بیکات. بەم شێوەیە دادوەران لە ترسی کەمبوجیە، یاسایەکی نوێیان دروستکرد تا گیانی خۆیان بپارێزن.

هێرۆدۆت، دەڵێ لە نێو ئایینی پارس شتێکی وەها باو نەبووە. ناوی پارسی هێناوە، کە ئەمەش پارس بوونی زەرتۆشت زیاتر دەسەڵمێنێ.

لەوانەش (لەمەوپێش) و (لم و کەف) و (شێت) و (خواردنەوەی زەوی) و (گومڕاکە)..

ستایلی نووسینی جوبران خەلیل جوبران پتر مەیلی لە توانج لێدان و گاڵتە و گەپ کردن دەکرد، جگە لەوەی هونەرمەندێکی بە توانا و قەڵەم تیژێکی بواری ڕەخنەش بوو، لە وتار نووسین دا شارەزا بوو، وتارەکانی مایەی سەرنج و خوێنەرێکی زۆری کۆدەکردەوە، لە نووسینی شانۆنامەی دا بەتوانا و دەست ڕەنگین بوو، گرنگترین شانۆنامەی، شانۆگەری (دەم و چاوە ڕەنگاو ڕەنگەکان)ە کە هەر خۆیشی تیایدا ڕۆڵی سەرەکی پاڵەوانەکە نمایش دەکات.

لە بواری شیعر، شاعیرێکی ڕاستەوخۆ بەو دوو زمانە ئەوروپییانەش بەرهەمەکانی بڵاو بکاتەوە.

ساڵی 1908گەشتێک بۆ فەرەنسا دەکات و لەوێش خوێندنی هونەر تەواو دەکات و مۆڵەت لە هونەری وێنەکێشان بەدەست دەهێنێ، پاشان گەڕایەوە نیویۆرک، لەو هەموو خوێندنە هەمە جۆرانەیدا چێژ و سوودێکی زۆری لێ بینی و لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەیانی دەکردن و لەوانەش لە کتێبی (ڕۆحە هەڵگەڕاوەکان) و (باڵە شکاوەکان) و (فرمێسک و پێکەنین) و هتد....

ئەم بەرهەمانەی سەرەوە بە زمانی عەرەبی نووسیبوون، چەند بەرهەمێکی دیکەی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردەوە، کە هەر خۆیشی تیایدا ڕۆڵی سەرەکی پاڵەوانەکە نمایش دەکات.

لە بواری شیعر، شاعیرێکی متەسەوف و هەندێجار ڕۆمانسییەکی قۆڵ و جوان پەرست خۆی نیشان دەدا، لە پاش خۆی دیوانێکی گەورەی شیعری بەجێهێشت کە سەرجەم شیعرەکانی تیایە.

یەکێک لەو ئافرەتە شاعیر و نووسەرانەی کە جوبران پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزی لەگەڵیدا پەیدا کردبوو (مەی زیادە) بوو، زۆر دڵیان بە یەکتری دەکرایەوە و چەند نامەی تایبەتیان لەگەڵ یەکتری گۆڕیوەتەوە، لە ئەمریکا لە وڵاتی غەربیی و غوربەتدا لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکەی عەرەب کۆمەڵبەندییەک کە بە (رابطە القلم) ناسراوە، دروست دەکەن، شیعری ئەو کۆمەڵە شاعیرە بە باس کردن لە غەربیی وڵات و ئازیزانیانەوە دەڵێن بە شێرپەنجە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی نیویۆرک کۆچی دوایی دەکات و پاشان تەرمەکەی بۆ گوندەکەی خۆی لە لوبنان دەگوازرێتەوە.

پاش مردنی، سێ بەرهەمی چاپکران لەوانەش (گومڕابووەکە) لە ساڵی 1932و (باخچەی پێغەمبەر) لەساڵی 1933و (خوداوەندی زەوی) لەساڵی 1931بە چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی ئەم کتێبە ڕووناکی بینی .

زەرتۆشت یان زەردۆشت یان ئاشو زەرتۆشت یان زەردەشت



ئەحمەد حاجی مەولود

داب و نەریتی ئایینی، لە گاتاکان بە هیچ شێوەیەک باسی داب و نەریتی پەرستن و قوربانی و بۆنەکان نەکراوە. زەرتۆشت قوربانی کردن و شەراب خواردن و بەکارهێنانی هۆم (جۆرە گیایەک) ڕەت دەکاتەوە. پلۆتارک میژوونووسی یۆنانی نووسیویەتی زەرتۆشت ئێرانیەکانی لە کاتی پەرستنی ئەهورامەزدا تەنیا بە سوپاس کردن هانەدا. ناوی کاهین و پێشەوایانی ئایینی بەر لە زەرتۆشت کرپان بوو، کە داب و نەریتی ئایینی زۆر ئاڵۆزیان بۆ خەڵک بەجێدەگەیاند و سەرەڕای کرێ دەستی زۆر، هێز و توانایی زۆریان هەبوو، هوم خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر بوو، کە لە داب و نەریتی ئایینی دەیانخواردەوە، هەروەکو لە خوا و فریشتەکان دەپاڕانەوە، هەروەهاش هۆمیان بەکاردەهێنا، تا مردنیان لەبیرباتەوە.

بەشی چوارەم

لە هاتی 32ی گاتاکان بەندی 12و 14هاتووە:

ئەی مەزدا نەفرەتی تۆ لەو کەسانە بێت، کە بە هاوارکردنی شادی، گا قوربانی دەکەن.

هەروەها لە قەدەغەبوونی خواردەمەنی سەرخۆشکەر لە ڕێورەسمی ئایینی لە هاتی 48ی گاکاتان، بەندی 10 هاتووە:

ئەی مەزدا، کەی دەرەبەگەکان دەگەنە پەیامی چاکە؟ کەی ئەو شەرابە سەرخۆشکەرە و پیسە لەنیو دەبەی؟ لەو شتەی کە کرپنەکانی کردار ناشیرین و دەسەڵاتدارانی ڕەفتار خراپ بە ئەنقەست خەڵک فریو دەدەن.

هەڵسەنگاندنی کردار لە ڕۆژی پەسلان

مەزدا لە دوای کۆتایی هاتن بە ژیان، لە ڕۆژی پەسلان، لە وڵاتی هەتاهەتایی خۆی ئەوەی چاکە و چاکترە بەو کەسە دەبەخشێ کە ڕەزامەندی ئەویان بەدەستهێنابێ. هەروەها ئەو ناشیرین کردارانە، کە نافەرمانی ئەویان کردووە بە سزا دەگەیەنێت.

هەروەها لە هاتی 46گاکاتان، بەندی 10و 11هاتی 50 بەندی 4و هاتی 51بەندی 13ناوی پردی چینود بردراوە:

وەها ئەو نەفسە درو پەرستە، پاداشتی دڵنیایی ڕێنوێنیکەرانی ڕێگەی ڕاست لە خۆ دوور دەکاتەوە. گیانی لەسەر پردی چینود، لە کاتی لێپێچینەوە دەکەوێتە مەترسی، لەبەر ئەوەی لە کردار و گۆتاری خۆی لە ڕێگەی ڕاست دوور کەوتۆتەوە.

کرپنەکان و کوێیەکان (کاهینانی ئایینی و ڕێبەرانی سیاسی دژ بە زەرتۆشت) بەهۆی دەسەڵاتی خۆیان، خەڵک بەرەو کرداری ناشیرین و ڕێنوێنی دەکەن تا ژیانی هەتاهەتایی ڕۆژی پەسلانی ئەوان لەنێو بەرن. گیان و ویژدانی ئەوان لە کاتی نزیک بوونەوە لە پردی چینود، دەکەوێتە مەترسی. ئەوان بۆ هەتاهەتایێ لە خانووی درۆ (دۆزەخ) دەمێننەوە.


زەماوەند

ڕەخنەی قیزەوەن، کە کۆمەڵگە لە زەرتۆشتییەکان دەگرێت، ئەوەیە، کە گوایە ئەوان زەماوەندی نێوان خوشک و برا بە ڕەوا دادەنێن. لە هیچ ئایینێکی ئاسمانی شتێکی وەها ڕەوا نەبووە، کە خۆشک و برا پێکەوە زەماوەند بکەن.

لە گاتاکان، هاتی 53 نەسیحەتی زەرتۆشت بۆ کچەکەی پوروچیستا، لە کاتی ڕازبوون، دەستبکە بە ڕێورەسمی زەماوەندیکردن.

چۆنیەتی زەماوەند بە پێی بیروباوەڕی سەرەتای ئایینی زەرتۆشت، لەگەڵ ئەوەی دوایی دراوەتە پاڵ ئایینی زەرتۆشت جیاوازە. لەسەردەمی ساسانییەکان هاندەدرا، کە زەماوەند لە نێوان خزمەکان، لە پێویستییەکانی ئایینی و فێرکراوەکانی ئایینی زەرتۆشت بێت، بەپێچەوانەوە، ئەو بۆچوونە نە خودی زەرتۆشت و نە مندالآن و نە پەیڕەوانی ئەو، شتێکی وەهایان نەکردووە. دوور و نەگونجاوە، کە زەرتۆشت لەبارەی زەماوەند لەگەڵ خزمان زەماوەندی نێوان خزم و کەسی نزیک لە هەندێک خانەدانی پاشایەتی کۆن، بۆ پاراستنی خوێن و ماڵ و سامان باو بووە. ئیلامییەکان و میسرییەکان و تایلەندییەکان و ئەوانەی دیکە ئەو دابونەریتەیان هەبووە. بەڵام بە پێی قسەی هێرۆدۆت تا سەردەمی کەمبوجیەی دووەم، ئەو داب و نەریتە لەلای پارسەکان سەیر و ناشیرین بووە، ئەو قسەیەی هێرۆدۆت، کە ڕاپرسی کەمبوجیە لە دادوەران خۆی دەسەڵمێنێ زەماوەندی خۆشک و برا لەگەڵ داب و نەریتی ئێرانیەکان شتێکی گونجاو نەبووە، چونکە ئەگەر شتێکی وەها بوونی هەبووایە چ پێویستی دەکرد لەگەڵ دادوەران ڕاوێژ بکات، بێگومان ئێرانیەکان دوای سەرکەوتنیان بەسەر میسریەکان، پەیوەندی تەواویان لەگەڵ ئەوان پەیدا کردووە. ئەگەری ئەوە هەیە، لەو سەردەمەدا، بە پەیرەوی کردن لە میسریەکان ,هەندێک لە ئەندامانی خانەدانی پاشایەتی شتێکی وەهایان لە پاشای ئێران ئەو دەسەڵاتەی دەدا، ئەوەی دەیەوێت بیکات. بەم شێوەیە دادوەران لە ترسی کەمبوجیە، یاسایەکی نوێیان دروستکرد تا گیانی خۆیان بپارێزن.

هێرۆدۆت، دەڵێ لە نێو ئایینی پارس شتێکی وەها باو نەبووە. ناوی پارسی هێناوە، کە ئەمەش پارس بوونی زەرتۆشت زیاتر دەسەڵمێنێ.



زەماوەندی لەگەڵ جاماسب وەزیری گەشتاسب وەها هاتووە:

ئێستا تۆ ئەی پوروچیستا، لاوترین کچی زەرتۆشت، من لەسەر پاکی و ڕاستی و ڕەوشت جوانی، جاماسب، کە لە چاکەکاران و پشتیوانانی ئایینی ڕاستییە، بۆ تۆم هەڵبژاردووە. ئێستا بڕۆ و لەو بارەوە بیربکەرەوە و عەقڵی خۆت بکە ڕێنوێنی خۆت و لە قسەیەکی وەهای گوتبێ و خۆی و پەیڕەوانی بەپێچەوانەوە بجوڵێنەوە. هەروەکو لە قسەی هێرۆدۆت دەردەکەوێ، کە بەر لە داگیرکردنی میسر لەلایەن کەمبوجیەی دووەم، یاسایەکی وەها، کە زەماوەند لەگەڵ خۆشک ئەنجام بدرێت، نەبووە، هێرۆدۆت لەبارەی زەماوەندی کەمبوجیەی دووەم و خۆشکەکەی دەنووسێ:

لە هیچ سەردەم و کاتێک لە ئەنجام دابێت و دوای ئەوە زانایانی ئایینی زەرتۆشتیان هان دابێت، تا فەتوا بۆ مەشروعکردنی شتێکی وەها بدەن. هەروەکو لە میسر لەسەردەمی کیلۆپاتریەکان باو بوو، هەر کیلۆپاتریایەک میژدی بە براکەی خۆی دەکرد.

لەبەر ئەوەی لە ئیسلام، باوەڕ بە پێغەمبەران، وەکو باوەڕ بە پێغەمبەری ئیسلام دانەدراوە، زەرتۆشتیش وەکو پێغەمبەرێکی خوا ناسراوە، هەروەکو قورئانی پیرۆز لە سوورەتی حەج، ئایەتی 17 پەیڕەوانی زەرتۆشتی بە مەجوس ناو بردووە و لە ڕیزی پەیڕەوانی ئایینی ئاسمانی داناوە.

[إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَىٰ وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ]

– هەڵبەت خوا لە نێوان خاوەنانی باوەڕ و جولەکە و سابئین و مەسیحیەکان و مەجوس و ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، بەڕاستی لە ڕۆژی پەسلان جیایی دادەنێ، کە ئەو بەسەر هەموو شتێک شایەدە.

لە قورئانی پیرۆز مەجوس وەکو یەک ئایین ناو بردراوە. هەروەها زەرتۆشت خۆی وەکو پێغەمبەران، وەکو باوەڕ بە پێغەمبەری ئیسلام دانەدراوە، زەرتۆشتیش وەکو پێغەمبەرێکی خوا ناسراوە، هەروەکو قورئانی پیرۆز لە سوورەتی حەج، ئایەتی 17 پەیڕەوانی زەرتۆشتی بە مەجوس ناو بردووە و لە ڕیزی پەیڕەوانی ئایینی ئاسمانی داناوە.

[إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَىٰ وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ]

– هەڵبەت خوا لە نێوان خاوەنانی باوەڕ و جولەکە و سابئین و مەسیحیەکان و مەجوس و ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، بەڕاستی لە ڕۆژی پەسلان جیایی دادەنێ، کە ئەو بەسەر هەموو شتێک شایەدە.

لە قورئانی پیرۆز مەجوس وەکو یەک ئایین ناو بردراوە. هەروەها زەرتۆشت خۆی وەکو پێغەمبەرێک دەناسێنێ، کە لەلایەن خواوە ناردراوە، هەروەکو دەڵێ: "ئەهورامەزدا منی بۆ ڕێنوێنی لەو جیهانە هەڵبژارد و من بۆ پەیامەکەم ڕەوشتی پاک فێر بووم".

گومانی تێدا نییە ئایینی زەرتۆشت بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و یەکتاپەرستی زەرتۆشت لەگەڵ هاوبەشدانان بۆ خوا تێکەڵبووە. چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگە ئەو ئایینەیان پڕ کردووە لە ئەفسانە.

وڵاتێک کە ئێرانی پێدەڵێن لە بنەمادا، ئەوە مادەکان بوون ئەویان بنیاتنا، هەروەکو شاعیرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی دەڵێت ئێران مولکی کوردانە. ئەو ئێرانە لە کۆن، گەلێک لە ئێرانی ئێستا پان و بەرینتر بووە، کە ئەفغانستانیش بەشێک لەو ئێرانە بووە، هەر چۆنێک بێت ئەفغانەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە پاراستنی زمانی فارسی. چونکە ئەو زمانە فارسییەی کە ئێستا لە ئێران قسەی پێ دەکرێ، لە ئەسلا فارسی دەری بوو، کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتوریەتی ساسانی، ئەو زمانە لە ئەفغانستانەوە هاتووە بۆ ئێران و بڵاوبۆتەوە. زمانی فارسی بۆ ماوەی چەند سەدە زمانی دووەمی جیهانی ئیسلام بوو لە دوای زمانی عەرەبی، بەڵام بە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی شیعەی سەفەوی، کە هەندێک لە میژوونووسان دەڵێن سەفەوییەکان کورد بوونە، ڕۆڵی زمانی فارسی لە جیهانی ئیسلام بەرەو کزی ڕۆیشت.

هەروەکو میژوو باسی لێوە دەکات، ئاریاییەکان بەهۆی کەش و هەوای ساردی سیبریا کۆچیان کرد و بوونە 3دەستە، دەستەیەک بۆ ئەڵمانیا ڕۆیشتن و دەستەیەک بۆ ئێران، کە ئەوانەش بوونە 2تاقم (ماددەکان و پارتەکان)، ماددەکان، کە بە باوکە گەورەی کوردان ناسراون، یەکەم ئیمپراتوریەتیان لە ئێران دامەزراند و لە دوای چەند سەدە، ئەو دەستەڵاتە گوازرایەوە بۆ پارتەکان و ئیمپراتوریەتی هەخامنشیان پێکهێنا و بەهۆی هێرشی ئەسکەندری مەقدونی ئەو ئیمپراتوریەتە لەنێو چوو. دەستەی سێیەم لە ئاریاییەکان بەرەو هیندوستان کۆچیانکرد.

هەروەکو ئاماژەی پێکرا توێژینەوە نوێیەکان دەیسەلمێنن کە زەرتۆشت دەبێ خەڵکی خوارەزم بێت. ئایینەکەشی لە ئەفغانستان بڵاوبۆوە و دوایی لە سەردەمی ساسانیەکان بووە ئایینی فەرمی وڵات. هەر ئەفغانیەکان زمانی فارسیان زیندوو کردەوە. باوەڕ پێکراوترین کتێبی حەدیس، کتێبی حەدیسی سەحیحی بوخاریە، کە خاوەنەکەی ئەفغانیە. بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئیسلام، ئەبوعەلی سینا لە بوخارا دەرسی خوێندووە. ئەفغانیەکان بۆ یەکەم جار ئیمپراتوریەتی بەریتانیای گەورەیان لە ئەفغانستان تێکشکاند.

ڕێبەری بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام لە سەدەی ڕابردوو، سەید جەمالەدین ئەفغانی بوو. هەروەها دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، یەکێک لە فاکتەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەڕی ئەفغانستان بوو.

وەبیرم دێت لە سەردەمی گۆرباچۆڤ، دەنگۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت بڵاوبۆوە و دەزگای ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا، بەردەوام ئەو قسەیەی دەکرد، کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە و کۆمۆنیزم نامێنێت، بۆشایەک دروست دەبێت و ئەو بۆشایە ئایین بۆ ماوەی 40 ساڵ پڕیدەکاتەوە. دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و لاواز بوونی هزری کۆمۆنیزم و نەمانی شۆڕشی سۆری کۆمۆنیزم، بۆشایەک دروستبوو، کە کەسانێک وەکو فرانسیس فۆکۆمایا کتێبی کۆتایی میژوویان بۆ نووسیەوە، بەڵام هەر خێرا ئەو بۆشایە لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەناو موجاهید لە پێناو بەرژەوەندی ئەمەریکا شەڕی دژی یەکێتی سۆڤیەتیان لە ئەفغانستان دەکرد، پڕ بۆوە و لە وڵاتانی ئیسلامی بڵاو بۆوونەوە و بەناوی گروپی تەکفیری شەڕ و تەقینەوەیان دەکرد و دەیکەن و خوێنێکی زۆر لەو نێوەدا ڕژا و کەسانێکی بێتاوانی زۆریش بوونە قوربانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە. واتا ئەو ڕۆڵەی کە کۆمۆنیزمەکان بەناوی شۆڕشگێڕی دەیانگێڕا، گوازرایەوە بۆ کەسانی دیکە تا ڕوخساری ئیسلامی پێ ناشیرین بکەن. بۆیە هەندێک لە زانایانی ئیسلام ئەوانە بە خەواریجی سەردەم ناو دەبن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا، ئەویش ئەوەیە خێرە شەڕ و خوێنڕشتن لە ئەفغانستانەوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی گوازرایەوە و ئایینێکیش کە نزیکەی 3000ساڵ پێش لە ئەفغانستان بڵاوبۆتەوە، ئێستا لە کوردستان زیندووی دەکەنەوەو هەوڵی بڵاو

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/12/6 ژمارە (5648)

رۆمانی شازادە و شاعیر ونۆستالژیای گواستنەوەی فانتازی



بەشی دووەم

نەجات حەمید ئەحمەد

رووبەکی دیکەی کاریگەریە فانتازیەکانی خوێندنەوە کە هاوسۆزیەکی خەمباربوون لەلای خوێنەر دێنێتە کایەوە هەست و باری سێکسیی نالیە، لە چەند بەشی سەرەتاییدا نووسەر لە سەر ئەو باوەرەیە کە نالی ئەندامی مێیینەی ئافرەتی نەدیوە، بەتایبەتی کاتێک باسی ئەو شیعرە دەکات کە بۆ مەستوورەی نووسیوە، (ئەمە بابەتی ئێمە نییە) هەروەها لە لاپەڕەکانی کۆتاییشدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو هیچ پێ کەوتنێکی سێکسیی نەبووە لەگەڵ هەردوو ئەو دوو ژنەی کە لە دورگەی عەرەبی و لە ئەستانبوڵ هێناویانەتی .

ئەم بیرە خۆی لە خۆیدا بیرێکی تازە و بۆچوونێکی فانتازیی تازەیە

رۆمانnووس هۆکاری ئەم دوور کەوتنەوەیەی نالی بۆ سەودایی و خولیاو باوەری ئاینی وتەمەن دەگەڕێنێتەوە، لە راستیدا ناتوانین ئەوە بدەینە لاوە کە بێ بەش بوون لە سێکس لە تەواوی تەمەنی مرۆڤدا کاریگەریەکی دەروونی و عەقڵیی زۆر لە سەر مرۆڤ جێ دێڵێ ، لەوانەیە هۆکارەکانی ناشوێنی و ئاوارەبوون و گەڕانی بەردەوامی نالی بۆ ئەو نازادبوونە بگەڕێتەوە کە لە شوێندا هەیەتی، ئەمەش لە لای خوێنەرێکدا کە خۆی بە لایەندارێکی فیکری دادەنێت جۆرێک لە نۆستالژیای خودی دێنێتە ئاراوە، نۆستالژیای نزیک بوونەوەی ناخەکیانەی بە سۆز هاتن بۆ مرۆڤێک کە شیعرەکانی لە ژیانیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، بۆ ژیانێکی زۆر تایبەت و زۆر سەرسوڕهێنەری شاعیر کە سەفەرکردنی خستۆتە سەرەوەی کۆی خولیا و حەز و کامەرانیەکانی خۆیەوە، ئەم خولیایەش بابەتێکی تازەی ئەو ژیانە فانتازیەی نووسەرە کە دووبارە دەمان گوازێتەوە دوای نهێنیەکانی ئەم جۆرە جۆرە تەرزەی ژیان وێنە و ئەم جۆرە کردنە ئەو خولیا نهێنیدارەی کە هانمان دەدات دووبارە بیرە پێشینەکانمان بخەینەوە بەر گەڕان و لێوورد بوونەوە، ئەمەش جۆرێک لە گواستنەوە لە بیرکردنەوەمان دێنێتە کایەوە، گەڕانەوە بۆ ژیانێکی سەیرو تایبەتی شاعیرێکی بێ نیشتیمان و بێ ماڵ و پەرگەندە، شاعیرێکی بێ بەش لە ژیانی خێزانداری و منداڵ و نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەم کاریگەریە، کاریگەریەکی فانتازی دەروونیە، نەک فەلسەفی وفیکری، لە راستیدا ئەوە چ فانتازیایەکە کە مرۆڤێک زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە گەڕاوە و تیاياندا ژیاوە، کەچی بێ بەش بوون لە کامەرانیەکی هاوبەش لە نێو هەموو مرۆڤدا کە ئەو بە بێ درکاندنی هیچ شتێک لە شیعرەکانی دەیداتە لاوەو کامەرانترین ساتەکانی ئەو وەکو جێگرەوەیەک بۆ وەلاوە نانی گەورەترین خولیای مرۆڤەکان، خوێندنەوەی شیعرێک بێت لە کۆربەندێکی شاعیران و مەلایان؟ ئەمە چ فانتازیایەکە مرۆڤێک سەرتاپای ژیانی بەتەنیایی بباتە سەر و داوا لە خودا بکات یا مردن یا تاقەت؟

لە ڕاستیدا ئەمە ئاماژەیەکی شاراوەی تێدایە پەیوەست بەوەی کە نالی سێکسی نەکردووە و ئەندامی ئافرەتی نەدیوە، هەروەها پەیوەست بە جێگیر نەبوونی نالی لە شوێنێکدا و پەیوەست بە بازدانی نالی بە سەر هەموو ژیانی لە ناو خێزانەکەیدا کە ئەو برا گەورەبووە و دەبوایە ئەو بیێتە کۆیخا و سەرۆکی هۆزەکەی، ئەمەش دیارترین پرسیار لە خوێندنەوەی ئەو ژیانەدا دێنێتە کایەوە وەکو پرسیاری مەبەستی نالی لە تاقەت چی بووە؟ یا نووسەر نەی ویستووە ڕاستیەک بدرکێنێ؟

ئەوەی بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم درکاندن و زانینانە چ هەستێک یا کاردانەوەیەک لە بیرکردنەوەمان دروست دەکات؟

لە ڕاستیدا قوڵترین وورد‌بوونەوە لەم بەشە هەستیارەی نالی لەوێدایە کە بە ناچاری بەرەو نامۆیی و هەندێک جاریش بەرەو نۆتالژیامان دەبات بەرەو ژیانی خۆی بەرە و سەردەم و شوێن و کاتی خۆی، کە بە هێزەوە سۆزێکی بێ سیما لە دەروونماندا دەکاتەوە بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە، بۆ ژیانێکی تایبەتی مرۆڤێک.


ئەمە هێزی چ فانتازیایەکە مرۆڤێک توانیویەتی ئەو بێ بەش بوونە سێکسیە غەریزیە وەکو بە هێزترین کاریگەریی دەروونی لە سەر مرۆڤ بێ لایەن کاتەوە لە خۆی دوور دەخاتەوە هەژموونی گەورەی ئەم داکەوتنە ئەو ژیانێکی ئاسایی وعەقڵانیی هاوسەنگ دەڤێت؟

ئەم بارە فانتازیایەی خود کاریگەریی لە سەر خوێندنەوەمان هەیە بۆ نالی، پرسیاری زۆر لە ناخمان بەرەو نەزانین و بێ وەلامی دەچن، ئەمەیە ئەو فانتازیایەیە کە بە ناچاری رامان دەکێشێتە نێو ژیانی مرۆڤێکەوە کە ئەوندە هێز و ئەوەندە توانای دەروونیی لە مێشک و دڵ و دەروونیدا گەلاڵە کردووە و چەکەرەکانی ئەو ڕەهایی بوونە ناخەکەیەی بە دڵماندا دەکێشێت، ئەمەیە فانتازیای تەنیا بوون وخودی بوونی نالی لە ڕۆمانەکەدا کە نووسەر مرۆڤێکم ناتوانم لە چوار چێوەی بیرکردنەوەی باودا هێنمەوە، لێرەوە خودێتیی نالی هەروەکو خودێتیەکە کە شارە گەورە و پڕ تاق و دیواری نەخشین و باخچەی پڕ لە گوڵ و زانینە گەورە و مرۆڤە گەورەکان نەخشەی ژیانی دەکێشن، تاکێتیی نالی بەرە و شار و زانین و مرۆڤە گەورەکانی زانین، نۆسالژیایەکی پڕ لە گڕ و ئاگر لە هەناویدا دەکاتەوە، ئەو دەمانچە فرێ دەداتە لاوە، سۆزێکی بێ سیما لە دەروونماندا دەکاتەوە بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە، بۆ ژیانێکی تایبەتی مرۆڤێک.

ئەمە هێزی چ فانتازیایەکە مرۆڤێک توانیویەتی ئەو بێ بەش بوونە سێکسیە غەریزیە وەکو بە هێزترین کاریگەریی دەروونی لە سەر مرۆڤ بێ لایەن کاتەوە لە خۆی دوور دەخاتەوە هەژموونی گەورەی ئەم داکەوتنە ئەو ژیانێکی ئاسایی وعەقڵانیی هاوسەنگ دەڤێت؟

ئەم بارە فانتازیایەی خود کاریگەریی لە سەر

تاکێتیی نالی بەرە و شار و زانین و مرۆڤە گەورەکانی زانین، نۆسالژیایەکی پڕ لە گڕ و ئاگر لە هەناویدا دەکاتەوە



سامان رەت دەکاتەوە، کۆشک و سەرۆک هۆزی و پلە و پایەکانی ناوێت و جێیان دێڵێت، ئەمە دەرکەوتە سێیەراویەکانی خودێکە کە بە دوای خۆیدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە، مانەوەی لەو کولتوور و کەلەپوورەدا مردنی ئەو ئازادیە رەها و پڕ لە چێژیە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەروونیەیە کە ئەو دەکەنە مرۆڤێکی تەنیا و جیاواز لەوانی تر، نووسەر هەموو وەسف و پێناسەکانی شار دەخاتە ڕوو، پەنجە لە سەر ئەم تاکێتیە خۆ وون کەرەی نالی دادەنێت، تاکو وا لە ئێمە بکات ببینە بەشێک لەو ژیانە بەسەرچووەی کە ناتوانین بۆی بگەڕێینەوە، بەڵام ئەم ڕاستیە وورۆژێنەر و هەژێنەری ناوەوە و ناخمانە بۆ گواستنەوە بۆ سەردەمێک کە ئەو مرۆڤانەی تێدا ژیاون و ئەو مرۆڤەی لە مرۆکەماندا نیە پاش زیاتر لە دوو سەد ساڵ وا دەزانین هاوبەشی ڕاز و نەستانن، وا دەزانین نهێنی گیری هەستە مات کراوەکانمانە، لە کۆتاییدا وا دەزانین هاورازی تەنیا بوون و تاکێتیمانە، ئەمە ئەو نۆستالژیا پڕ لە نائومێد بوونەمانە کە هاوشێوەی نائومێد بوونی نالیە لە سەردەمەکەی خۆی و هەمیشە کۆتایی شتەکان بە نەزانراوی دەمێننەوە، ئێمەو ئەویش ئەو ڕاستیە تاڵ و ژەهراویە دەزانین کە ناجێگیر بوون لە شتەکان لە شوێنەکان هاومانای بزربوونێکی بوونگەراییە.

چیمان لەو تاکێتیە نامۆییەی دەرکەوتەی شار بۆ ڕوون دەپێتەوە؟

ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە موچرکی ئەو تاسە هەراسان کارەیە کە نامۆیی لە ناخماند والا دەکات، هەر کاتێک ناتوانین لە ماناکانی ئەو تاکێتیە فانتازیەی نالی و سەردەمەکەی ڕزگارمان بێت، ئەو ژیانە فانتازیە بە دوامانەوەیە، دەست لە هەستەکانمان دەدات، بە خەمناکیەکی پڕ لە نۆستالژیا بیرکردنەوەمان دەروخێنێ، ئەمەیە ئەم نۆسالژیایەی کە هەروەکو پەڕەموچێکمان لێ دەکات کە باو ئاو بۆ کوێ بیەوێ دەیبا ، هەر بۆیە پرسیاری بە پەلەی بیرکردنەوەمان ئەوەیە نالی وەکو مرۆڤێک کە لە سەردەمێکی زیاتر لە دوو سەد ساڵ ژیاوە و کۆچی کردووە چ جیاوازیەکی هەیە لە گەڵ مرۆڤێکی دیکەی بیرکەرەوە کە لەم سەردەمەدا دەژێت؟

نووسەر بە تواناوە کاری لە سەر ئەم خودێتیەی یا ئەم تاک بوونەی شاعیر کردووە، ئەوەتانێ ئەوی وەکو مرۆڤێکی یاخی وێنا کردووە کە نەسۆزی خانەوادە و نە سۆزی هاوڕێیان و نە ماڵی دنیا و نە کولتووری باو و تەنانەت نە پارانەوەی دایکیشی نەیتوانی ئەو لەو حەزە سەرشێت و جلەو نەگیراوەی ئەو وا لێ بکەن لە ناو زەمەن و شوێنێکدا جێگیری کەن ئەو بکەنە ئەو مرۆڤەی بە مرۆڤەکانی دیکە بکات.

داود.. کێشەی نێوان فلۆرەنساو ڕۆمایە



حەیدەر عەبدولڕەحمان

یەکێک لە شاکارە هەرە مەزنەکانی پەیکەرتاشی گەورەی جیهانیی مایکل ئەنجیلۆ،پەیکەری (داود)ە کە لە 8ی ئەیلولی ساڵی 1504بە ئەنجام گەیشتووە و دریژیەکەی 6مەتر دەبێت. پەیکەرەکە وێنەی پیاوێکی ڕووت بەرجەستە دەکات، کە بە شێوەیەکی لار وەستاوە و قورسایی خۆی خستۆتە سەر قاچی چەپی و قاچی ڕاستیشی دریژ کردووە، بینەر وا هەست دەکات کە پیاوەکە خۆی بۆ جولانەوەیەک ئامادە کردووە، مایکل ئەنجیلۆ بە داهێنانی خۆی هەوڵی داوە ئەو سروشە بداتە بینەر کە پیاوەکە جۆرێک لە نیگەرانی پێوە دیار بێت، هەست دەکەیت دیفید بە دیقەتەوە دەڕوانێتە ناحەزانی خۆی و لە ئامادە باشی دایە بۆ بەرێ کەوتن، لە بەر ئەوەی مایکل ئەنجیلۆ بۆ ماوەی پێنج ساڵان لە جەستەی مرۆڤی خوێندووە زۆر بەئاسانی توانیویەتی ئەو جەستەیە بەرجەستە بکات.

پەیکەری داود باس لە چیرۆکی داود و جالوت دەکات لە سەردەمی کۆندا، کاتێ داودی گەنج گاشە بەردێ بۆ جالوت ی زەبەللاح داوێ بۆ ئەوەی لە ناوی بەرێت ..کاتی خۆی کە مایکل ئەنجیلۆ ساڵی 1499و 1501گەڕایەوە فلۆرەنسا هەلو مەرجی ئەو وڵاتە بە تەواوی گۆڕابوو، بە تایبەت دوای لە سێدارە دانی(ساقو نارولا) سەرۆکی فلۆرەنسا و هاتنی (بیر سودیرینی) حاکمی نوێ، لەو کاتەدا سەندیکای کرێکارانی خوری داوایان لە مایکل ئەنجیلۆ کرد، ئەو پرۆژە هونەرییەی پەیکەرتاشی ناسراو (ئەگستینو دی) دەربارەی داود پێغەمبەربەر لە چل ساڵیدا، کە بریتی بوو لە پەیکەرێکی گەورەی داود پێغەمبەر، وەک گوزارشت کردنێک لە ئازادی فلۆرەنسا و لە گۆڕەپانێکی نزیک لە تەلارێکی کۆن دابندرێت، مایکل ئەنجیلۆ لە سەر خواستی سەندیکا رازی بوو، ئەوەبوو ساڵی 1504 پەیەکەرەکەی تەواو کرد و مایکل ئەنجیلۆ بە هۆیەوە ناوبانگێکی زیاتری پەیدا کرد .

ئەوەتا ئەمرۆکەش ملیۆنەها گەشتیار لە هەموو جیهاندا دێنە فلۆرەنسا بە تایبەتی بۆ بینینی پەیکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ لەوانەش پەیکەری داود .

ئێستا بەرپرسیارانی ئەو شارە بیر لە ڕێگا چارەیەک دەکەنەوە بۆ ئەوەی پلانێک دابنێن بۆ کەمکردنەوەی گەشتیاران لەو شارەدا، بە هۆی جەنجاڵی زۆری گەشتیاران لە دەورو بەری ئەو پەیکەرەدا .

ئاژانسی ئانسا لە سەر زمانی بەرپرسانی موزەخانەی فلۆرەنسا دەڵێ: لە 500ە مین ساڵیادی دروست کردنی ئەو پەیکەرە مقۆ مقۆیێکی زۆر دروست بوو لەسەر چۆنییەتی شۆرینی ئەو پەیکەرە ، لە ترسی ئەوەی ئەو شۆرینە کار نەکاتە سەر پەیکەرەکە یا گۆڕینی ڕەنگەکەی، بەڵام لە ئاکامدا شارەزایانی ئەو بوارە وێڕای نارەزایی زۆری زانیان وەزیری ڕۆشنبیر یی ئیتاڵیا (جۆلیانۆئوروبانی) ڕەزامەندی نیشاندا لە سەر پاک کردنەوەی پەیکەرەکە کە بە سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ وێنە هەژمار دەکرێت، هەر لە 500مین ساڵیادی دروست بوونی پەیکەرەکە کێشەیەکی گەورە کەوتە نێوان حکومەتی ئیتاڵیاو والی فلۆرەنسا لەسەر پەیکەری داود لە بەر ئەوەی حکومەتی ئیتاڵیا دەڵێ ئەم پەیکەرە مولکی وڵاتی ئیتاڵیایەو ساماندێکی نیشتمانییە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند پارێزەرێکی ڕاسپاردووە کە لە بنەچەی مولکایەتی پەیکەرەکە بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی مولکایەتی پەیکەرەکە بکەوێتە سەر حکومەتی ڕۆما ، کەچی فلۆرەنسا دەڵێت نەخێر داود مولکی فلۆرەنسایەو هەر بە مولکی فلۆرەنساش دەمێنێتەوە ..چونکە داود هەر تەنها شاکارێکی هونەریی گەورە نیە کە ئەلتەرناتیفی نەبێتەوە بەڵکو سەرچاوەی بە دەست هێنانی گەورەترین داهاتە بۆ فلۆرەنسا ، چونکە ساڵانە ملیۆنەها کەس لە هەموو جیهاندا ڕوو لە فلۆرەنسا دەکەن بۆ بینینی ئەو پەیکەرە کە لەگەڵ بینینی دا هەرگیز لە مەزندەی مرۆڤ دا کاڵ نابێتەوە ..

نیگار کیشی ناسراوی ئیتاڵی (جیورجیو فاساری) کە لە سەدەی شانزدەهەمدا ژیاوە دەڵێت : ئەوەی ئەو پەیکەرەی داود بینیێت ئیدی بەرای بەرای پێویستی بە بینینی پەیکەرێکی دیکە نابێت نە لە سەردەمی ئێمەدا نە لە سەردەمەکانی داهاتووشدا .

بەم شێوەیە داود لە شوێنی خۆی لە ناو دڵی فلۆرەنسا لە گۆڕەپانی(دیلا سنوریا) هەر بە شکۆمەندی مایەوە تا ساڵی 1877ئینجا گواستراوەتەوە ئەکادیمیای فلۆرەنسا .

فلۆرەنسا لای مایکل ئەنجیلۆ سەرچاوەیەک بووە لە سەرچاوەکانی داهێنان، بۆیە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، هەموو دەسەلاتێکی هونەریی خۆی پیشکەش بە شارەکەی بکات، بۆیە نازناوی (کوڕی فلۆرەنسا)ی لە خۆی نابوو، وەک باوکیشی ناوی لە خۆی نابوو هاوڵاتی فلۆرەنسا ، بەڵام دایکی ژێکی هەمیشە نەخۆش بوو، نەیتوانی شیر بداتە مایکلی کوڕەکەی، ئەو کاتەی کە بەدەم ئەو نەخۆشییەوەوە مانۆاوایی لە دنیادا کرد، مایکل تەمەنی شەش ساڵان بوو، لە دەستپێکی تەمەنیدا کاتێ مایکل ئەنجیلۆ بەهەرەی هونەریی تێدا دەرکەوت، باوکی هەوڵی دەدا کە لە هونەر دووری کاتەوە، هەمیشە دەیگوت: هونەرمەندەکان کرێکاری سادەن، بۆیە ناردیە قوتابخانەی مامۆستا (فرانسیسکۆ جالیوتا) لە (ئاربینۆ) بۆ ئەوەی فێری زمان و بنەماکانی زمانی لاتینی بێت .

بەڵام دوایی مایکل ئەنجیلۆ هەر ڕێگەی سروشتی خۆی گرتە بەر و باوکی نەیتوانی ڕێ لە تەقینەوەی بەهرەکانی بگرێت، ئەوەبوو فێری چوار هونەری گەورە بوو، بوو بە نیگار کێشێکی داهێنەرو تەلارسازێکی بلیمەت و شاعیرێکی ئەفسوناوی، وێڕای هونەری پەیکەرسازی، ئەو هونەرەی وای کرد مایکل ئەنجیلۆ لە میژووی مرۆڤایەتیدا بە تاقی تەنیا لە سەر لوتکە بوەستێت و کەس نەتوانێ تێپەڕێنێ ..

مایکل ئەنجیلۆ لە یاداشتەکانی خۆی دەنووسێت و دەڵێت: (کاتێ تەمەنم شانزە ساڵ بوو دەتگوت ئەقڵی من گۆڕەپانی شەڕە، هەمیشە پڕ بوو لە ملمڵانێ لە نێوان پیکهاتەکان و بابەتەکان، هەمیشە هەوڵم دەدا ئەو ئارەزووانەی خۆم لە سەر دیواری وینەگاکەما بەجێ بێڵم) زۆر لە شاکارە مەزنەکانی میکل ئەنجیلۆ لە سەر دیواری کەنیساکان و لە سەر دیواری پەرلەمان ،لەوانەش لە سەر دیوارەکانی کەنیسای (لۆرنیزۆ کەنیسای سکستین) لە فلۆرەنسا ، کە چەند کەسێک بەرووتی نەخش کراوە ، ئەم داهێنانە بوو بە مایەی بەخیلی پێ بردنی نیگار کێشێکی وەک (دومینیکوس) ناسراو بە (جریکۆ)لە ئیتاڵیا ، کە داوای لە پاپا کرد دیواربەندەکە بڕوخێنن لە شوێنی ئەودا خۆی کارێکی هونەری بکات، بەڵام ئیتاڵییەکان بەمە ڕازی نەبوون و زۆر بە تونڈی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو پێشنیارە دەربڕی، بۆیە داوایان کرد کە دەبێ جریکۆ لەو وڵاتە دەربکرێت ..

مایکل ئەنجیلۆ تەنیا ئاواتێکی ئەوەبوو کە لە فلۆرەنسا بمرێت و لەوێش بنێژرێ، بەڵام لە تەمەنی 89 ساڵیدا زۆر بە بێ نازی مرد، کاتێ یەکێ لە برازاکانی لەپارچە کوتاڵێکی لوولداو شەو بە تەنیا بە گالیسکەیەک لە کەنیسای کرۆس لە فلۆرەنسا ناشتی، لە ترسی ئەوەی نەبادا ناشتنەکەی کێشەیەک بۆ ئیتاڵیا دروست بکات.

لۆکا مۆدریچ کۆتایی بەسەردەمی زێڕینی مێسی و رۆنالدۆ هێنا



یاریزانی کرواتی لۆکا مۆدریچ لەهێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید بووە خاوەنی خەڵاتی تۆپی زێڕین بۆ باشترین یاریزانی جیهان لەساڵی 2018؟ دوای ئەوەی لە دووشەمەی رابردوو ئەم خەڵاتانە دابەشکران، کە تیایدا کۆتایی بەدەسەڵاتداریتی رۆنالدۆ و مێسی هێنا، کەلەدەساڵی رابردوودا کۆنترۆڵیان کردبوو. مۆدریچی تەمەن 33ساڵ لەگەڵ ریال مەدرید توانی بۆ جاری سێیەم لەسەر یەک نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەست بێنێت، بەر لەوەی رابەرایەتی هەڵبژاردەی کرواتیا بکات بۆ گەیشتن بەیاری کۆتایی مۆندیالی 2018ی رووسیا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی، کە خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەم خولەشی پێدرا لەگەڵ ئەوەی بوونە خاوەن پلەی دووەم دوای شکستیان بەرامبەر فەرەنسا بە ئەنجامی 2-4گۆڵ. هەر لەدوای ساڵی 2008ەوە رۆنالدۆ و مێسی کۆنترۆڵی ئەم خەڵاتەیان کردووە و هەریەکەو 5جار بەدەستیان هێناوە، کە ئەمەژ ژمارەیەکی پێوانەیی بوو، کە ریکاردۆ کاکا دوایین یاریزا بوو لەساڵی 2007بەدەستی هێنابوو. هەروەها یاریزانی فەرەنسی کیلیان مبابپی خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی پێدرا، لە ئاهەنگی گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ)ی فەرەنسی. هەروەها کچە یاریزانی نەرویژی (ئادا هیگربێرگ) لەیانەی ئۆلێمپیک لیۆن خەڵاتی باشترین یاریزانی ئافرەتی پێدرا، کە ئەمە یەکەمین جارە ئەم خەڵاتە وەربگرێت، لەسەر ئاستی ئافرەتان.

ئیکاردی بووە باشترین یاریزانی خولی ئیتاڵیا

ماورۆ ئیکاردی هێرشبەرو سەرکردەی یانەی ئینتەرمیلان بە باشترین یاریزانی خولی ئیتاڵیا لەساڵی 2018دەست نیشانکرا، لەو ئاهەنگەی کە لەئێوارەی دووشەمە لەشاری میلانۆ بەڕێوەچوو. ئیکاردی تەمەن 25ساڵ یەکەمین یاریزانە ئەم نازناوە لەدەرەوەی یانەی یۆفنتۆس لەدوای ساڵی 2011بەدەست بێنێت، لەدوای زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدی یاریزانی پێشووی یانەی میلان. ئیکاردی لەوەرزی 2017-2018پێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئیتاڵیای بەیەکسانی لەگەڵ هێرشبەری لازیۆ چیرۆ ئیمپۆیلی گرت. هەروەها ئیکاردی خەڵاتی باشترین گۆڵی پێدرا لەمیانی ئەو گۆڵەی بەپاژنەی پێی لە ڤیۆرنتینا لەئاداری رابردوو تۆماریکرد، کە تیایدا سوپەر هاتریکی بەدەستهێنا. هەروەها یانەی یۆفنتۆس بە باشترین یانە دەستنیشانکراو ماسیمیلیانۆ ئەلیگریش بەباشترین راهێنەر بۆ جاری چواردم لەمێژووی.

نەهەز روستایی

بە شاجوانەکەی شەترەنج ناوی دەبەن

بینیتا کاپالی: ئێستا خۆم بۆ پاڵەوانێتی پیشەگەرانی ئاسیا ئامادە دەکەم



دیانە هاوار مورتکەیی

بینیتا کاپالی Binita Kapaliکچە شەترەنجزانی نیپالی هەڵگری نازناوی شەترەنجی قوتابخانەکان و باشترین یاریزانی ئافرەت بووە لە وڵاتەکەی، ئەو کچەلاوە کە ئێستا تەمەنی 23ساڵە شەترەنجی بەیۆویەک خۆش دەوێت کە بۆتە بەشێک لە ژیانی و دەڵێت بەهۆی شەترەنجەوە ناوبانگی و خۆشەویستی زۆرم پەیداکردووە، بینیتا لە دیانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات تیشک دەخاتە سەر ژیانیی شەترەنجی.

زۆربەی پێشبرکێیەکانی قوتابخانەکان یەکەم بووم

بینیتا کە لە ساڵی 1995لەدایک بووە دەڵێت: هەر لە منداڵیەوە شەترەنج خۆشەویسترین وەرزش بووە لای من، لەبیرمە تەمەنم زۆر بچوک بوو کاتێک باوکم و براکەم منیان فێرە ئەو یارییە کرد و بەشێوەیەک پشتیوانم بوون کە بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەم و رکابەریش بکەم لە ساڵی 2007بەفەرمی بەشداری پاڵەوانیتییەکانم کرد، هەروەها لە قوتابخانەش بەشداری پێشبرکێیەکانم دەکرد، کە لە زۆربەی پێشبڕکێیەکانی قوتابخانە پلەی یەکەمم بەدەست دەهێنا، کاتێک لە پۆلی دەیەم بووم توانیم ببمە پاڵەوانی قوتابخانەکان، هەروەها باشترین کچە شەترەنجزان لە نیپال.

خەونەکەم هاتۆتەدی

لەلایەکی دیکە بینیتای نیپالی دەڵێت: سەرەتا خەونی من ئەوە بوو ببمە یاریزانێکی شەترەنج، خۆشبەختانە ئەو خەونەم زوو هاتەدی، چونکە سەرەتا وەک ئارەزوویەک ئەو یارییەم دەکرد، لەو بڕوایەدانەبووم کە رۆژێ لە رۆژان ببمە یاریزان و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکەم، چونکە هەمووان دەزانن لە نیپال زۆر سەختە ببیتە یاریزانی شەترەنج، بۆیە لەمنالیەوە خەونم پێ دەبینی، بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی راهێنەرەکەم Keshav Shresthaبکەم کە ئەو لەسەرەتادا دەستی گرتم و یاساکانی شەترەنجی پێ ناساندم و و بەشداریی پێشبڕکێیەکانی قوتابخانەشم لە ژێر سەرپەرشتی ئەو بوو، دەسکەوتەکانی ئەوکاتم بۆ خودی ئەو راهێنەر دەگەڕێنمەوە.

دۆڕان لەشەترەنجدا نییە

دواتر ئەو شەترەنجزانە دەڵێت: بەلای منەوە شەترەنجە وات ە خۆشەویستی، شەترەنج بەشێکە لە ژیانم، هەموو خەڵک وەک یاریزانێکی شەترەنج دەمناسن، ئەو یارییە خۆشەویستی و رێزی خەڵکی پێ بەخشیوم، زۆر جاران بە شاجوانی شەترەنج ناوم دەبەن، ئەمە هەمووی خۆشەویستییە بۆ شەترەنج، بۆیە پێم وایە شەترەنج بەتەنها یارییەک نییە، دەتوانم بڵێم نیوەی ژیانمە، زۆر باش هەست بەوە دەکەم کە ئەوەی شەترەنج دەکات لە کەسانی دیکە جیاوازترن، زۆر هاوکاری مرۆڤە لە تەرکیز کردن و بەرەنگاربوونەوە، یارییەکی هێمنە، دۆڕانی تیانییە، یان بردنەوە یان فێربوونی زیاتر.

خۆ ئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا

لە کۆتاییدا بینیتا کاپالی لەبارەی خۆ ئامادەکردنی بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتووی گوتی: ئێستا خۆم بۆ پاڵەوانێتی نیپال ئامادەدەکەم، پێش ئەمەش لە کۆتایی ئەم مانگە بەشداری لە پاڵەوانێتی پیشەگەرانی ئاسیای 2018دەکەم کە بڕیارە لە وڵاتی چین بەڕێوەبچێت، کۆڵ نادەم تا دەبم بەباشترین کچە شەترەنجزان لە جیهان.



لەشەترەنجدا دۆڕان نییە، یان بردنەوە یان فێربوونی زیاتر

شەترەنج بەتەنها یارییەک نییە، بەڵکو خۆشەویستییە

ئەتلەتیک بلباو راهێنەرەکەی دوورخستەوە



یانەی ئەتلەتیک بلباوی ئیسپانی رایگەیاند کە راهێنەری یانەکەیان ئیدواردۆ بیریتزۆی ئەرژەنتینی دوورخستەوە، دوای شکستیان گەورەکەیان بەرامبەر یانەی لیڤانتی بەئەنجامی 3گۆڵی خاوێن، لەکۆتایی گەڕی چوارەمی خولی ئیسپانیاو هەستا بەدامەزراندنی راهێنەری تیپی دووەم گایسکا گاریتانۆ لەجیاتی ئەو. یانەی باسکی لەسەر لاپەڕەی خۆی لەتویتەر نووسیویەتی: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بۆندی راهێنەر ئیدواردۆ پیریتزۆی دا، کە لە چوارشەممەوە دەستی پێکردو لەجیاتی ئەو گایسکا گاریتانۆ رابەرایەتی تیپی یەکەم دەکات لەجیاتی دووەم. راهێنەری ئەرژەنتینی بیریتزۆ کە لەهاوینی رابردوو بەر لەدەستپێکی وەرزی تازەدا دامەزرێندرا توانیویەتی لەکۆی 14یاری خولی ئیسپانیادا تەنها یەک سەرکەوتنی تۆمارکردووە، ئەویش لەگەڕی یەکەم بوو بەرامبەر یانەی لیگانیس بەئەنجامی 1-2گۆڵ، پاشان 8یەکسان بوون و 5شکستی بەدواهات، بۆیە ئێستا تیپەکە لەشوێنی مەترسیدایە بە 11خاڵ و بەجیاوازی 3خاڵ لەدوای ڤیاریالی خاوەن پلەی 17.پیریتزۆ بووە چوارەمین راهێنەری لالیگا لەم وەرزە دوور بخرێتەوە، لەدوای راهێنەران لیۆ فرانکۆ/هۆیسکا، گۆلین لۆپێتیگی/ریال مەدرید، ئەنتۆنیۆ محەمەد/سێلتا فیگۆ. پێشتر لگاریتانۆی 43ساڵ راهێنەرایەتی یانەکانی ئیبارو بەلەد وەلید و دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیای کردووە، راهێنەری تازەش لەساڵی 2017بۆتە راهێنەری لاوانی ئەتلەتیک بلباو. ئەرکەکەی لە پێنج شەمەی داهاتوو بەرامبەر هۆیسکا لەمیانی یاری گەڕانەوەی قۆناغی 32ی جامی شا دەست پێدەکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/12/6 ژمارە (5648)
خەبات

ئازیلیکویتا بۆندی چێڵسی تا ساڵی 2022 درێژکردەوە



یانەی چێڵسی ئینگلیزی لەسەر ماڵپەڕی خۆی بڵاویکردەوە کە بەرگریکاری ئیسپانی سیزار ئازبیلیکویتا بۆندی یانەکەی تا ساڵی 2022 درێژکردۆتەوە، یاریزانی تەمەن 29ساڵ لەدوای ساڵی 2012ەوە پەیوەندی بەیانەی لەندەنی کردووە، دوای ئەوەی یانەی مارسیلیای فەرەنسی جێهێشت، تاکو ئێستا لەگەڵ یانەی چێڵسی 298یاری ئەنجامداوە، لەسەر ئاستی هەموو خولەکانی بەشداربووی ئەو یانەیە، لەدوای واژۆکردنی بۆندکەی ئازبیلیکویتا لەسەر لاپەڕەی خۆی لەتویتەر گوتی: دڵخۆشم بەوەی کە لەگەڵ یانەی چێڵسی تا ساڵی 2022بەردەوام بم، لەدوای گەیشتن بە خولی پریمەرلیگ لەساڵی 2012بەردەوام ئارەزووم وابووە باشترین ئاست لەگەڵ یانەکەم پێشکەش کەم، بەڵام ئەمجارەیان پێویستە زیاتر خۆم ماندوو بکەم، چونکە بەرپرسیارێتی سەرکەوتنی ئەم خێزانەم جارێکی دیکە کەوتەوە ئەستۆ.

کەنەدا گەیشتەوە ئەو هەڵبژاردانەی کە گەیشتوونەتە مۆندیالی باسکە



هەڵبژاردەی کەنەدا بووە دوایین هەڵبژاردەی لەپەنجەرەی پێنجەم لە پاڵاوتنەکاندا توانی شوێنی خۆی لەمۆدیالی تۆپی باسکەی جیهانی لەساڵی 2019کە ولاتی چین میواندارای دەکات مسۆگەر بکات، کەنەدا توانی لەسەر حیسابی هەڵبژاردەی بەرازیل خۆی بگەیەنێتە کۆتاییەکان دوای ئەوەی توانی بەئەنجامی 67-94خاڵ لەشاری ساوپاولۆ لەبەرازیل بباتەوە. بەمەش کۆی ئەو هەڵبژاردانەی کە گەیشتوونەتە مۆندیال بووە 18لەکۆی 32هەڵبژاردە ئەوانیش:
چین –ولاتی میواندار
ئەفریقا: ئەنگۆلا، نیگیریا، تونس
ئەمریکا: ئەرژەنتین، ئەمریکا، قەنزوێلا، کەنەدا
ئاسیا: ئوسترالیا، کۆریا، نیوزیلەندا
ئەورووپا: چیکیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، لیتوانیا، ئیسپانیا، تورکیا
14هەڵبژاردەی دیکەش لە پەنجەی پێنجەم و کۆتایی پاڵاوتنەکانی دیکەی دیاری دەکرێن کە لە شوباتی 2019 ئەنجام دەدرێت.

مان سیتی رووبەڕووی مەترسی دوورخستنەوەی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی لەسەرە



یانەی مان سیتی ئینگلیزی مەترسی دوورخستنەوەی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاو خولەکانی ئەوروپای بەگشتی لەسەرە، بەهۆی پێشێلکردنی یاسای خاوێنی دارایی یاساکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ تۆپی پێ. رۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە یەکێتی ئەوروپا دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بڵاوکراوەی ماڵپەڕی (فوتبۆڵ لیکس) لەمانگی رابردوو، سەبارەت بەوەی کە یانەی مان سیتی یاری بە میزانییەکەی کردووەو لە یاساکانی دارایی خاوێنیش رای کردووە، رووندیکردەوە کە یانەی سیتی پاگەندەی ئەوەی دەکرد کە 59.5ملیۆن پاوەند سالانە لە کۆمپانیای چاودێری خۆی وەردەگرێت، کە تەنها 8ملیۆن پاوەندی دەدا، لەمبارەیەوە رۆژنامەکە دەڵێت: ئەلیکساندەر سیڤیرین سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا گوتییەتی کە کێشەیەکی گەورە هەیەو ئێستا لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت، یانەی مان سیتی لە ساڵی 2014بەوە تاوانبار کرا کە یاساکانی خاوێنی دارایی پێشێلکردووەو بڕی 49ملیۆن پاوەندی لێوەرگیرا، بەڵام سەرچاوەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا دووپاتی دەکەنەوە کە ئەگەر ئەم تۆمەتە لەسەر یانەی ئینگلیزی بسەپێندرێت، ئەوا سزاکەی دوورخستنەوە لە پاڵەوانێتییەکانی ئەوروپا دەبێت.



کۆمپانیای ئەدیداس داوایەک لەسەر رافینا تۆمار دەکات

کۆمپانیای (ئەدیداس)ی ئەڵمانی هەستا بە تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لەهۆڵەندا لەسەر ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی رافینا ئەڵکانتارا تۆمارکرد، بەهۆی پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەو بۆندەی لەنێوانیاندا هەیە، بەگوێرەی رۆژنامەی (دی تیلیگراف)ی هۆڵەندی کۆمپانیای ئەڵمانیا داوای لە یاریزانی بەرازیلی رافینیا کرد کە بگەڕێتەوە سەر بەکارهێنانی جل و بەرگ و پێڵاوی وەرزشی تایبەت بەکۆمپانیاکەیان لە مەشق و یارییەکانی، لەدوای دەرکەوتنی لەمیدیاکان داوای قەرەبووی دارایی 100هەزار یۆرۆی کردووە. رافینا ئێستا تووشی پێکانی پەچڕانی ماسولکەی دووسەرەی ئەژنۆی چەپی بۆتەوە، بۆندکەی لەساڵی 2013لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداسی هۆڵەندای واژۆکرد کە لەحوزەیرانی 2018کۆتایی هات، کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەکرد کە یاریزانی ناوبراو داوا دەکات بۆندەکەی تا ساڵی 2023درێژ بکرێتەوە، یاریزانی ناوبراو مەزندەی ئەوەی کردووە کە بۆندی کۆمپانیای ئەدیداس کۆتایی هاتووە هەستاوە بەلەبەرکردنی پێڵاوێکی رەش لە جۆری (میزۆنۆ)ی ژاپۆنی، جێگای وەبیرهێناوەیە دادگای ناوبراو لە 18ی کانوونی یەکەمی داهاتوو بڕیاری کۆتایی دەردەکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 6. Dec. 2018 No: (5648)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پیاوە ناخ و روخسار سپییەکەی کۆیە بە زیندوویی ڕێزی لێگیرا



د.کەیفی ئەحمەد

نەتەوەی ئێمە بەوە ناسراوە کە زیندوو کوژی مردوو پەرستین، ئەم وتەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێمە وەکو تاک و کۆمەڵ هیچ ڕێز و قەدر و قیمەت و بەهایەک بۆ کەسە تێکۆشەر و ماندوونەناس و خاوەن بەخششەکانی بواری جودا جوداکانی سیاسەت و ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی...هتد دانانێین. بە زیندویی دان بە گەورەیی و ڕۆڵە مەزن و داهێنانەکانیان نانێین، بۆ ئەوەی دڵیان خۆشبەکەین و هەوڵەکانیان زۆرتر و فراونتر و باشتر بکەن، هەست بەوە بکەن کە شتێکیان بۆ خۆیان و نەتەوە و کۆمەڵ و کەس و کارەکەیان کردووە، شەونخونی و ماندووبوونەکەیان بە بەیانی، بە لێشاو پارە و پول لەو پێناوە بۆ پرۆژەکانی یادکردنەوەیان خەرج دەکرێت، لەکاتێکا خودی کەسەکە بە هەژاری و دەسکورتی و بێنەوا سەری ناوەتەوە، چەند خۆش دەبوو، ئەگەر ئەو ڕێز و حورمەتەی بە چاوی خۆی زایەنەچووە، بەڵکو بەردەوام دەکەونە بەر هێرشی نارەواو ناو و ناتۆزە و کەمکردنەوە لە کارەکانیان، بەڵام کە کۆچی دواییان کرد و لەنێوماندا نەمان، ئەوسا دەکەوینە پێدا هەڵگوتن و ڕێزلێنان و کۆڕ و سیمینار و کۆنفراس و فستیڤاڵ سازدان و پەیکەر دروستکردن بەڵێ نەک یەکێک لە کەسە نزیک یان دوورەکانی وەکو نوێنەری ئەو لەو شوێنانە ئامادەبێت و ڕێزلێنانەکە وەربگرێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە و بۆ تێکشکاندنی ئەو نەریتە ماوەیەکە کتێبخانەی گشتی کۆیە و بەڕێوەبەرەکەی (م.ئارام سالح) کەوتوونەتە خۆیان و ڕێز لە کەسە شایستە و ماندووەکانی بواربە جیاجیاکانی کۆیە دەگرن، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و یادی تایبەتیان بۆ ڕێکدەخەن و لەوێدا کەسانی شارەزا و بە ئەزموون قسە لەسەر کار و بەرهەم و داهێنانەکانیان دەکەن و ڕۆڵی ئەوان دەخەنەڕوو، ڕێزیان لە چەندین کەسایەتی شارەکە گرتووە تا ئەم جارە نۆرە هاتە سەر ئەدیب و نووسەر و ڕوناکبیر و ڕۆژنامەوان و زمانناس و وەرگێڕی بەتوانا (مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی)، ڕۆژی 27/11/ 2018 لەنێو بالەخانەی کتێبخانەی گشتی کۆیە، بە ئاماده بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەرو ڕوناکبیرو ئەدەبدۆستانی شاری کۆیە و میوانانی شارەکانی دیکەی کوردستان، خەڵاتی زێڕینی ئاڵای کوردستانیان بە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی بەخشی، سەرەتای مەراسیمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد ، پاشان وتاری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان لەلایەن نەوزاد جەلال بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکان پێشکەشکرا ، دواتر وتارە پەخشانێک لەلایەن ئەدیب و ڕۆژنامەنووس ڕەهبەر سەید برایم پێشکەشکرا، لە دواییدا لەسەر پێگەی ئەدەبیی و نووسین و بەرهەمەکانی نووسەرو ژیان و هەڵوێستەکانی، وتاری هەریەک لە نووسەران عەبدوڵلای حەسەن زادە و عەبدولڕەزاق بیمارو عەبدولخالق یەعقوبی پێشکەشکرا .



یەکەم کاری بۆ گەورەیی شەهیدان و پێشمەرگە بووە

کچە هونەرمەند خەندە کەرکووکی:

ئومێدەوارم وەک هەر میللەتێکی تر وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازادمان هەبێت



دیمانە: وریشە عومەر

خەندە کەرکووکی لەدایکبووی ساڵی 1987شاری کەرکووکم وەدەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵم. ماوەی چوارساڵە دەستم بەکاری هونەری کردووە و بەشداریم لەزۆرێک لەچالاکییە هونەرییەکان کردووە کەلەم شارەدا کراوە. ئەزمون و ئاشنابونی من بەدنیای هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2004کەدەستم بەکاری هونەری کردوە ،هەرچەندە هونەر بەگشتی بەهرەیەکە کەخودا بەهەندێکمانی بەخشیوە، هونەرمەند خەندە کەرکوکی وەڵامی پرسیارەکانی خەباتی بەم جۆرە دایەوە:

دەستپێکی کاری هونەریت چۆن بوو؟

هونەر خەونێکی منداڵی من بوو بۆیە هەمیشە ئاواتی ئەوەم هەبوو کەبتوانم دەست بەکاری هونەری بکەم وهەوڵی بۆ بەم..

بەلاسایی کردنەوە دەستت پێکرد، ئێستا دەتوانین بڵێین ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆت دیاریکردووە؟

گومان لەوەدا نییە کەهەریەکێک لەئێمە دەستپێکی کاری هونەری بە لاسایی کردنەوەی گۆرانی هونەرمەندانی تر بووە، بەڵام بەو مانایە نا کەئەوانی تر هیچیان نەکردوە بەپێچەوانەوە..

تاچەند بوار ڕەخساوە بۆ ئێوەی ئافرەت کە بتوانن وەک بەرایەکانی دیکەی ژیان لەبواری هونەر کار بکەن؟

بەڕای من لەئێستادا ئافرەت بواری بۆ ڕەخساوە ئەگەر بیەوێت کاری هونەری بکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش داب ونەریت زاڵە بەسەر هەندێکمانەوە ڕەنگە وابکات ئافرەت کەمتر دەرکەوێت..لەگەڵ ئەوەشدا زۆرئافرەتی بەتوانامان هەیە لە ئێستادا.

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت؟

وەکو بەرهەمی خۆم تەنها دوو بەرهەمم هەیە یەکێکیان سرودێکی نیشتیمانیە وکلیپی بۆ کراوە لەگەڵ وتنەوەی زۆرێک لەبەرهەمی هونەرمەندانی تر..

توانا و بەهرەی ئافرەتە دەنگبێژەکان چۆن دەبینی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوتر؟

خۆشحاڵم بە بوونی زۆر ئافرەتی بەتوانا و هونەرمەند لە هونەری گۆرانی بەتایبەتی لە شاری کۆیە کە بەمانای وشە کەخزمەتێکی باشی هونەری کوردی دەکەن..

گرووپێکی دیاریکراو هەیە تۆ کاری لەگەڵ بکەیت و بەرهەمی لەگەڵدا بڵاو بکەیتەوە؟

من ماوەی چوار ساڵە لەسەنتەری میوزیکی ئازاد هەورامیم و بەخۆشحاڵیەوە ئەو سەنتەرە بوە هۆی دەرکەوتنم وە من هەمیشە سوپاسگوزاری مامۆستا وخەمخۆری گەنجانی شاری کەرکوکم هونەرمەند ڕزگار حمە ڕەئوف مامۆستایەکی خەمخۆر ودڵسۆز بۆهونەر وشارەکەمان بەتایبەت..لەو سەنتەرەش گرووپێکمان هەیە و لەئێستا کارێکی نوێمان کردوە لەماوەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

وەکو بەهەرەمەندێکی لاو چی بۆ پێشمەرگەو شەهیدان دەکەیت و،چیان پێی دەڵێیت؟

ئێمە لەڕوە هونەرییەکەوە ئەوەی پێمان بکرێت بتوانین خزمەتی پارێزەرانی وڵات بکەین ئەگەر بە سرودێکیش بێت کەمە ،وە من یەکەم کارێشم هەر بۆ گەورەیی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان وکوردستان بوە..ئەو سرودەش شتێکی بچووکە بەرامبەر بەگەورەیی ئەو قارەمانانەی وڵات ئەپارێزن..

تاچەند لات ئاساییە گۆرانی بەبڵاوی پیاوداببڵێیت، چۆن پیاوان بەبڵاوی ئافرەتدا هەڵدەڵێن؟

ژن وپیاو تەواوکەری یەکترن بۆیە زۆرئاساییە ئەگەر بە بڵاویاندا هەڵبەین.

خەونت چیە وەکو کچە دەنگبێژێک؟

سەرکەوتن لەکارە هونەرییەکانم وخزمەت کردن بە هونەری کوردی خەونێکی منداڵی منە وە ئومێدەوارم وەک هەر میللەتێکی تر وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازادمان هەبێت..

ئەرکی گەشتوگوزار لەم وەرزە چییە؟



نادر ڕوستی

جۆرەکانی گەشتیاری هێندە زۆرن دەکرێت لە هەر وەرزێکدا گرنگی بە چەند جۆرێک بدرێت و گەشتیار بەردەوام لە وڵاتدا هەبێت، بەو پێیەی هەر وەرزە و تایبەتمەندی خۆی بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری هەیە، لە زستان و پایز دەرفەتێکی زۆر لەبارە بۆ ئەم چالاکیانەی لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین:

١. پەرەپێدانی هۆشیاری گەشتیاری لەسەر ئەم بابەتانە (شوێنەوار، موزەخانە، چالاکی کولتوری، جۆرەکانی گەشتیاری بە گشتی). لە ڕێگەی سمینار و ڕاپۆرتی کەنالەکان و چالاکی دیکە.

٢. هاندانی قوتابخانەکان بۆ سازدانی گەشتی قوتابیان بۆ موزەخانەکان و ئاشنا کردنیان بە میژوو و بە شارستانیەت و بە چۆنیەتی پاراستنی شوێنەوارەکان.

٣. کردنەوەی پێشانگەی کولتووری و شوێنەواری و ئاشناکردنی هاوڵاتی و قوتابیان بە دەوڵەمەندی کولتور و شێوازی پاراستنی.

٤. سازدانی چالاکی گەشتیاری زستانە، (یاری ناوبەفر، خلیسکانێ، یاری و پێشبڕکێی سیارە لە ناو بەفر، گەشتی شاخەوان، یاری کوردەواری).

4- سازدانی فستیڤاڵی بازارکرد ن و داشکاندن لە سەنتەری شارەکان.

5- سازکردنی پیشانگە و وۆرکشۆپی جۆراوجۆر.

6- سازدانی سمینار و کۆر و کۆبونەوە بۆ قوتابیان لە زانکۆ و ئامادەیی و فەرمانگە و ریکخراوەکان بە ئامانجی پەرەپێدانی هۆشیاری گەشتیاری و ژینگە پاریزی.



ڕەسوڵ سالح:

گوتنی سوپاس، تەنیا چەند چرکەیەکی کەمی پێویستە، بەڵام کاریگەری زۆری لەسەر بەرامبەرەکەت بەجێدەهێڵێت. با هەموو کاتێک ئەم وشەیەت لەسەر زمانت بێت و دەروروبەر و منداڵەکانیشت فێر بکە، ئەم وشەیە زۆر بەکار بهێنن، هەر کەسێک چاکەیەکی بەرامبەرت کرد و یا خزمەتگوزارییەکی پێشکەشت کرد، بەم وشەیە دڵی خۆش بکە و پیشانی بدە کە تۆ شایانی ئەم باشەیە بووی و هەست بەم چاکەیەش دەکەی. و کاریگەری دەبێت لەسەر بەردەوامبوونی هاوڕێیەتی و چاکەکردن. و لەبەرامبەر ئەگەر سوپاسیان کردی، بە بزەیەکەوە، بڵێ: شایانی نییە.